جۆن پیك

مارتین كویل



منتدى إقرأ الثقافي

# رەخنەی پراكتیكی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرگێڕانی

د. ئەبوبەكر خۆشناو

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

جۆن پیك
مارتین كویل

# رەخنەی پراكتیكی

وەرگێڕانی
د. ئەبوبەكر خۆشناو

چاپی یەكەم
كوردستان/ هەولێر ٢٠١٠

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٨٥ )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب
ئیسماعیل کوردە، ڕێبین ڕەسوڵ

ناوی کتێب: ڕەخنەی پراکتیکی
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
ناوی نووسەر: جۆن پیک، مارتین کویل
وەرگێڕانی: د. ئەبوبەکر خۆشناو
تایپ: هێمن مەلا ڕەسوڵ
نەخشەسازی: نما
بەرگ: ئارام عەلی
چاپخانە: شەهاب
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپی یەکەمی: کوردستان/ هەولێر ٢٠١٠

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

ناوی کتێبەکە بەفارسی:

روش مطالعه أدبيات

ونقد نويسى

اثر: جان پيك و مارتين كويل

ترجمه: د. سرور السادات جواهريان

انتشارات مرواريد/ ١٣٨٢ تهران

## ناوەرۆك


پێشەكی ........................... ٥
١- رەخنەی پراكتیكی چییە؟ ................ ٦
٢- دەركی شیعری ....................... ٢١
٣- دەركی شیعری: چەند نمونەیەك .......... ٣٨
٤- رێكخستنی گوتاری شیكردنەوە............ ٤٥
٥- لێكۆڵینەوەی بەشێك
لە وردەكارییەكانی شیعر ................. ٤٨
٦- چەند پرسیارێك ...................... ٥٠
٧- نووسینی گوتاری رەخنەی
پراكتیكیی شیعر ......................... ٦٢
٨- روانینێك بۆ شێوە نوێ‌و هاوچەرخەكانی
رەخنەی ئەدەبی ......................... ٧٨

# پێشەکی

کەسێك کەبەمەبەستی ئامادە بوون لەتاقیکردنەوەدا یان بۆ خۆشی دەخوێنێتەوە، لەهەر دوو بار رووبەرووی گرفتێکی بنچینەیی دەبێتەوە. دەق چۆن دەرك دەکرێ‌و ئەم بارەیەوە دەبێ چی بکەین؟ هەرودك خوێندکارنی ئەدەب دەزانن، لەوانەیە یەکێك چەند جارێك کتێبێك بخوێنێتەوە، بەلاّم هەست بەسەر لێشێوان بکاو نەزانێ لەم بارەیەوە چی بڵێ‌و چۆن بڵێ. یەکێك لەرێگا گونجاوەکان ئەمەیە کەدیدی کەسێکی تر بزانێ. ئەگەر بتوانی لەبارەی تەواوی ئەو کتێبانەی بۆ خوێندنەوە هەڵیان دەبژێری، یان لەزانکۆدا وەك وانە دەیانخوێنی، روانگەی شیکاریی خۆت بدرکێنی، دەگەیتە ئەنجامێکی باشتر.

ئامانجی ئەم کتێبە ئەمەیە پسپۆریی بیرکردنەوەی رەخنەیی‌و لێکدانەوەی کتێب لەلای خوێنەران زیاتر بکاو رێگای پراکتیکی بۆ خوێندنەوەو دەرك‌و شیکردنەوەی ئەدەبی نیشان بدا. نووسەرانی ئەم کتێبە، هەوڵیان داوە دیدێکی فراوانتر لەبارەی دەقەکان‌و بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ئەدەب پێشکەشی ئێوە بکەن، تا خوێندکاران بتوانن خۆیان لەدەقێك بکۆڵنەوەو دیدو بۆچوونی خۆیان بۆ شیکردنەوەی دەق بەکاربهێنن. لەبەرئەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی کتێبەکانی رەخنەی ئەدەبی کە بۆچوونی خەڵکانی تر لەبارەی دەقێك بەسەر خوێنەران دا دەسەپێنن، نووسەرانی ئەم کتێبە هەوڵیانداوە خوێندکاران فێر بکەن چۆن خۆیان لەدەقێك رابمێنن‌و خەریکی پێگەیشتن‌و شیکردنەوەی ئەدەب بن‌و لەکۆتاییدا بتوانن رەخنە لەبارەی کتێب‌و دەقی ئەدەب بنوسن.

جۆن پیك / مارتین کویل

# بەشی یەکەم

## رەخنەی پراکتیکی چییە؟

خوێندکارانی ئەدەب ناچارن ڕێ‌و شوێن‌و پرانسیپەکانی نووسینی گوتاری شیکردنەوەی ئەدەبی‌و پێشکەش کردنی ( رەخنەی پراکتیکی) فێربن. لەراهێنانی رەخنەی پراکتیکیدا، شیعرێك یان بەشێك لەدەقێکی چیرۆك، یان بەشێك لەشانۆنامەیەك دەدرێتە خوێندکار کە تا ئەو کاتە نەیدیوە، داوای لێ دەکەن لەبارەی بابەتەکە، رەخنەیەکی شیکردنەوە بنوسێ. لەم کارەدا، بەشێوەیەکی ئاسایی ناوی نووسەر یان شاعیر بەخوێندکار ناگوترێ‌و ئەوەش دەست نیشان ناکەن کە خوێندکار دەبێ لەچ خاڵێکی دەقەکە بکۆڵێتەوە. لەبەرهەندێ، دەکرێ ئەوە هەلێنجرێ کە شیکردنەوەی وردی دەقێك بەبێ سرنج دان لەخاڵە لاوەکییەکان، بنەمای سەرەکی رەخنەی ئەدەبییە.

## ئایا رەخنەی پراکتیکی ناوی دیکەشی هەیە؟

ئەو زاراوەیەی کەزیاتر ئەمەموویان لەبارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکار دەهێنرێ، ( رەخنەی پراکتیکی) پێ دەگوترێ. ئەم زاراوەیە بەتەنیایی ناتوانێ وەسفێکی وردی چالاکی کارەکە بەدەستەوە بدا. هەرچەند بەلگەیەکی مێژوویی پشتگیری بەکارهاتنی زاراوەی ( رەخنەی پراکتیکی) دەکەن، ( وەلامی پرسیاری دواتریشتان لەبەر چاوبێ)و زۆربەی خەلکی وەك رابردوو ئەم زاراوەیە بۆ بابەتی ئەدەبی بەکاردەهێنن، ئەم زاراوەیە، دەکرێ فریودەریش بێ، چونکە، وادێتە بەرچاو کە چالاکی تری وەك ( رەخنەی ناپراکتیکی)یش هەبێ. لەئەنجامدا، ناوی وەك ) شیکردنەوە، شیکردنەوە شیعر، شیکردنەوەی ورد، لێکۆلینەوەی ورد) یان تەنیا (ئەرکی رەخنە)ش بەفراوانی بەکار دەهێنرێ. بەتایبەتی کاتێ باسی فێربوون و راهێنان و تاقیکردنەوە دێتەگۆرێ، دەربرینی وابەمەبەستی وەسفی وردی ماهیەتی ئەم راهێنانانە، بەکاردەهێنرێن.

## کێ رەخنەی پراکتیکی داهێناوە؟

لە سەدەی هەژدەدا، ئەدەبی ئینگلیزی وەك وانەیەکی زانکۆیی بۆیەکەمین جار لەزانکۆی ئەدینبۆرگ (Edinburgh) پێشکەش کرا. پاشان، ئەم وانەیە لەکۆلێژە رەسمییەکانی (لەندەن)یش خرانە ناو لیستی دەرسەکانەوە، لەوانە (یونیڤێرستی کولیج university college) لەسالی ١٨٢٨و (کینگز کۆلیج) king's college لەسالی ١٨٣١ وانەوی ئەدەبی ئینگلیزییان پێشکەش کرد. لە ئەمەریکا، یەکەمین وانەی ئەدەب لەسالی ١٨٠٦ لەزانکۆی هارڤارد Harvard لەلایەن مامۆستایەك کەپسپۆری جوانناسی و هونەری بێژان بوو، دەگوترایەوە. لەسەدەی نۆزدەدا، ئەدەبی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فراوانتر لەتەواوی دنیا، کەوتە ناو لیستی وانەکانی زانکۆوە. لەگەل ئەوەش دا، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە، لەسالی ١٨٩٤ یەکێك لە خوێندنگا بەمتمانەکانی بەریتانیا لەزانکۆی ئۆکسفۆرد Oxford دامەزرا. ولەسالی ١٩١٢، بەشی

ئەدەبی ئینگلیزی ئیدواردی هەشتەم لەزانکۆی Cambridge دەستی پێکرد.
هەر وەك ئاشکرایە، خوێندنی ئەدەب لەسەدەی نۆزدە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ دەخوێنرێ، بەتەواوی جودایە، ئەودەم، شێوازی سەرەکی دەرسی ئەدەب پشتی بە مێژووی ئەدەبو زمانناسی دەبەستو کەمتر ئەرەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدوا. لەبەر هەندێش، لە دەیەی ١٩٢٠ دا، بەتایبەتی لەزانکۆی(کامبرج)، بزووتنەوە گەلێکی بنچیینەیی بۆ گۆڕینی ئەدەبی ئینگلیزی بۆ بابەتێکی دەرسی، بەشێوازی تایبەتی خۆی، سەری هەڵدا کە ناوەندە سەرەکییەکەی تەئکید کردن بوو لە دەق. لە سەردەمی ئێستادا، ئەم جۆرە کارکردنە راستەوخۆیە ئەوەندە لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی جێگیربووە، بەزەحمەت دەتوانرێ باوەڕ بکرێ کە رەگە مێژووییەکەی بۆ دەیەی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە.
سیمای سەرەکی کە لە بنیاتنانو بەرەوپێش بردنی ئەم شێوازە نوێیە لەرەخنەی ئەدەبیدا، بەشدار بوو، ئای.ئی. ریچاردزI.E. Richards بوو. ریچاردز١٨٩٣-١٩٧٩ وەك مامۆستایەکی زانکۆی (کامبریج) دوو کتێبی لەم بارەیەوە نووسی. یەکێك بەناوی (پرەنسیپەکانی رەخنەی ئەدەبی)١٩٢٤و ئەوی دیکەش بەناوی (رەخنەی پراکتیکی)١٩٢٩. لە کتێبی رەخنەی پراکتیکی دا، (ریچاردز) لە ئەنجامی وەڵامی نووسراوی خوێندکاران، بۆ چەند شیعرێك کە بۆ یەکەمین جار پێیان دەدرا، کۆڵییەوە. بایەخی ئەم وەڵامانە بەهیچ شێوەیەك مایەی رەزامەندی نەبوو. لە زۆربەی بابەتەکان دا، وەڵامەکان زۆر ساکار دەهاتنە بەرچاو. ئەمە وای لە (ریچاردز) کرد پەی بە نەبوونی پرانسیپی رەخنەی ئەدەبی ئەوێ رۆژێ ببا و شێوەیەك شیکردنەوەی وردی دەقە ئەدەبییەکان دابڕێژێ. تیۆرییەکانی (ریچاردز) لە بارەی شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەدەب کارێکی قووڵی کردە سەر رەخنەگرە ئینگلیزەکانی دوای خۆی، رەخنەگرانی وەك:(لویس)، (ئەمپسۆن)و ژمارەیەك رەخنەگری ئەمریکایی کە پاشان وەك رەخنەگری نوێ ناسران. تیۆری رەخنەی پراکتیکی کە زۆرتر لەسەر ناوەڕۆکی دەقو جوانکارییەکانی زمان دەوەستێو کەمتر لە حوکمی پێش وەخت لەبارەی نووسەر دەدوێ، زۆر زوو رێگای خۆی لەفێربوونی ئەدەبی ئینگلیزی بە تەواوی پلەکانییەوە، کردەوە.

# ئایا ریچاردز یەکەمین رەخنەگر بوو دەقی کردە تەوەری رەخنە؟

هەر وەك لە بەشەکانی دواتردا باسی دەکەین، رەخنەی پراکتیکی زۆرتر لە لێکۆڵینەوەی تاك دەدوێو تەنکید لە تەوەری پەیوەندی تاك لەگەڵ دەق دەکا، لە بارێکدا رێسای تیوری شیکردنەوەو لێکدانەوە بە شێوەیەکی ئاسایی بە شێوازێکی ناراستەوخۆ دەگوترێتەوە، بەواتایەکی تر، رەخنەگر لەباتی ئەوەی لە زنجیرەی تیوری لە بارەی دەقی رەخنە دەست پێ بکا، یەکسەر لە دەقەکە خۆی دەدوێ. ئەم ئاقارە لە کۆتایی دەیەی ۱۹۲۰ وەك یەکێك رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، جێگیر بوو. بەڵام راستی ئەمەیە ردخنە لە بەریتانیا رەگو ریشەیەکی مێژوویی هەیە. لەم بارەیەوە، دەبێ ئاماژە بۆ گوتارە ئەدەبییەکانی(درایدن) Dryden وکتێبەکەی (دوکتۆر جۆنسۆن) بەناوی ژیانی شاعیرانی ئینگلیز ۱۷۷۹-۱۹۸۱ بکرێ. هەوەها، دەبێ گوتارەکانی کەمبریج لە بارەی شکسپیرو نووسینەکانی لەبارەی شیعرەکانی (وردزرۆس) لە کتێبی (ژیاننامەی ئەدیبان) ۱۸۱۷و کتێبی چەند گوتارێکی رەخنەیی نووسینی(ماتیو ئارنۆلد) Mathew Arnold یش، وەبیر بهێنیتەوە. ئەم گوتارانە لە ساڵانی دوای ۱۸٦٥دا نووسراون. بەڵام لە دەیەی ۱۹۳۰ دیاردەیەکی تازە پەیدا بوو. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی زێدەرۆ لە کاری رەخنەگرانی نوێ دا، دەرکەوت. ئەوان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب دا، گوتەی مێژوو، ئاکارو هەرچییەکی لە دەرەوەی ئەدەب بوو، جودا کردەوە. ئەم رەخنەگرانە زۆرتر سرنجیان دایە ناوەرۆکی دەقو جگە لە وشە نووسراوەکانی ناوکتێب، هەموو شتێکیان فەرامۆشکرد. ئەم بیرە بە شێوەیەکی روونو ئاشکرا لە کتێبی رەخنەی نوێ ۱۹٤۱ ی (جۆن کروونسام)لێ کۆڵراوەتەوە. لەوکاتەوە، شێوازی رەخنەگرانی نوێ باڵی بەسەر رەخنەی ئەدەبی دا کێشاو تاسەرەتای دەیەی ۱۹٦۰ لەسەرانسەری بەریتانیاو ئەفریقیادا رەواجی هەبوو.

## بۆچی دەبێ لەتاقیکردنەوەی وانەی ئەدەبدا، رەخنەی پراکتیکی بکەی؟

ئەگەر داوات لێ بکەن لەتاقیکردنەوە دابنیشی‌و روانگەی خۆت لەسەر شیعرێك یان نووسینێك بنووسی، لەوانەیە بەلاتەوە کارێکی ناخۆش بێ، چونکە دەبێ هەر لەو دەمەدا، بیری خۆت بنووسی. هەڵبەت لەبارەی وانەی دیکە، کاتێکی زۆرتر بۆ خوێندنەوەی دەق‌و بیرکردنەوەو خۆئامادەکردن هەیە. بەلاّم، لەمەڕ رەخنەی پراکتیك، لەگەڵ پەشۆکانێکی توندی تاقیکردنەوە دەبێ دەست بەجێ بیری خۆت پوخت بکەیتەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی ئەم کتێبەی بەردەستت، لەوانەیە، هەستێکی وات لەلا دروست بێ کەرەخنەی ئەدەبی کارێکی زەحمەتە. چونکە ریچاردز پێش ٧٥ ساڵ ئەم مشتومەڕە ئەدەبییەی لەگەڵ ئەدیبان لای خۆی خستۆتە روو. لەوانەشە، وابیربکەیتەوەو بڵێی تاقیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکی دیاردەیەکی تەقریبەن نادادپەروەرانەیە. بەهۆی ئەوەی لەتاقیکردنەوەدا، لەگەڵ شیعرێکدا دەمێنییەوە کەوادێتە بەرچاو تۆ هەڵدەسەنگێنرێی. لەهەر بابەتێکی وانەیەکی تردا، دەتوانی بەهەوڵێکی زۆرتر ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنی، بەلاّم لەرەخنەی پراکتیکیدا وادەردەکەوێ ئەوە تۆی تاقی دەکرێیەوە، نەك هەوڵێك کەلەکاتی لێکۆڵینەوەدا کردووتە.

ئامانجی ئێمە لەم کتێبەدا، ئەمەیە ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی خوێندکاران بگۆڕین. لەسەردەمی رابردوودا، رەخنەی پراکتیکی بەئامرازێك دادەنرا بۆ لەمەحەك دانی ( هەستی) ناوەوی خوێندکار لەبواری ئەدەبدا. بەلاّم ئەمڕۆ، بارودۆخ بەم شێوەیە نییە. بەڵگەی بنچینەیی ئەم گۆڕانە، بوونی گۆڕانە لەشێوازی بیرکردنەوەی رەخنەگرانی دوای دەیەی (١٩٦٠). دوا ئەوە تەئکیدێکی زۆرتر لەلایەنە تیۆرییەکانی ئەدەب‌و رەخنەی ئەدەبی دەکرێ. بیری وەلاّمدانەوەی بە مەبەست بەدەقی ئەدەبی‌و بیرکردنەوەیەك کەداوا لەخوێندکار دەکات راستەوخۆ بەشێوەیەکی (ئاشکرا) کار لەدەق بکاو لەوەلاّمی تاقیکردنەوەدا بینووسێ،

بەتەواوی باوی نەماوە. ئێستا ئەوەی لە خوێنەرکار داوا دەکرێ، ناسینی دەقە. واتە ئەو دەبێ لە زنجیرەیەک گریمانەو ڕێسای ئاڵۆزی ڕەخنەی ئەدەبی لەبارەی دەقەوە بکۆڵێتەوە، ئەو دەم حوکم بدا، هەتا ئەگەر هەر ئەو دەمە دەقەکەی بینیبێ. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم شێوازی ڕەخنەیە، ئەوە بوو ڕەخنەی پراکتیکی ئیدی وەك خاڵی کۆتایی ناژمێردرێ، بەڵکو، خاڵی دەستپێکی ڕەخنەی ئەدەبییە. لەدیدی ڕەخنەگرانی نوێ دا (سەرەتای سەدەی بیستەم)، تەواوی چالاکی ڕەخنەی ئەدەبی کاردانەوە بوو بەشێوەی لایەنداری دەقو هەر بەم بەڵگەیە هەمیشە لەناوەندی تەوەری گشتیدا بوو. ئەگەر بە دیدێکی واقیعی بڕوانینە ئەم گوتەیە، ئەمڕۆ ڕەخنەی پراکتیکی ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنێکی باشتری دەقو ئەگەر وابێ، زەمینەیەکە کە دەتوانرێ پێگەکانی مشتو مڕی ڕەخنەگرانەی لە سەر پتەو بکرێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم جۆرە دیدانە، دەبێ بگوترێ ڕەخنەی پراکتیکی کارێکە هەر ڕۆژەی سیمایەکی نوێ بەخۆوە دەگرێو لەسەر پێگەی بزوتنەوە بنچینەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا وەستاوە. ئەمە، هەر ئەو گوتەیەیە کە لەم کتێبەدا، سرنجێکی تایبەتی دراوەتێ. ئێمە دەمانەوێ بڵێین ڕەخنەی پراکتیکی چالاکییەکی ئاڵۆز نییە، بەڵکو کارێکە کەوتۆتە ناوەندی تەواوی ڕەخنە باشەکانەوە.

## خوێندکاران بۆچی لە ڕەخنەی پراکتیکی دەترسن؟

لەوانەیە ترس وشەیەکی گونجاونەبێ، بەڵام زۆربەی خوێندکاران لە کاتی تاقیکردنەوەی ڕەخنەی پراکتیکیدا هەست دەکەن تووڕەن. ئەم مەسەلەیە بەتەواوی دەرك دەکرێ. لە واقیع دا خوێندکار لەو دیاردە نەناسراوەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، تۆقیوە. واتە مەسەلەیەك کە بەتەواوی گێژی دەکاو دەقێك کە ناتوانێ لەبارەیەوە بدوێ. ئامانجی ئەم کتێبە نەهێشتنی ئەو ترسەیە لەلای خوێندکاران. واتە دەمانەوێ بە خوێندکاری بسەلمێنین دەتوانرێ بە تەماشایەکی شیعر ئەو هەستە پەیدا بکرێ کە ناسینی شیعرو حوکم دان لەو بارەیەوە، کارێکە دەکرێ. شیکردنەوەی دەق، چالاکییەکی گونجاوو سیستماتیکەو وەك هەر کارێکی دیکەی سستماتیك یاساو قۆناغی جۆراو جۆری هەیە. دوا ئامانجمان وەسفکردنی ئەم

ڕێساو قۆناغەیە. لە سەرەتادا، ڕێنوێنیتان دەکەین وەك شتێکی گشتی لە شیعرێك و دەقێکی پەخشان بڕوانن. پاشان بە دروستکردنی هەر ئەو دەرکە سەرەتاییە، بتوانن بڵێن دەقی ئەدەبی یان شیعر لە چ بابەتێك دەدوێ. ڕێسا پێشنیارکراوەکانی ئێمە وەك ئەو یاسایانەی لە تاقیکردنەوەی ماتماتیك دا یارمەتیان دەدەن بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، سادەو ڕۆشنن. لە واقیع دا، هەموو هەوڵی ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو خاڵەیە کە ڕەخنەی پراکتیکی لە بنچینەدا کارێکی سادەیەو دوا ئەنجام کە وەڵامی تاقیکردنەوەی ئێوەیە، ئەوانەیە زۆر ئاڵۆزو کاریگەر بێ. هەڵبەت، هەموو شتێك لەو جوولە ڕاستەوخۆ سەرتاییانەوە بۆ دەرکی شیعر یان دەق، دەست پێ دەکا.

لە تاقیکردنەوەی ڕەخنەی پراکتیکی دا چ گوتارێك جێ سەرنجی ئەوانەیە کە پرسیار دادەڕێژن؟

لە هەر قۆناغێکی ئەم کتێبەدا، تەئکید لە سێ خاڵ دەکرێتەوە:

چۆن دەتوانرێ شیعرێك یان دەقێکی پەخشان وەك یەکە یەك دەرك بکرێ؟

چۆن دەتوانرێ ئەو تێگەیشتنە سەرەتایە بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی وردتری دەق، گەشەی پێ بدرێ؟

چۆن دەتوانرێ وەڵامەکە وەك گوتارێکی کاریگەر دابڕێژرێ؟

لە واقیعدا ناتوانرێ بایەخی شێوازی دروستی گوتارنووسین لەم بوارەدا پشت گوێ بخرێ. بەداخەوە، زۆر جار هەوڵی بە سودی خوێندکاران لەهەر زەمینەیەك دا، بەهۆی لاوازی شێوازی نووسینی گوتار نووسینیان، بێ بەر دەبێ. لەقۆناغەکانی بەرایی دا، زۆربەی خوێندکاران ناگایان ئەوە نییە کە دەبێ لە تاقیکردنەوەی ڕەخنەی پراکتیکی دا گوتارێك بنووسن. زۆر جار دەبینین وەڵامی تاقیکردنەوە، ئەکراوەتەچەند پەرەگرافێکی گونجاو و دیدو بۆچوونیان لەبارەی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی ڕێکخراو، ئەنجامێکی دیاریکراوی لێ ناکەوێتەوە. گوتاری باش ئەوەیە کەپێکهاتێکی گونجاوتری هەبێ گرنگ ئەوەیە لە پێکهاتی دروستی گوتاردا شارەزابین. هەڵەی باو لەڕەخنەی پراکتیکی دا ئەمەیە خوێندکاران لەچەند پەرەگرافێکیش دا باس لە ناوەڕۆکی شیعرە دەکەن و

لەکۆتاییدا پەرەگرافێکی باس لە چۆنیەتی نووسینی شیعر دەکا. بەداخەوە، زۆربەی خوێندکاران هەر بەو شێوەیە فێرکراون. دەبێ بگوترێ ئەمە. شێوازێکی باش و دروست نییە. زۆرجار، ئەوانەی نمرە بۆ دەفتەری تاقی کردنەوەکان دادەنێن هەست دەکەن خوێندکار تەنیا بەگوتنەوەی چیرۆکی شیعر یان دەقەکە بەشێوەیەکی فراوان، وازی هێناوە. شێوازێکی تر کە گرفت خوڵقێنەو دەبێتە هۆی ئاڵۆزی پێکهاتی گوتارەکە، ئەمەیە بۆ نموونە خوێندکار پەرەگرافێك بۆ وەسفی وێنەی زەینی و، پەرەگرافێك بۆ فۆرمی شیعرەکەو شتی لەم جۆرە تەرخان دەکا. گرفتی ئەم شێوازە ئەوەیە ئەگەرچی لەهەندێ باردا کاریگەر بووە، بەلاّم وا دێتە بەرچاو کە خوێندکار دەچێتە ناو گێژاوێکەوەو ئەم بیرە دەخوڵقێنێ کە گوتارەکەی راپۆرتێکی زانستییە، نەك لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە.

بە پێچەوانە ئەوشێوازانەی باسکران، دەبێ گوتارێك بنووسرێ سادەو روون بێ و ئەو بوارەتان پێ بدا کەبەشێوەیەکی ئاسایی لەپەرەگرافێکەوە بچێتە پەرەگرافێکی ترو گوتارێکی بێ گرێ و گوڵ بنووسن. هەروەك، بۆ پێشەوە دەچین لەبارەی ئەم مەسەلانە وردتر دەدوێین. خاڵێك کەلێرەدا بەپێویست دێتە بەرچاو، ئەمەیە گوتارەکەتان لەبواری رەخنەی پراکتیکی دەبێ ببێتە گرێمانەیەك بۆ گوتار نووسین لەبوارەکانی تریشدا. چونکە رەخنەی پراکتیکی وەکو نچینەی گوتاری تر بەکاردەهێنرێ، لێکۆڵینەوەی بەرهەمی تری نووسەران، یان شیعری تری ئەو شاعیرە، دەبێتە هۆی پێشکەتنێکی فراوانتری ئێوە لەبواری رەخنەی پراکتیکیدا.

## چۆن خۆ بۆ تاقیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکی ئامادە دەکرێ؟

شتێکی ئاشکرایە باشترین رێگای خوڵقاندنی ئامادەیی بۆ هەر کارێك، راهێنانە. هەرچەندە زۆرتر لەبواری شیعرو پەخشاندا گوتار بنووسن، کارەکەتان باشتر دەبێ. لەراستیدا، وەك فێربوونی شۆفێری، دەبێ راهێنانەکە لەژێر سەرپەرشتی راهێنەر دابێ. ئامانجمان ئەمەیە هەر ئەم خاڵە چەندجارێك بڵێینەوەو بڵێین دەبێ لەبارەی پرۆسەی رەخنەی پراکتیکی زۆر باش بیر بکەیتەوەو، ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە (تۆ)و ئەو شیعرەوە نییە کە لێی دەکۆڵییەوە، تەنانەت

پەیوەندی بەکاردانەوەی ناوەوەشتانەوە نییە. بەپێچەوانەوە، چەند قۆناغێکی جیاواز هەن بوارتان پێ دەدەن بەهەستێکی تایبەتی شیعر بگەنو گوتارێکی باشی لەسەر بنوسن. ڕاهێنان یارمەتیتان دەدا، ئەم هەستە لەمەڕ شیعر یان پەخشان (خێراتر) بخولقێ.

## پێویستیی خولقانی پشت بەخۆبەستن

وەك هەر زەمینەیەکی ژیان، متمانە بە توانای تاکەکەس بۆ گەیشتن بەئامانج، گرنگترین هەنگاوە لەرێی بەراستی بەدەستهێنانی دا. هەرگیز بەو بیرە بەتاقیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکیدا بەشداری نەکەی: (ئەگەر نەتوانم لەشیعرە بگەم، چ دەبێ؟) هەمیشە بەخۆت بڵێ (دەتوانم لەمانای شیعرەکە بگەمو دەتوانم گوتارێکی باشی لەبارەوە بنوسم). زەمینەیەکی باش بۆ خولقانی متمانە بەخۆکردن هەیە. هەموومان، زۆر لەوەی گریانە دەکەین لەبارەی ئەدەبەوە دەیزانین. هەموومان، ئەگەر کتێبێکی زۆریشمان نەخوێندبێتەوە، گەلێ جار شیعرمان بینیووەو گوێمان لەو قسانە بووە کەلەبارەی شیعرەوە دەکرێن، مەسەلەکە ئەمەیە ناگامان لە زانینی خۆمان نییە. ئەم کتێبە چەند خاڵێکی گرنگی لەبارەی زانیاریی گشتی ئەدەبی پێشکەش دەکا. بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی لەشیعردا هەنو هەموو خەڵکی دەیزانن. فێرتان دەکەین چۆنو بە چ جۆرێك ئەم زانیارییانە لە گوتارەکەتاندا بەکار بهێنن. لەزەمینەی شیعردا، ئەم ڕێنوێنییانە بەمانای (کردنەوەی ئەفسانە)ی شیعرە. هەندێ خەڵکی، هێشتاش وا بیردەکەنەوە کە شیعر دەتوانێ بەگواستنەوەی مانای شاردراوە، بابەتی تازە روونتر دەربڕێو گوتنی مانای شاردراوە تایبەتمەندی شیعرە، کاری رەخنەگر ئەوەیە لەمانا ناڕاستەخۆکانی شیعرەکە بگا.

ئەم ڕوانگە نادروستە، حوکمی مەنتیقی نیمە لەمەڕ مەسەلەکانی ناو شیعر لەناو دەبا. بەخۆتان بڵێن: هیچ خاڵێکی نامۆو هیچ مانایەکی شاردراوەو ئیبهام لەم شیعرەدا نییە. هەڵبەت، زانیارییە گشتیەکانتانو چەند ڕێنوێنیکی مەنتیقی دەتوانێ بۆچوونێکتان لەمەڕ شیعرەکە بداتێو گشت بابەتەکانی تر، بەدوای ئەم بیرە دێن.

## لە چ جۆرە شیعرێك دەكۆڵنەوە؟

شیعر لەشێوەو فۆرمی جۆراو جۆر دەنووسرێ. شێوەی دروستی رەخنەی پراكتیكی یارمەتییان دەدا لەهەموو جۆرە شیعرێك بگەنو لیێ بكۆڵنەوە. شیعری درێژیش گرفتێكی وای نییە بۆ لێكۆڵینەوەی، بەلاّم لەراستیدا ئەپرسیاری تاقیكرنەوەدا شیعر بەزۆری لیریكو كورتە. هەڵبەت، لەچواردە دێر كەمتر نییەو شێوەكەی سونێتە یان لیریكە.

شیعری پرسیاری تاقیكردنەوە لەپەنجا دێر تێپەڕناكا. زۆربەی كات، مامۆستا جۆرێكی تایبەتی شیعری لیریكی هەڵدەبژێرێ، كەبەزۆری بەپێی رووداو یان ئەزموونێكی ژیانی شاعیر نووسرابێ، یان لە سەردیاردەیەك كە شاعیر خۆی بینیبێتی. زۆرجار خوێنەر دەتوانێ واتای شیعر بەسادەیی تێبگا. بەلاّم ناتوانێ بەسادەیی لەبارەیەوە بدوێ. زۆر روونە كەبەشێك لە ئامانجی ئەم كتێبە ئەمەیە فێرتان بكا لەم شیعرانەدا بەدوای چی بگەڕێنو چ خاڵێك لە وەلاّمەكەتان دا باس بكەن. ئەو شیعرانەی كەئیلهام لەشتە وردەكانی ژیانی شاعیر وەردەگرن، شیعرێكن خوێنەر بەلێكۆڵینەوەیان تێدەگا رووداوێكی گرنگ روویداوە. بەلاّم ناتوانێ لەكاریگەریو پەیامی شیعرەكە بگا. شیعری لەم جۆرە پەیامێكی قوڵیان تێدایە. پەیامێكی وەك ئەشقو مەرگ. بەلاّم ناتوانرێ بەروونی وەدەربخرێ كە پەیامی شیعر لەبارەی ئەشقو مەرگ چییە. شیعری دیكەش هەیە سەرەتا خوێنەر گێژ دەكا بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە زۆربەمان شیعر بەپێی ریتمێكی تایبەتی ناخوێنینەوە. شیعری سەدەی حەڤدەهەم یان پێشتر، لێڵییەكی وامان لەزەیندا دەخوڵقێنن. لەم جۆرە شیعرانەدا، لەوانەیە زمانی كۆنی شیعرەكە، تەگەرەیەكی بەردەمی تێگەیشتنی شیعر بێ. لەسەرەتای توێژینەوە لەم شیعرانە دەبێ لەتەگەرەی پێكهاتی رووكەشە دژوارەكەی شیعر رەت بین. ئەم كتێبە، چەند رێنوێنییەك بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم گرفتانە پێشكەش دەكا. لەكۆتاییدا دەگەینە ئەو شیعرانەی مانایان بەراستی زەحمەتەو خوێنەر توشی ژانەسەر دەكەن. بەهەر

حاڵ، دەبێ ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن لەشیعری نائاسایی و دژواریش پەیدا بکرێ.
زۆربەی شیعر دەکەونە ئەم چوارخانەیەی خوارەوە:

شیعرێك بەپێی بینین یان ڕوداوێکی ژیانی شاعیر نووسراوە.
شیعرێك بەپێی بابەتی گشتی وەك ئەشق و مەرگ نووسراوە.
شیعرێك کەشێوازێکی دژواری هەیە.
شیعرێك کەلە رووی ناوەرۆکەوە، ئاڵۆزە.

## دەرکی شیعر

لەرەخنەی پراکتیکی دا دەبێ لەخوێندنەوەیەکی وردی شیعر یان دەقێکی پەخشانەوە دەست پێ بکەن. لەوانەیە ناچار بین چەند جارێك بخوێنینەوە. لەباشترین باردا، لەکاتی خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەدا لەسەرخۆ لەشیعرە دەگەین. ئەگەرچی ئەم کارە کاتێکی زۆری دەوێ، ئێمە دەمانەوێ ڕێگایەکی کورت ترو گونجاوترتان بۆ پێشنیار بکەین. لەسەرەتادا، بەمەبەستی دۆزینەوەی ناکۆکی یان دژایەتییەك دەست بەخوێندنەوەی شیعرەکە بکەن، لەوانەیە هەر لەگەڵ خوێندنەوەی چەند دێرێکدا ناکۆکییەکە دەرکەوێ. هەڵبەت لەم پێشەکیەدا مەبەستمان نییە، ئەم شێوە خوێندنەوەیە بەتەواوی روون بکەینەوە. لێرەدا، تەنیا بەنمونەیەك وازدەهێنین. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵە شیعرێکمان هەڵبژاردووەو هەر لەخۆڕا لاپەڕەیەکمان کردۆتەوەو یەکسەر ئەم شیعرەمان بینی کەبەم جۆرە دەست پێ دەکا.

**بەدرێژایی ڕێگا، نێوان ماڵ تا خەستەخانە**
**چرای سەوز هەر لە گەڵای ئەعنا دەچوون.**
**چەند درەختێک لەئاسنی رەش لەبەرانبەرم**
**گەڵایان دابوو.**
**بەشێوەیەک دەتگوت ئەو شازادە بەختیارەم**
**کە لەلێرێکی پاراودا، بەفیکەی خۆم**

**بانگی هاوین دەکەم‌و**
**بەئاماژەی سەر، زستان بۆ دواوە پاڵ دەنێم.**

ئەم بەشە سەرەتای شیعرێکە بەناوی (درەختی بادام)، شیعری (جۆن ستانورتی). لەم قۆناغەدا هێشتا زانیارییەکی رونمان دەست نەکەتووە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ، دەست نیشان کردنی دژایەتییەك یان ناکۆکی یەکە لەشیعرەکەدا. ئاسانترین رێگا، دۆزینەوەی ناکۆکییە لەدێرەکانی سەرەتادا. ئێمە دەبێ بەدوای خاڵێکی ئیجابی‌و خاڵێکی سەلبی دابگەڕێین. یان سادەتر بڵێین، لەو دێرانەی لەسەرەتای شیعرەکە داهاتوون، جوانییەك لەبەرانبەر ناشیرینییەك دانێین.

بۆ نمونە: لەم شیعرەدا وشەی (خەستەخانە) لەدێری یەکەمدا، نیشانەی خاڵێکی نیگەتیڤە، چونکە نەخۆشی یان پێکدادان بیردەخاتەوە. بەلاّم دواتر، هەموو شتەکان پۆزەتیڤ خۆ دەنوێنن. بۆنمونە: هەموو چراکانی ترافیك سەوز دەبن‌و درختەکانی سەر رێگا تێکدەشکێنن‌و جێگا بۆ گەلاّی ئاسك چۆڵ دەکەن. دەتوانرێ ببینرێ کەشاعیر خۆی خستۆتە قالبی کەسایەتییەکی تایبەتی، وەك شازادەیەك خۆی نیشان دەدا. کەسێك ئەوەندە بەسەر شتەکاندا زاڵە، دەتوانێ بەفیکەیەك وەرزەکان بگۆڕێ. بەلاّم تەگەرەیەکی تر دەردەکەوێ. تەگەرەیەکی وەك (ئاسنی رەش) بەوێنەیەکی سەخت‌و تاریك، پێش ئەوەی درەختەکان بپشکون‌و گەلاّ بدەن. ئێمە جارێکی دیکە واتایەکی رەشی دیکەمان رووبەڕوو دەبێتەوە، واتای (زستان). ئەگەرچی زۆر زوو ئەم وێنەیە نامێنێ. بەپێی ئەم دیمەنانە، دەکرێ ئەوە هەڵێنجرێ کەشیعرەکە رونە‌و هەستی خۆشحاڵی بەسەردا زاڵە‌و واتە کۆنترۆڵ کردنی ژیان‌و ئەمەش دەکەوێتە بەرانبەر هەستی نیگەران بوون لەنەخۆشی‌و دژوارییەکانی ژیان. هەڵبەت، پێویست ناکا لەم پێشەکییەدا لەمە زۆرتر بڵێین: ئەم شیعرە شیعرێکی هاندەرە بۆ هەڵگرتنی ئەو بارەی خراوەتە سەرشانی بنەماڵەیەك، لەدەمێکدا هەموو شتێك لەژیانیاندا بەپێی ئارەزووەکانیان رێ دەکا. بەلاّم گوتنی ئەم خاڵەش پێویستە کەئامانجی ئێمە لەم کتێبەدا، ئەمەیە ئێوە رێنوێنی بکەین تابتوانن ناکۆکییەك لەشیعرەکەدا پەیدا

بکەن‌و تەنکیدی لیّ بکەن. ئیّمە لەم نموونەیەدا، لەم ئامانجە نزیك بووینەوە، چونکە ئیّوە یەکسەر دەزانن چوارچیّوەیەکتان بۆ بۆچوونی دواترتان دروست کردووە. ئەگەر بتوانن خویّندنەوە بەباشی دەست پیّ بکەن، دەتوانن بگەنە شیّوەیەك کە نووسینی رەخنەیەکی پراکتیکی بەشیّوەیەکی ئاسایی بەریّوە دەچیّ.

## ریّکخستنی وەلاّمی شیکاری

کاتیّ بۆچوونیّك لەسەر ناکۆکی ناوەوەی شیعر لەزەینتان دا پەیدابوو، بەکردەوە واتە توانیوتانە بابەتی شیعر لیّك بدەنەوە. دەربرینی ناکۆکی سەرەکی شیعر لەروانگەی خویّنەرانی جۆراو جۆر، جودایە. بەلاّم ئەم جیاوازییەی روانگەیە زۆر گرنگ نییە. شیعریّك دەکریّ لە گەلیّ رووەوە لیّ بکۆلّیتەوە. لەبەر هەندیّ، بۆ شیکردنەوەی شیعریّك دەبیّ بزانی شاعیر بەچ شیّوەیەك ناکۆکییەکەی ناو شیعرەکەی بە ژیانی واقیعی پیّوەست کردووە. بنچینەی کاری شیکردنەوەی شیعر لەزۆربەی کات دا، پیّوەندی بەتوانای شاعیر لە گەورەتر کردنی دوو تای ناکۆکی ناو شیعرەکەوە هەیە. واتە لە بەرانبەر یەك راگرتنی ئەم دوو تەوەرە دژ بەیەکەی ناو شیعرەکە. شاعیر بابەتی شیعرەکە بەهۆی هەلّبژاردنی وشەو دانانیان بەتەك یەکەوەو لەچوارچیّوەی دەربرین‌و ئەم خالاّنە، دژایەتییەکەی ناو شیعرەکە دەخولّقیّنیّ. دوای دیّرەکانی سەرەتا، خویّنەر کەم کەم ئاگاداری ئالّۆزی ناکۆکی ناو شیعرەکە دەبیّ. بەلاّم دەرك کردنی ئەم ئالّزییە بە ورتر خویّندنەوە بۆ چەند جاریّك بەدەست دەکەویّ. لەراستی دا، دەربرینی دروستی ناکۆکی ناو شیعر، لەکۆتایی گوتارە رەخنەییەکەتان دا، کاریّکی دروستە. هەلّبەت لەبەشەکەی تردا، شیّوازی ریّکخستنی گوتاری رەخنەیی روون دەکەینەوە.

## ڕێکخستنی گوتاری شیکاری

ڕێسای سەرەکی بۆ نوسینی گوتارێك ئەوەیە ڕێگا بدەن حودی گوتارەکە بەشە زۆرەکەی کارەکە بکا. گرنگ نییە ئەم گوتارە ڕەخنەی پراکتیکی بێ یان هەر جۆرە گوتارێکی ئەدەبی، مەبەستمان لەسپاردنی بەشی سەرەکی کارەکە بەگوتارەکە خۆی، ئەمەیە بنیاتی گوتار دەتوانێ بیرەکانتان ڕێنوێنی بکا. ئامانج ئەمەیە کە لەم کتێبەدا ئەم خاڵەتان بۆ ڕوون بکەینەوە. بۆیە دەبێ، پرەنسیپێکی گرنگ دەست نیشان بکەین. یەکەمین کار، ئەوەیە پەرەگرافی سەرەتا بۆ بیرۆکەی گشتی شیعرەکە بەکار بهێنین بەتایبەتی هەر لەم پەرەگرافەدا، دەبێ لەناکۆکی ناوەوەی شیعرەکە گەیشتن و ڕوونتان کردبێتەوە. ڕۆڵێکی تری، پەرەگرافی یەکەم دەربڕینی (بابەتی) شیعرە. بەم شێوەیە، ئەپەرەگرافەکانی تردا دەتوانن ئەوە بڵێین کە شاعیر بەچ شێوەیەك بابەتەکەی بەرجەستە کردووە. هەڵەیە لە پەرەگرافی یەکەمدا باس لەناوەڕۆکی شیعرو جوانکارییەکانی بکرێ.

دوای تەواو بوونی پەرەگرافی یەکەمی گوتار، بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم دوو تایبەتمەندییەی شیعر باس بکرێ. بۆ نمونە باس کردنی هەڵبژاردنی هونەری باوی شیعر لەلایەن شاعیرەوە، خۆی نیشاندەری شێوەی بەرەو پێش بردنی شیعرەکەیە. بۆ نمونە، ئەگەر شیعرێك چوار ستانزا (بەند) بێ، ڕێگای مەنتیقی نوسینی گوتاری شیکاری ئەمەیە کە دوای پەرەگرافی پێشەکی، چوار پەرەگرافی سەرەکی بنوسی و ئەگەر شیعرەکە لە سێ بەند ( کۆپلە) پێك هاتبێ، دەبێ گوتارەکەی ئێوەش دوای پێشەکی، سێ پەرەگرافی سەرەکی بێ. لەگەڵ ئەمانەشدا هەرگیز لەبیر نەکەن ئێوە شتێکی ڕێك و پێك دەنووسن. لەبەر هەندێ، هەر پەرەگرافێك دەبێ خزمەتی گوتارەکە بکا تا ئەو شیعرەی لێی دەکۆڵنەوە، وەك یەکەیەك دەرکەوێ. لەراستیدا، ئەگەر بەشێوەیەکی مەنتیقی، هەروەك ڕون کرایەوە، گوتارەکەتان بنووسن، بنیاتی گوتارەکە خۆی بەرەو یەکەیەکی تەواو دەڕوا. ئەو دەم، دەبێ گوتارەکەتان بەپەرەگرافێکی کۆتایی، تەواو بکەن. لەدوا پەرەگراف دا دەتوانن سەر لەبەری بابەتەکە، پێکەوە گرێ بدەن. دوای تەواو بوونی کارەکەتان، ئارادەیەکی زۆر بەهۆی ئەوەی توانیوتانە، ئاڵۆزی بیرۆکەی شیعرەکە بەبێ لایەنی شی بکەنەوە، خۆشحاڵ دەبن و دەحەسێنەوە.

## قۆناغی دواتر کامەیە؟

دوو وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەیە. هەروەکو پێشتریش گوترا رەخنەی پراکتیکی کۆتایی کار نییە، بەڵکو سەرەتای کاری رەخنەیە. هەر خوێندکارێکی ئەدەب دەبێ زەمینەی شیکردنەوەی وشەکانی بەرهەمی ئەدەبی دا، شارەزاییەکی پێویستی هەبێ. بەڵام، دوای وەدەست خستنی ئەم پسپۆرییە، پێویستە فێربێ باسێکی فراوانتر لەبارەی کاریگەری دەق لەسەردەمێکی دیاریکراودا پێشکەش بکا. لەگەڵ ئەوەشدا باسی فراوانتر دەبێ بەهۆی شیکردنەوەیەکی وردی دەق دەست پێبکرێ. بۆ نموونە: ناتوانرێ تەنها بەروانگەیەکی گشتیو سەرپێی بگوترێ بەبەرهەمەکانی ورد زۆرس بەشۆرشی فەرەنسا کاریگەر بووە. بەڵکو دەبێ بتوانین بەوردی پشت بە دێرە تایبەتیەکانی شیعرەکانی ببەستینو لەمەسەلە سیاسیو مێژووییەکانی تایبەتی ئەو سەردەمە بکۆڵینەوە. کەواتە، دەبێ بڵێین: شیکردنەوەی وردی دەق، یان رەخنەی پراکتیکی، ژێرخانێکی ترە. ئەگەر نەتوانن لەم خاڵە بگەن کەچۆن بیری گرنگ، لەناو وردەکاری دەقەوە خۆیمان پێ ئاشنا دەکا، هەرگیز ناتوانن پەی بەو بیرە گرنگانە ببەن. لەبەر ئەوە، وەڵام بۆ پرسیاری (قۆناغی دواتر، کامەیە؟) روونە. ئێوە لەسنوری رەخنەی پراکتیکی تێدەپەرن، تابگەنە زنجیرەیەك پرسیار کەئەمرۆ لەرەخنەدا رووبەرِوتان دەبنەوە. بەڵام هەرگیز ئەم راستییە فەرامۆش نەکەن، کەدەبێ جۆرێك پسپۆری بنچینەیی بەدەست بهێنن تابتوانن رەخنەی پراکتیکی بەهۆی ئەو وشانەی لەسەر لاپەرەکان چەسپاون، بنوسن. بەهەرحاڵ، وەڵامی دووەم بە پرسیاری سەرەوە، لەناو ئەم کتێبەدا بۆتان روون دەبێتەوە. ئێمە جار بەجار ئەم پرسیارە دووبارە دەکەینەوەو ئاماژە بۆ سێ بابەت دەکەین:

دەرکی شیعر

رێکخستنی کاردانەوەی زەینی

نووسینی گوتاری شیکاری

# بەشی دووەم

## دەرکی شیعر

لەم بەشەدا دەمانەوێ بزانین چۆن دەتوانرێ بیرۆکەیەك لەمەڕ شیعر بەدەست دەکەوێ. لەم قۆناغەدا کاتێ هەست دەکەن مانای شیعرەکەتان دۆزیوەتەوە، چۆن دەتوانن ڕەنگدانەوەی زەینی خۆتان دەربخەن؟

گریمان لە یەکێك ڕۆژە زۆر گەرمەکانی مانگی حوزیران، یەکێك لەو ڕۆژانەی کەهەر کەسێك بەسەلیقەیەك دەیەوێ بۆ مەلە بچێتە دەرێ، ئێوە ناچارن بۆ بەشداری لەتاقیکردنەوەی ڕەخنەی پراکتیکی بچن. قەڵەمتان لەبەردەمی خۆتان داناوەو بەدەم هاوپۆلەکانتان پێدەکەنن. دەفتەری تاقیکردنەوە هەڵدەگێڕنەوە تادەست بەوەڵامدانەوە بکەنو لە ناکاو ئەم شیعرە ڕووبەڕووتان دەبێتەوە.

گوندی ویلش هیل
لەدوور، دوورتر لەوەی بەچاوی خۆت دەیبینی
کرمی جگەرو برینی سم و قرنەی دووگ
لەناوەوە، ورد ورد مەڕان دەخۆن
رانی مەڕان لە بولچ - ئی -- فیدون دەلەوەڕین
وەک هەمیشە بەشێوەیەکی رۆمانتیک
لەسەر زەمینەی بەردی مشتو ماڵ کراو.
***

لەدوور، دورتر لەوەی بەچاوی خۆت دەیبینی
دووکەڵکێشە ساردەکانی زۆپایان داپۆشیوە
لەکونەکانی دەرگا دارەکە، گەزگەۆک رواوە
خانووەکانی نانت - یر — ئیرا، کەسی تیا نییەو
تیشکی هەتاو وەک پەرژین کوونەکانی بنمیچی داپۆشیووە
و کێڵگەکان کەم کەم زەرد هەڵدەگەڕێن.

*** *** ***

لەدوور، دوورتر لەوەی بەچاوانت بیبینی
چاوە بیٚ جوولەکانیو ئەو سیلە رۆژ بەرۆژ پەرەگرتووەی کە
لەژێر ئەو ئاوەڵکراسە پەلاسەدا، خانە خانەی لەشی لەناو دەبا
هێشتا پیاوێک لە تاین- ئی — فاونۆگ خەریکی کشتو کاڵە
خەمبارانە، بەچارەنووسی خۆی رازییەو
تۆی دەنگێکی تێکشاو لەگەڵووی دا، ئیدی مردووە.

## قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەو بیرکردنەوە

ئاشکرایە کە قۆناغی یەکەمی کاری ئێوە، خوێندنەوەی شیعرەکەیە. کاتێ ئەم پرەنسیپەتان قەبووڵ کرد، دەبێ بزانن کەدوو ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوەی شیعرەکە هەیە. یەکەم، ڕێگایەکی نموونەیی لێکۆڵینەوەو ئەوی تر بەشێوەیەکی ساکارو سەرپێیی. لە شێوازی یەکەم دا بە زەینێکی کراوە بەرەو شیعرەکە دەچن و ڕێگا دەدەن شیعرەکە کار لە زەینتان بکا. لەم بارەدا، زەینی ئێوە وەك ئیسفەنجێك واتای لاوەکی و ڕەنگدانەوەکان هێواش هێواش بۆ خۆی کێش دەکا. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە زۆر باشەو لەوانەیە بۆ هەندێ خوێندکار کاریگەربێ. بەڵام بۆئەو خوێندکارانەی بەشداری تاقیکردنەوەیان کردووە، شێوازێکی لە سەر خۆیەو لەڕووی تیۆرییشەوە، چەند هەڵەیەکی هەیە. بۆنموونە، لەم شێوازەدا، خوێنەر وەك کەسێکی بێ زەین دەردەکەوێ کە حوکمێکی پێشوەختی لە بارەی شیعرەوە نییە. بەڵام، وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە، هەرخوێنەرێکی شیعر، بێ ئەوەی خۆیشی ئاگای لێ بێ، شتگەلێك لەبارەی شیعرەوە دەزانێ. ئەو، ئەم زانیارییە شاردراوەیە لەکاتی شیکردنەوەی شیعردا بەکاردێنێ. لەبەر هەندێ، پێشنیارمان ئەمەیە شیعرەکە بە شێوازێکی کاریگەرو بە دەرکێکی رووکەش بخوێنەوەو ئەو دەمەی دەتانەوێ واتاکانی ناو شیعرەکە پۆلێن بکەن، لێ گەڕێ زەینتان بەخێرایی بە تیۆری جۆراوجۆردا تێپەڕێ.

بەڵام زەین ناتوانێ بەشێوەیەکی ناڕێك و پێك بەناو بیری جۆراو جۆردا ڕەتبێ. کاتێ هەوڵ دەدەن چوارچێوەیەکی فیکری ڕاست بۆ خۆتان دروست بکەن، دەبێ زەین لە کەناڵگەلێکی دیاریکراودا ڕەت بێ. لە بارەی ئەم شیعرەی ئێستا خوێندمانەوە، ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەوتە فیکرییە زۆر ئاسانە. چونکە دەکرێ ئەم شێوەیە دەست پێ بکەن، ئەم شیعرە شتی وا زەحمەت ناخاتە بەردەم خوێنەر. هەموو خوێنەران دەتوانن پەی ببەن کە شیعرەکە لە بارەی چییە. ئەم شیعرە لە بارەی گوندێکە لە بانەکانی وێلز. بەڵام کاتێ گەیشتینە ئێرە، خوێنەرێکی زۆر لە دەربڕینی ئەمە، دادەمان، لەوانەیە هەندێکیان ئەم خاڵە باس بکەن کە شیعرەکە دیمەنێك نیشان دەدا کە ژیانی ئاژەڵ و مرۆڤی تێدایەو هەمووان لە وانەیە بەچاو

ببینن. بەڵام پیاهەڵدانی وەسفێکی لەم جۆرە، دەبێ بڵێین کەئەم خوێنەرانە نەیانتوانیوە خاڵی سەرەکی ئەو دیوی وەسفەکەوە، ببینن. لەم قۆناغەدا، گەلێ لە خوێنەران بە نائومێدی لە دۆزینەوەی واتا، ئیدیعا دەکەن کە ئەم شیعرە زۆر واقیعیو وردەو پێیان وایە بەم شێوەیە لە شیعرەکە گەیشتون. لەگەڵ هەندێش، لە راستی دا، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە نە دەتوانێ قەناعەت بە ئێمە بکاو نە توانیویەتی دیدی واقیعی شیعرەکەش بدۆزێتەوە.

ئەوەی دەیلێین تەنیا لەمەڕ ئەم شیعرە، راست نیە. هەمیشە ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکی دا بەشداری دەکەن، رووبەرووی جۆرە شیعرێك دەبنەوە کە باس لە ژیانی رۆژانە دەکا. رەنگە ئەم جۆرە شیعرانە وەك شیعری بێ ناوەرۆك بێنە بەرچاو، چونکە شاعیر رووداوێکی بینیوەو بڕیاری داوە شیعرێکی لە بارەوە بڵێ. هەزاران شیعر هەن بەم شێوە گوتراونو زۆر جار ئەوە رووی داوە بەشدارانی تاقیکردنەوە ئەو شتەیان روون کردۆتەوە کە شاعیر وەسفی کردووە، ئەوجا، تەقریبەن بە دەربڕینێکی لاواز گوتویانە ئەم شیعرە دیدێکی واقیعی یان هەژێنەری ژیانە. راشکاوانەتر بڵێین، ئەم جۆرە قسانە لە شیکردنەوەی پەندێك دەچن.

چۆن دەتوانرێ لە دوای ئەم جۆرە رونکردنەوانە خۆ دەرباز بکرێو پسپۆری بەرجەستە نیشان دانی دیمەنە، واتا دارەکانی شاعیر بەدەست بهێنرێ؟ ئەوەی لەم کارەدا، بایەخدارە، ئەوەیە بزانین لە هەر شیعرێکدا بە دوای چ واتایەك دا بگەڕێین. لە قۆناغی یەکەم دا، دەبێ ئەو چوارچێوە فیکرییە بدۆزینەوە کە زانیارییەکانی شیعرەکەی لێوە هەڵقوڵیونو لە تەواوی وردەکارییەکانی شیعرەکەدا هەنو شیکراونەتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئێمە دەبێ لە شیعردا بە دوای (بابەت) ێکدا بگەڕێین. ئەو شتەی تەقریبەن هاوتای واتای (گریمانەیە) لە شیعردا. ئەگەر واتای (گریمانە) جێ سرنج بێ، ئاسانترین رێگای وەدەست خستنی ئەمەیە بەدوای گرژی یان رووبەرووبونەوەیەك دا بگەڕێین.

چەند رێگایەکی ئاسان بۆ پەیدا کردنی ئەم ناکۆکییە هەیە. ئاسانترین رێگا ئەوەیە لە دێرەکانی یەکەمی شیعر بڕوانن. هەوڵ بدەن لەم بەشەدا بەدوای

واتا یان وێنەی ئیجابی شیعرەکەدا بگەڕێین. ئەو دەم، هەر لەم دێڕانەی سەرەتادا، واتا یان وێنەی سەلبی بدۆزنەوە. وەك نموونە، لە شیعری گوندی (ویلش هیل) وێنەی ئەو مەڕانە دەبینین کە بەشێوەیەکی ڕۆمانتیك کەوتونەتە پاڵ یەکەوە. لە بەرانبەر ئەم دیمەنەدا، وێنەیەکی خەمبارانە هەیە کە ئاماژە بۆ (کرمی جگەر)و (برینی سم) دەکا کە مەڕەکان تووشی بوون. دەمانەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین: هەر لە وشەکانی سەرەتای شیعرەکەوە هەوڵ بدەن شوێن پێی گرژییەکی تێدا بدۆزنەوە. دەتوانن پشت بەم واقیعە ببەستن کە هەمیشە لە دێڕەکانی سەرەتادا ناکۆکییەك هەیەو دەکرێ بە دوای دا بچن. پێویست نییە بۆ وردەکاری یان بابەتی سەرەکی شیعرەکە نیگەران بن. ئەم نیگەرانییە، کارەکەتان ئاڵۆزتر دەکا. تەنیا پێویستە هەر لە سەرەتای دێڕەکانی یەکەمەوە بەوردی سرنج لە واتای ئیجابیو سەلبی شیعرەکە بدەن.

ئێستا کە ناکۆکی ناو شیعرەکەتان دۆزیوەتەوە، چی لێ دەکەن؟ بیرکردنەوە لە پەیداکردنی ناکۆکییەکان، یارمەتیتان دەدا بۆ دەرك کردنی بابەتی شاردراوەی ناو شیعرەکەو زانیارییە ناوخۆییەکانی. گریمانەی ئێمە ئەمەیە ك شاعیر لەشیعری (گوندی ویلش هیل)دا مەبەستی ئەوە نییە فەزای گوندێك تەنیا بۆ ئەوە نیشان بدا کە دەیەوێ شوێنەکە دەرکەوێ. مسۆگەر، شاعیر بە بابەتێکی زۆر فراوانتر مامەڵە دەکا. ئێمە لەم شیعرەدا ڕووبەڕووی ناکۆکییەك دەبینەوە. کەواتە، مەنتیقی تر ئەمەیە بلێین جۆرێك جودایی، ناکۆکی یان بارگرژی ڕووبەڕوو شاعیر بۆتەوە. ئەم جیاوازییە لە نێوان ڕووی دەرەوەی شتەکانو واقیعی تاڵی ژیان دا دەبینرێ. کەواتە ئەم شیعرە (تەنیا) لە وەسفی دیمەنەکانی (گوندی ویلش هیل)دا نەگوتراوە. بەڵکو شاعیر لە بابەتێکی گشتی لە بارەی نەخۆشی، وێرانی لە ژیان دەدوێ. لە لایەك، ئەم شیعرە بێ ناوەڕۆك دێتە بەرچاو. بەڵام هەر وەك دەبینین، مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکێکی قورس دا دەکا.

دوا ڕستەی ئەم شیعرە واقیعی سەرەکی شیعرەکە دەردەخا. بۆ نموونە کاتێ داواتان لێ دەکەن لە غەزەلێك بکۆڵنەوە، لەوانەیە ئەوەتان بەخەیاڵدابێ کە شیعرێکی چواردە بەیتی ئەوەندە بایەخدارنییە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی شیعر.

بەلام، لە راستیدا شیعرێکی کورت بەزمانێکی رەوانو روون بە کورترینو دیارترین قەدبڕدا دەڕواو لە گرانترین واتای ژیانو مەرگ دەکۆڵێتەوەو ئەم بابەتە لە بارەی شیعری (گوندی ویلش هیل)یش راستە. بەلام ئەم (گرانترین واتا)ی شیعر، سەرچاوەی گرفتی خوێندکارانە لە کاتی تاقیکردنەوەدا. واتە دەبینین کە شیعرێکی کورت دەتوانێ لە گەورەترین بابەت بدوێ. لەم ڕووەوە، خوێندکار بیر دەکاتەوە کە دەبێ لەو دیوی بابەتی رووکەشی شیعر، بابەتی(شاردراوە)ش هەبێو لێرەدایە کە دەبێ بەسەر سادەیی و کورتبینیی خۆی دا زاڵ بێو سرنج بداتە واتای جۆراوجۆری ناو شیعرەکە.

مەبەست ئەمەیە واتای (فراوانتر)یش لە شیعردا هەیە. بەلام ئەم بابەتە فراوانترانە، بابەتی (گشتی)ن کە کەوتونەتە ئەو دیوی نموونەی (تایبەتی)یەوە. بۆ نموونە، شیعرێك کە لە بارەی مردنی منداڵێك گوتراوە، هیچ ئاماژەیەك بۆ شەڕی ئەتۆمی ناکا. بەلام مانایەکی (فراوانتر) دەگەینێ. واتە، لەودیوی نموونەیەکی تایبەتییەوە دەتوانین لە بابەتی وەك مەرگ، بێ گوناهی، خۆشەویستی باوكو دایكو لە دەست دانی منداڵ بکۆڵینەوە. ئەرکی خوێندکارە وەك رەخنەگرێك، ناوەڕۆکێکی فراوانتر کە لە ئەزموونی تایبەتی ئەم شیعرەدا هەیە، ببینێ. ئەگەر لە گەیشتن بەم ئامانجەش تووشی گرفت دەبن، ئەم رێنوێنییەی ئێمە قبوڵ بکەن. بنیاتێکی دروستو کاریگەر، پارمەتی گوتارەکەتان دەدا تا بابەتی فراوانتر لە شیعرەکە دەست نیشان بکەن. چونکە بنیاتی باشی گوتار پارمەتیتان دەدا بیرەکەتان بەکار بهێنیو رێنوێنی بکەن. ئێستا دەمانەوێ پێتان بڵێین بە چ شێوەیەك رەنگدانەوەی زەینی خۆتان لەچوارچێوەی گوتارێکدا نیشان بدەن. بەلام پێش ئەوە، باشترە زنجیرەیەك (دەبێ)و (نابێ) لە بارەی دەرکی شیعرەوە بەشێوەیەکی گشتی روون بکەینەوە:

* دەبێ بەدوای ناکۆکی یان دژایەتی یان رووبەرووبوونەوەیەك لە شیعردا بگەڕێن.

* دەبێ بەدوای وێنەو دیدی ئیجابیدا بگەڕێنو لە بەرانبەر وێنەو دیدی سەلبیدا نیشانیان بدەن.

* دەبێ هەر لە دێرەکانی سەرەتای شیعردا دوو لایەنە دژ بەیەکەکە بەراورد بکەن. هەڵبەت لەم قۆناغەدا پێویست ناکا لە وردەکارییەکانی شیعرەکە بکۆڵینەوە. تەنیا دەبێ سەرنج بدەنە دەرکی سەرەتایی شیعرەکە وەك یەکەیەك.

* دەبێ هەوڵ بدەن لە بابەتی فراوانتر کەلەودیوی وردەکارییە تایبەتییەکانی شیعرەکەدان، بگەن. ناکۆکییەك کە لەسەرەتای شیعردا دەست نیشانتان کردووە، یارمەتیتان دەدا بابەتی فراوانتر بدۆزنەوە.

* نابێ هەوڵ بدەن هەموو شیعرەکە بەزوویی شی بکەنەوە. کارێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی لەناو شیعرەکەدا ون بن.

* نابێ لە سەرەتای کارەکەتانەوە نیگەرانی وردەکاریەکان بن، بەتایبەتی ئەوانەی دەرکتان نەکردووە. دواتر دەتوانن لە وردەکاریەکان بکۆڵنەوە.

* نابێ لە مەیدان دووربکەوینەوە. ئێوە خەریکی شیکردنەوەی شیعرێکن. تەنیا لە کاریگەری شیعرەکە بدوێنو ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆتان باس مەکەن.

* نابێ زۆر پشت بەهێزی داهێنەرانەی خۆتان ببەستن. ئێوە بەدوای مانای شاردراوەی شیعردا ناگەڕێن. تەنیا پشت بە هەستی شیعرەکە ببەستنو لە بابەتی فراوانتر بدوێن کە لەوهەستە تایبەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

## قۆناغی دووەم: دەستپێکی گوتارێك

لەم قۆناغەدا، شیعرەکە پوخت بکەنەوە. هەستی خۆتان لەبارەی ناکۆکی سەرەکی دەربخەن. ڕێبازی سەرەکی گوتارەکەتان دەست نیشان بکەن.

هەرچییەکی لە بارەی چەکەرەی ڕەنگدانەوەی زەینی خوێنەر بۆ شیعر، بڵێین، پێوەندییەکی جیانەکراوەی بەوچالاکییەوە هەیە کە لە کۆتایی دا بە شێوەی وشە لەسەر لاپەڕەکاندا، دەردەکەون. هەر جۆرە بیرکردنەوە یان ڕێبازێك لە بارەی شیعرەوە دەبێ لەچوارچێوەی گوتارێکدا بنوێنێ. شێوەی گوتار خاڵی دەستپێکە بۆ دەربڕینی بیرو دیدو بۆچوون، بەلاَم شێوازێکیگوتارێکی باش، قابیلی

فێربوونه. ئەم مەسەلەیە بەزۆری لەبارەی ئەو خوێندارانەیە کە بۆچی بۆ گوتارێك کە زۆرترین هەوڵی خۆیان بۆ نووسینی بەکار هێناوە، نمرەیەکی باشیان بەدەست نەهێناوە. بەپێچەوانەوە، ئەو گوتارەی بەپەلە نوسراوە، باشترین نمرە وەردەگرێ. لێرەدا راتاندەسپێرین هەمیشە گوتارەکانتان لەکەمترین کات دا بنووسن. چونکە لەکاتی تاقیکردنەوەدا کە کاتەکەی دیارە، پەلەکردن لەنوسینی گوتاردا، ئاساییە. بەلاّم کارێکی خراپ نییە گوتاری ئاسایش هەر لەکاتێکی کەم دا بنووسرێ (هەڵبەت لەبارەی راپۆرتی کۆرس، کاتێکی پێویست بۆ نووسینەوەو پاکنووس کردنی هەیەو دەتوانن تا دەکرێ روونتر مەبەستەکەتان دەربڕن).

کاتێ مەبەستی نووسینی گوتارێکتان هەیە، لەسەرەتای کارەکەدا، کات بۆ خۆ ئامادە کردن، زیاد لەپێویست بەفیڕۆ مەدەن ئێمە خوێندکاری وامان دیوە، کەلەسەر کاغەزی پرسیارەکان زۆر شت دەنوسن. هەندێکیان، لەژێر وشەکانی شیعردا هێڵیان کێشاوەو بەرەنگی جۆراو جۆر جودایان کردۆتەوە. بۆچی دەبێ لەسەرەتاوە ئەوەندە کاتە لەدەست بچێو خۆ بەشتی لاوەکییەوە خەریك بکرێو لەبابەت دووربکەونەوە؟ پێویست ناکا پێش وەخت وردەکارییەکانی شیعر پۆلین بکەن. ئەمەش لەناو خوێندکاران باوە کە لەکاتی دەست پێکردنی وەلاّمی تاقیکردنەوەدا، کارەکە لەکۆتایی شیعرەکەوە دەست پێ دەکرێ. ئەم هەڵەیە، قابیلی قەرەبوو کردنەوە نییە. هەمیشە شیعر لەدێرەکانی کۆتاییدا دەگاتە شوێنێك کەلەگەڵ سەرەتایەکەیدا جودایە. بەلاّم پێویست ناکا پێش وەخت ئەم جودایییە دەست نیشان بکرێ. لە گوتارێکی باشدا دەبێ لێکۆڵینەوەیکەتان پێ بەپێ بۆ پێشەوە ببەن تابتوانن لەگوتارەکەتاندا لە کاتێکی گونجاودا بگەنە کۆتایی شیعرەکە.

ئەو شتەی دەبێ لەسەرەتادا بیکەین، ئەمەیە شیعرەکە بەوردی، بەلایەنی کەمەوە دوو جاربخوێنینەوە (باشترە بەدەنگی بەرز بێ، ئەگەر بوار هەبێ) بەکورتی. بیر لەو شتە بکەنەوە کە لەشیعرەکەدا وەك شتێکی گشتی روو دەدا. ئەودەم، وزەی خۆتان بۆ ئەم کارە تەرخان بکەن کە هەر لەدێرەکانی سەرەتادا ناکۆکییەك دەست نیشان بکەن. کاتێ لەم کارەتان دا سەرکەوتوو بوون،

دەتوانن دەست بەنووسینی گوتارەکەتان بکەن. لەم کاتەدا، هێشتا نەت توانیوە رەمزی ئەوەی کە لە پەرەگرافی دووەم‌و پەرەگرافەکانی تردا چی دەگوترێ، بکەنەوە. بەلآم بایەخ بەمە مەدەن. بەتەواوی بیرتان لای ئەوەبێ کە پەرەگرافی یەکەم بەدروستی دەبڕن. ئەگەر لەنووسینی پەرەگرافی یەکەمدا، سەرکەوتوو بوون، هەموو بابەتەکانی تر، بەشێوەیەکی ئاسایی بەدوای یەك دادێن.

دەبێ پێش وەخت لە پەرەگرافی یەکەم دا، ئەوە دەست نیشان بکەن کە بەدوای چی دا دەگەڕێن کە ئامانجی گوتارەکەتانە. لە بیرتان بێ ئەم پەرەگرافە نابێ زۆر درێژبێ. دە یان دوازدە دێر بۆ پەرەگرفی یەکەم بەسە. باشترین رێگای دەست پێکردنی گوتار ئەمەیە پوختەیەك لە شیعرەکە دەربڕن. ئەمە دوو ئامانج دەپێکێ. یەکەم، ئەمەیە دڵنیاتان دەکا کە تۆ (چیرۆکی) شیعرەکەتان دەرك کردووە. تا ئەم قۆناغە بە دوای روونکردنەوەیەکی دووروودرێژەوە نین. تەنیا دەتانەوێ هەستی تایبەتی شیعر بە زمانی خۆتان دەربڕن. دووەم، دەست پێ کردنی گوتار بە پوختەی شیعر، ئەمەیە لەم رەوتەدا، لە ناوەرۆکی شیعریش گەیشتوون. لە گەلێ گوتاری رەخنەی پراکتیکی دا، نووسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی شیعر چەندان پەرەگراف دەنووسێ‌و کاغەزەکە پڕدەکاتەوە. دەبێ ئەمە بزانێ بەم جۆرە گێڕانەوەیەی (چیرۆك)، ناگوترێ شیکردنەوەی رەخنەگرانە. ئەمە تەنیا پوختە کردنەوەیەکی درێژ دادڕانەیە. لەگەڵ هەندێش، لەپەرەگرافی یەکەمدا، ناوەرۆکی شیعرەکەتان دەرك دەکرد، ئیدی پێویست ناکا جارێکی تر (چیرۆکی) شیعرەکە دووبارە بکەنەوە. لەباتی ئەمە، لەپەرەگرافەکانی دیکەدا، دەتوانن لەهونەری شاعیر بۆ هەڵبژاردنی جوانکارییە شیعرییەکان بدوێن‌و لەوە تێ بگەن کە چۆن بیری خۆی بەرجەستە کردووە. هەر لەم کاتەدا، دەبێ بگوترێ پوختەی شیعر بەتەنیا ناتوانێ بابەتی پێویست بۆپەرەگرافی یەکەم، بەدەستەوە بدا. دوای گوتنی پوختەی شیعر، بەدوو یان چەند رستەی دیکە دەتوانن نیشانی بدەن کە توانی دەرك کردنی بابەتە گشتییەکەی شیعرەکەتان هەیە. بۆ ئەوەی بتوانن ئەو (چیرۆکە)ی لەپەرەگرافی یەکەم دا باستان کردووە، بەکاربهێنن، باشتر وایە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ناکۆکییە راکێشین کەلە شیعرەکەدا هەیە. ئەودەم، دوای

ئەمە، دەبێ هەنگاوێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە. بەپێی ڕووداوەكانی (چیرۆك) كە پێشتر باسكراوە، بابەتە سەرەكییەكەی شیعرەكە دەست نیشان بكەن. لێرەدا واباشە لەسەر نموونەی شیعری (گوندی ویلش هیل)، پەرەگراف یەكەم بنووسین.

) لەشیعری ( گوندی ویلش هیل) دا شاعیر سەرەتا سەرنجی خوێنەر بۆمەڕەكان كە خەریكن دەلەوەڕێن، رادەكێشێ. ئەم وێنەیە لەڕوویكەوە، دەكرێ سەرنج ڕاكێش بێ، بەلآم هاوكات، ئەم دیمەنە ئاماژەیەكیش بۆنەخۆشی مەڕەكان دەكا. ئەم دەم خانووێك وەسف دەكا كەوێرانەیە. لە كۆپلەی سێیەمی شیعرەكەدا، جوتیارێك هەیە. تێگەیشتنی ئێمە ئەوەیە كە ژیانی ئەم پیاوە بەفیڕۆدەڕوا. كەواتە ناكۆكییەك لە شیعرەكەدا هەیە. ئەم دژایەتییە لەنێوان سەرنج ڕاكێشی ساختەیی دیمەنی گشتیو واقیعیەتی شاردراوە كە نەخۆشیوویرانییە، دەبینرێ. لەبەرئەوە، شیعرەكە زۆر لەنیشاندانی دیمەنێكی گوندەكی، گەورەترە. وادێتە بەرچاو، شیعرەكە بیەوێ ناوەرۆكێكی دلگیرو تاریكی ڕاستەقینەی ژیان، نیشان بدا.)

بینیتان پێكهاتی ئەم پەرەگرافە چەند سادەیە. ڕستەیەك لەبارەی پوختەی شیعر، ڕستەیەك لەبارەی دژایەتییەكەی ناو شیعرو ڕستەیەكی تریش ك هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕاوەتەوە تا بتوانێ ناوەرۆكێكی گرنگتر بەشێوەیەكی گشتی دەربڕێ. ئەگەر لەسەرەتای گوتاردا نەتوانن هەموو شتێك بەڕاستی دەربڕن، گرنگ نییە. لە پێكهاتی ئەو گوتارەی دەمانەوێ بنووسین، دەتوانرێ دەستكاری بكرێ، چونكە پەرەگرافی یەكەم، تەنیا تێگەیشتنێكی سەرەتاییە. ورد بوونەوە لەوانەیە دوای تێگەیشتنی سەرەتایی، بنووسرێ. ئەگەر نەتوانن بابەتە سەرەكییەكەی شیعر لەپەرەگرافی یەكەمدا، باس بكەن. گرنگ نییە. ئەگەر ناكۆكییەكەتان نیشان داوە، دەتوانن دلنیا بن كە سەرەتایەكی باشتان دەست پێ كردووەو بە ڕێرەوێكی ڕاستدا هەنگاو دەنێی. لەگەل چوونە پێشەوەی گوتارەكەتان، ئاگادار بوون لەبابەتی سەرەكی لەناو دژایەتی شاردراوەی شیعرەكەدا، خۆی دەردەخا. ئەگەر لە گۆشە نیگایەكی ترەوە بڕوانینە شێوازی باسەكەمان، مەنتیقی ئەم جۆرە گوتارەتان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لەم شێوازەدا، خوێندنەوەی شیعر وەك نواندنی

شانۆنامەیەکە لەسەر شانۆ.لەپەرەگرافی یەکەم دا، وەك یەکەیەکی گشتی دەروانینە شیعرەکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی پێ بەپێ لەزەیندا دروست دەبێ. لەم قۆناغەدا، تێگەیشتنمان بەبێ تەئکید کردن، پێشکەش دەکرێ. بەلاّم کاتێ سەرنج بدەینە دژایەتییەکە، کەم کەم بنیاتێك لەبەرامبەرماندا دروست دەبێ. بەلاّم لەم قۆناغەشدا، هێشتا هیچ شێوەیەکی ئەو بنیاتەمان لەزەیندا نییە کە دەمانەوێ دروستی بکەین. کاتێ لەپەرەگرافی دووەمی گوتاری رەخنەیی دا، سەرنج بدەینە کۆپلەی دووەم، شتێك دەچێتە سەر تێگەیشتنە سەرەتاییەکان. ئێستا لەرووداوەکانی ناو شیعرەکەمان ورد بووینەتەوەو بیرمان لێ کردۆتەوە. هەر بەم شێوەیە کارەکەمان درێژەیی پێ دەدەین. هەر پەرەگرافێکی دواتر، هەنگاوێکی تر لە بیرکردنەوەمان بۆ تێگەیشتنی شیعرەکە، نزیکتر دەبێتەوە. جولانەوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو لەرەوتی لێکۆڵینەوەی شیعر، بەهێواشی ئێمە لەتێگەیشتنی تەواوی ئەوەی لە درەکی شیعر وەرمان گرتووە، نزیك دەکاتەوە.

## قۆناغی سێیەم: وردتر سەرنج بدەنە سەرەتای شیعر.

هەوڵ بدەن لەشێوازی شاعیر لەبەرجەستە کردنی ناوەرۆکی شیعر، بگەن. پەرەگرافی یەکەم، پێگەی بابەتەکانی ترە. ئەم پەرەگرافە دەبێ زۆر سادەبێ. لەگەڵ نووسینی گوتارەکەتان، دەتوانن شێوەکەی ئالۆزتر بکەن. لەم رەوتەدا، رووبەرووی ئالۆزیی شیعر دەبنەوە. رێگای راست بۆ ئەم کارە، ئەمەیە ئەگەر شیعرەکە بەسەر چەند کۆپلەیەك دابەش کراوە، دوای ئەوەی پەرەگرافی یەکەمتان تەواو کرد، هەر پەرەگرافێك بۆ کۆپلەیەك تەرخان بکە. بۆ نموونە، ئەگەر شیعرەکە غەزەلێکەو کۆپلە نییە، دەبێ خۆتان شیعرەکە بکەنە سێ یان چوار بەش.

لەم نموونەیەدا، کە شیعری (گوندی ویلش هیل) کراوەتە سێ کۆپلە، ئێمە دەمانەوێ پەرەگرافی دووەم بۆ شەش دێری یەکەمی شیعر تەرخان بکەین کە پێی دەڵێین کۆپلەی یەکەم، بەم شێوەیە:

**لە دوور، دوورتر لەوەی بەچاوی خۆت دەیبینی**

**کرمی جگەرو برینی سمو قرنەی دووگ**
**لەناوەوە ، ورد ورد مەڕان دەخۆن ،**
**رانی مەڕان لە بولچ-ئی-فیدون دەلەوەڕێن**
**وەك هەمیشە، بە شێوەیەکی رۆمانتیك**
**لە سەر زەمینەی بەردی مشتو ماڵ کراو.**

ئەم دێرانەدا، چ خاڵێك قابیلی باس کردنە؟ باشترین رێگا ئەمەیە وشەو دەستەواژەی تایبەتی هەڵبژێرینو رای خۆمانی لەبارەوە بڵێین. بۆ نموونە، بتانەوێ بۆ خاڵێك وەك شوێنەکانی ناوچەی (ویلش هیل) ئاماژەیەك بکەن. ناوچەی وەك (بولچ-ئی-فیدون). ئەم کارە لەسەرەتادا ئاسان نایەتە بەرچاو. هەندێ خوێندکار بێ پێشەکی ئەمەیان باس کردوە، چونکە نەیانزانیوە لە بارەی وشەو دەستەواژەکانی شیعرەکە بدوێن. بەلاّم ئەگەر ناکۆکی ناو شیعرەکە دەست نیشان بکەن، کلیلی تەواوی وردەکاریەکان ناو شیعرەکەتان پەیدا کردووە. چونکە گشت وردەکارییەکانی بۆ دەربڕینی گۆشە نیگا جۆراو جۆرەکانی ناکۆکی ناو شیعرەکە بەکارهێنراونو بابەتی پێشتر دەست نیشان کراوی شیعرەکە بەرجەستەدەکاو گیانی پێ دەبەخشن. شێوازی کار ئەمەیە ناکۆکییەکە بەپێی تێگەیشتنی پێشوو دروست بکەنو بیخەنە سەری. کاتێ ئەم کارە کرا. تێگەیشتنەکەتان لەبارەی واتا شاردراوەکانو ناکۆکی ناو شیعرەکە زیاتر دەبێ.

لە درێژەی ئەم بەشەدا، دەمانەوێ چەند ئاسانکارییەکتان پێشکەش بکەین: بۆ ئەم مەبەستە شیکردنەوەیەك لە بارەی شیعری (گوندی ویلش هیل) دەنووسین. درێژەی ئەم شێوازە لە بەشەکانی چوارەمو پێنجەم دا دەبینی. لێرەدا، تەنها ئاماژە بۆ سادەیی ئەم شێوازە دەکەین. پێشتر ناکۆکی شیعرەکەمان دەست نیشان کردووە. لەگەڵ تەماشا کردنی کۆپلە جۆراوجۆرەکانی شیعر، دەبێ بتوانین تێگەیشتنەکەمان تەواو بکەین. پێویست ناکا رای خۆمان لەسەر هەر وشەیەك یان گشت وردەکارییەکانی شیعرەکە بڵێین. تەنیا ئەوەندە بەسە، پێ لەسەر چەندخاڵێکی داهێنەرانە دابگرینو بەبێلایەنییەکی تەواو کارەکە بکەین. بۆ ئەوەی وەلاّمێکی سەرکەوتووی تاقیکردنەوە ئامادە بکەین، لە باتی هەر

پەرەگرافێك بۆ هەر کۆپلەیەکی شیعر، دووپەرەگراف دەنووسین. ئەگەر ئەم شێوازەی ئێمە پێشنیاری دەکەین، کاریگەر بێ (کە بێ گومان کاریگەرە)، لە کۆتایی گوتارەکەدا، سەرمان لە کارەکەی خۆمان سوور دەمینێ.

لە دیدی شاعیردا، کۆپلەی یەکەم تێگەیشتنێکی دلڕفێن لەبارەی ناوچەی (ویلش) پێشکەش دەکا. ئەم تێگەیشتنە بەروونی لەم دوو دێرەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**رانی مەڕان لە بولچ-ئی-فیدون دەلەوەڕێن**

**وەك هەمیشە، بە شێوەیەکی رۆمانتیك**

ئەگەر شاعیر سوودی لە (بەشێوەیەکی رۆمانتیك) وەرگرتووە، لەم واتایە تێدەگەین کە جۆرێك (رێکخستنی هونەری) لەم دیمەنەدا دەبینرێ. واتە با، شاعیر دەیتوانی تەنیا (وەستان)ی مەڕەکان لە بنەی گردەکە بەکار بهێنێ. دەڵێن دەستەواژەی (بە شێوەیەکی رۆمانتیك) بەنەنقەست هەڵبژێردراوە، تاسەرنجی هەندێ خەڵك (بۆنموونە) هەندێ گەشتیار، یان وێنەکێش یا هەتا شاعیریش راکێشێ. بە هەر حاڵ، باسکردنی گشت وردەکارییەکانی تر دەکەونە بەر کاریگەری ئەم (تێگەیشتنە رۆمانتیکە). دەڵێن شاعیر مەبەستی بووە هاوکات دوو واقیع نیشان بدا، هەم سیمای واقیعی گوندێكو هەم بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، دیمەنێکی رۆمانتیك. بەگشتی ئەمە، ململانێیەکە لە هونەردا، بەتایبەتی لە بواری شیعردا. ئەم رێبازە، وەك لایەنگر دەروانیتە سروشت. بەم شێوەیە، شاعیر باوەڕێك لەزەینی خوێنەردا دەخولقێنێ کە پێ دەڵێن(واقیعیەت)، ئەم واقیعیەیە کە وێنەکێشو گەشتیارو شاعیر لێی دوور کەوتونەتەوە.

لە دێری دووەمی شیعرەکەدا، واقیعیەت بەشێوەیەکی بەهێزو کاریگەر لە خوێنەر دەگەیەنرێ، چونکە باس لە نەخۆشییەکانی(کرمی جگەر)،(برینی سم)،(قرنەی دوونگ) دەکرێ. هەڵبەت ئەم وشانە پێوەندییە گشتییەکانیان بە شیعر زۆر قێزەونە. ئەو شتەی زۆرتر خوێنەر ئازار دەدا، ئەمەیە کە ئەم نەخۆشییانە، لە ناوەوە مەڕ دەخۆنو لەناوی دەبەن. لەگەڵ ئەم وردەکارییانەدا، زەحمەتە بتوانین مەبەستی شاعیر لە ناوهێنانی ئەم نەخۆشییانە تێ بگەین.

ئەزموونــەکانی خوێنــەر تــەنیا بــەناوی شــوێنەکانی ناوچــەی (ویلــش هیــل)ەوە دەبەســترێتەوە، وەك (بــولچ-ئــی-فیــدون). شــاعیر نــاوی ئــەم شــوێنانەی ئەوەنــدە بەخۆشی هێناوە، دەڵێی لە رووێکەوە دەیەوێ تێگەیشتنێکی زۆر قووڵ بخولقێنێ. بــەڵام هاوکــات، بــۆ زۆربــەی خوێنــەرانی بێگانــە ئــەم ناوانــە زۆر نــامۆن و دوور لەزەینن. لەوانەیە، خودی ئەم ناوانە ناکۆکییەك بخولقێنێ: نــاکۆکی نێــوان دنیــای رۆمانتیك و دنیای واقیعیەت. لێرەدا لەگــەڵ دنیایــەکی تــرو زمــانێکی تــر ئاشــنا دەبین و جۆرێك رەمزوراز دەبینین کە بۆ ئێمە نامۆیە. لە وانەیــە مەبەســتی شــیعر ئەمە بووبێ کە ئەم دنیا نامۆیەمان بۆ (وەربگێڕێ).

## قۆناغی چوارەم : سرنج بدەنە بەشێکی تری شیعرەکە، هەوڵبدەن وردەکارییەکانی، شی بکەنەوە.

ئەو شتانەی تــا ئێــستا دەرمــان بریــوە، زۆرتــر بەمەبەستی نیــشاندانی دەرکی گشتی ئێمە لە بارەی شیعرەکەوە بوو. هەڵبەت بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە، ئامانەوێ باس لەمە بکەین. بەڵکو ئامانج ئەوەیە سادەیی ئەم شیعرە بە خوێنــەر نیشان بدەین. مەبەست لە دەربڕینی ئەم هەموو وردەکارییانە ئەمە بووە هەســتی ناکۆکی نــاو شــیعرەکە بخەینــە ســەر تێگەیــشتنی خۆمــان.لەگــەڵ وردبوونــەوە لــە کۆپلەی دووەم، دەبێ بتوانین لەم ئامانجە نزیك بینەوە:

**لەدوور، دوور لەوەی بەچاوی خۆت دەیبینی**
**دوکەڵ کێشە ساردەکانی زۆپایان داپۆشیووە،**
**لەکوونەکانی دەرگا دارەکە، گەزگەزۆك رواوە**
**خانووەکانی نانت - یر — ئیرا کەسی تیا نییەو**
**تیشکی هەتاو وەك پەرژین کونەکانی بنمیچی داپۆشیووەو**
**کێڵگەکان کەم کەم زەرد هەڵدەگەڕێن.**

کاریگــەری گــشتی کۆپلەکــە ئەوەیــە کەسروشــت بەشــێوەیەك خــەریکی زیندوو کردنەوەی زەوییە. ئەو شتەی دروست کــراوی دەســتی مرۆڤــە، بەتایبــەتی (خانوەکان)، دەڵێی بەزۆر لەسەر زەوی دانراون، هەستی زاڵبوونی ســروشــت لەگــەڵ

باس کردنی وردەکارییەکان دەبینری. سرنج بدەنە دەستەواژەی: (تیشکی هەتاو وەك پەرژین..). لێرەدا ئەرکی مرۆڤ بۆ ئاوەدان کردنەوەو پاراستنی شتەکان، ئێستا کەوتۆتە بەردەستی سروشت. لەباسکردنی وردەکارییەکانی ئەم دێرە، وادێتە بەرچاو سروشت گەرم و میهرەبانە؛ هەرچەندە لەتێگەیشتنە گشتییەکەی شیعردا، سروشت وەك هۆکارێکی وێرانکەر نیشان دراوە.

زۆربەی جار، سروشت بەهێزی زان و پەروەردەکردن دەبەستینەوە، بەلام لەشیعردا کاتێ ئاماژە بۆ کۆمەڵێ (مەر) دەکرێ، شوێنەواری بەران نابینین. لەکۆپلەی یەکەمدا، دیمەنە گشتییەکە (خەمبارانە) یە. لەکۆپلەی دووەمدا، (دیمەنێکی سیس هەڵگەڕاو) دەبینرێ. لەگشت وێنەکانی شیعردا، رووبەرووی واتای (بێ بەر) دەبینەوە. ئەوانەیە هەندێك لەخوێنەران شیعرەکە بەروانگەی سیاسی لێك بدەنەوە. لەهەموو بارێکدا، ناتوانین بوونی مرۆڤەکان لەشیعردا لەبەرچاو نەگرین. ئەوانەی لەچاوی شاعیردا دیار نین. وا دێتەبەرچاو کە ئەم شیعرە زۆرتر لەمردنێکی ئارام دەدوێ کەلەناوەوە هەموو شتێك وێران دەکا.

## قۆناغی پێنجەم: دوا ئەنجامی گشتی شیعر، لەدوا کۆپلەدا ببینن.

**لەدوور، دوور لەوەی تۆبەچاو دەیبینی**
**چاوە بێ جوولەکانی و ئەو سیلە رۆژ بەرۆژ پەرەگرتووی کە**
**لەژێر ئەو ئاوەڵکراسە پەلاسەدا، خانە خانەی لەشی لەناو دەبا**
**هێشتا پیاوێک لەتاین - ئی — فاونۆگ خەریکی کشتوکاڵە**
**خەمبارانە، بەچارەنووسی خۆی رازییەو**
**تۆوی دەنگێکی تێکشکاو لەگەڵووی دا، ئیدی مردووە.**

جارێکی تر لەم کۆپلەیەدا تێگەیشتنی جوان، بەلام دروست کراوەی کە لەبارەی ناوچەی (وێلز) لەزەینی خوێنەردا هەبووە، لەناودەچێ، دیمەنی گشتی زەینی ئێمە لەبارەی ناوچەی (وێلز) لەگەڵ دەنگی مۆسیقادا ناوێتە بووە. بەلام لەدوا دێری ئەم کۆپلەیەدا، رووبەرووی دەستەواژە: (دەنگی تێکشکاو لەقوورگیدا،

نیدی مردووه) دەبینەوه. بەتایبەت لەشیعردا، مۆسیقا لەگەڵ واتای هارمۆنی دادێ. بەلاّم لەم بەشەدا، هەمووشتێك لەمگێزو شادی دووردو لەکەناڵی (فۆرمی سەپێنراو)دا بەناچاری تێدەپەڕێو هەرچەندە لەم ڕێڕەوەدا بۆ پێشەوە دەچێ، لەمردن نزیك دەبێتەوە. وێنەی زەینی سەلبی زۆر جار دێنێتە بەرچاو و ئەم واتایانە زۆر زیاتر لەدوو کۆپلەکەی پێشوو، زێدە ڕۆییان تێدایە. واتای (وێران دەکا)، (خەمبارانە) سرنجی ئێمە بەرەو نەخۆشی رادەکێشن‌و لەکۆتاییدا دەگەنە واتای گرانی (مردن). مردنێك کە (لەناوەوە)و (خانە خانە) وێرانی لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

لێرەدا بیرلەوشەی نامۆو ناحەزی (سیل)یش بکەنەوە. رەنگە گەلێ لەخوێنەران لەژیانیان دا هەرگیز وشەیەکی وایان گوێ لێ نەبووبێو هەر ئەم وشەیە ئێمە بەرەو واتایەکی لێڵی گشت ئەزموونی شیعر دەبا. ئەم شیعرە لەدنیای ئەودیوی خەیاڵی ئێمەدا نووسراوە. دەڵێی چاودێری پزیشکی لەم شیعرەدا، شوێنپێی نییە. ئێمەش وەك بینەرانی ئەم شیعرە، وەك خوێنەر دیمەنێك دەبینین کەچاومان نایبینێ. کەواتە لێرەدا، جۆرێك تێگەیشتنی (دەستکرد) لەبەرامبەر (واقیعیەتی تاڵ)ی ژیاندا وەستاوە. لەوانەیە ئەم کەلێنە زۆر قوڵترو زیاتر لەدەرکی سەرەتایی ئێمە لەبارەی شیعر بێ. ئەم کەلێنە پێمان نیشان دەدا کەچۆن هەمیشە لەودیوی مەیدانی واقیعی ژیان داین‌و ناتوانین لەو واقیعەی بە ڕووکەشی بەرۆمانتیك دەناسرێ، بگەین.

## قۆناغی شەشەم:
## تێگەیشتنە گشتییەکەی خۆتان لەبارەی شیعر، کۆبکەنەوە!

لەم شیعردا جولانەوەیەکی بێ ئەم لاوئەولا بەرەو مردن هەیە. دیمەنێکی خەمبارو چاوەڕواننەکراو و ترسناکمان لەبەردەم دایە. لەگەڵ هەندێش، سەیرەکە لەمەدایە شیعرەکە بەموتلەقی بەرەو سەلبیەت ناچێ، چونکە، تا ئەو جێگایەی ئێمە دەیبینین، گوایە حیکایەتخوانی شیعرەکە ڕۆڵی ناوبژیوانێکی لەنێوان (ئێمە)و (ئەوان)دا گێڕێ. (ئێمە) هەمیشە لەدەرەوەی شانۆ داین‌و ئەم بارە تاکۆتایی

شیعرەکە، دەپارێزین. بەلاَم، دەڵێن شاعیر گوتەبێژی کۆمەڵەکەسانێکە کەلە شیعری خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکاو شاعیر لەرۆڵی ناوبژیوان هەست دەکا هەموو شتێك بۆ هەمیشە لەباری وێرانی دایە. لەسروشتدا، هۆکاری وێرانکارو وێرانکراو هەن کەهەموو شتێك بەرەو لەناوچوون رادەکێشن. هاوکات، دەبینین، کەسی دەرەوەی شانۆی شیعر تۆمەتبارو مەحکووم دەکرێ. چونکە، کەسانی دەرەوەی گۆڕەپانەکە، گەرچی هەموو شتێك دەبینن، بەلاَم کارێك بۆ سروشتو رزگار کردنی، لە لەناوچوون ناکەن.

هەروەك بینیمان، ئێمە لەچەند پەرەگرافێکدا رێگایەکی دوورو درێژمان بڕیوە. بەلاَم هەموو ئەو شتانەی کردمان، زۆر بەسادەیی کران. بەبیرێکی سادە دەستمان پێ کرد. بیرکردنەوە لەناکۆکییەك کە بە درێژایی گوتارەکەمان باس کرا. لەگەڵ هەندێش، سەرنجمان ئەو کەلێنەدا کەلە نێوان تێگەیشتنی دەستکردو واقیعیەتی دیمەنی شیعردا هەبووە. ئەوەی کردمان کەشفی تێگەیشتنی ناراستەخۆی ئەم ناکۆکییە بوو لەمیانەی وشەو بیری سیاسی شیعرەوە دەگەیەنیرێتە خوێنەر. بەواتایەکی تر، ئێمە گەیشتینە خاڵی دەستپێکردنی باسەکەمان. بەلاَم کاتێ سەرنجماندا وردەکارییەکانی شیعرو بەتێگەیشتنی سەرەتایان لەناکۆکی ناوەوەی شیعر زێدەمان خستە سەری، دەرکێکی ئاڵۆزی شیعرمان دەست کەوت. ئێستا تێدەگەین کەرەخنەی پراکتیکی، کارێکی واسادەیە. رەخنەی پراکتیکی بەمانای سەرنجدان لە فۆرمی شیعر، دەرکی وردەکارییەکانی شیعرو زیادکردنی ئەم وردەکارییانە بۆ تێگەیشتنمان لەقالبی شیعرە. کەواتە، پێش ئەوەی بەدوای ئەم ئامانجەدا بچین، باشترە بەشێکی تریش بۆ بابەتی سەرەکی رەخنەی پراکتیکی تەرخان بکەین‌و روونی بکەینەوە کەبەچ شێوەیەك دەبێ پەی بەناکۆکی نێوخۆی شیعر ببەین.

# بەشی سێیەم

## دەرکی شیعر: چەند نموونەیەك

لەقۆناغی یەکەم دا، بەگشتی تێگەیشتن لە شیعر گرنگترین هەنگاوە. ئەگەر بتوانن ئەم کارە بکەن‌و سەرکەوتوو بن، ئیدی بنچینەیەکتان بۆ نووسینی گوتارەکەتان دەست دەکەوێ. بەشی سێیەم تایبەتە بە خولقاندنی ئەم دەرکە سەرەتاییەی شیعر. لەم بەشەدا، هەندێك شیعر وەك نموونە دەخرێنە بەرچاو. (لە دوو نموونەی یەکەمدا، تەنیا لەناونیشانی شیعرەکە دەکۆڵینەوە)، ئەوکاتە پێتان دەڵێین دەبێ چ خاڵێك لەشیعردا ببێتە مایەی سەرنجدان. کاتێ دەگەینە لاپەڕەکانی دواتر، هەوڵ بدە مەنتیقی ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیە دەرك بکەن. بە مسۆگەری بۆ بەدەستخستنی ئەم ئامانجە، دەبێ چالاکانە لە ڕاهێنانەکاندا بەشداری بکەن. لەزەینی خۆتاندا بەدوای ناکۆکی ناو شیعرەکەدا بگەڕێن‌و بەتێگەیشتنی گشتی، هەوڵ بدەن بەهۆی بەڵگەکانی ناو شیعرەکە، لە بابەتە سەرەکییەکەی بگەن.

## نموونەی یەکەم: تێگەیشتنی گشتی لەناونیشانی شیعر

هەندێ جار ناوونیشانی شیعر خۆی، زانیارییەکی زۆر لەبارەی شیعرەکەوە بەدەستەوە دەدا. بۆ نموونە شیعرێکی مۆدێرنی (رۆجەر مەکگۆف Roger Mcgough) بەناوی (ئەگەر ژیان وێنەیەکی بێزار کەرانەیە، بۆچی نابێ زوو تر کۆتایی پێبهێنرێ).

لەبەشی دووەم دا، پێمان گوتن بڕواننە بیرۆکەی پۆزەتیڤو نێگەتیڤ. تا بتوانن لەناکۆکی ناو شیعرەکە بگەن. لەم ناونیشانەدا، بڕواننە خاڵێکی نێگەتیڤ کە ژیان وەك وێنەیەکی بێزار لە قەڵەم دەدا. هەر لەم کاتەدا، خاڵێکی تریش لەشیعرەکەدا هەیە ئەویش راکردنە لەو فەزا بێزراوە. ناونیشانی ئەم شیعرە ئاماژەیەکە بۆ فیلێمك بەشێوەیەکی گشتی ئەم بیرە دەخاتە زەینەوە، تەماشاکردنی فیلم، جۆرێکە لە راکردن لەژیانی واقیعیو رووکردنە بۆ دنیای خەیاڵ. کەواتە ناکۆکی ئەم شیعرە، ئاماژەیە بۆ بێزاریو ژیانی واقیعیو ئەگەری راکردن لەم واقیعە. بەڵام بابەتی سەرەکی ئەم شیعرە چییە؟ بێ گومان شاعیر نایەوێ تەنیا ئاماژە بۆ چوونە سینەما بکا. واتای ژێرەکی ناونیشانی شیعر زۆر فراوانترەو پەنجە بۆ گرفتەکانی خەڵکی لەژیانی رۆژانەیاندا، رادەکێشیو ئەوەش باس دەکا کەئەوان بەچ شێوەیەك رووبەڕووی دەبنەوە، ئەگەر هەنگاوێك بچنە پێشەوە، لەواتای(بۆچی نابێ زووتر کۆتایی پێبهێنرێ)، ئەگەری بیری خۆکوژی دێتە گۆڕێ. لەوانەیە واتای ئەم شیعرە ئاسان بێ. دەتوانین وەڵامی پرسیارە جددییەکانی مرۆڤیش لەبارەی ژیانو مردن بداتەوە. هەڵبەت ئەم شیعرە کۆتایی خۆشی هەیەکە زۆرتر بەدڵی لایەنگرانی ئەدەبی لەزەتبەخشو سەرگەرمکەرە. بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە کۆتایی شیعرەکەو هیچ پێویستیش نییە هەر لەسەرەتاوە کۆتایی شیعرەکە بزانین. گرنگ ئەمەیە بزانین یەکەمین هەنگاومان ناوەو شوونی ناکۆکی ناوشیعرەکەمان هەڵگرتووە. ئێمە لەگەڵ شیکردنەوەکەی شیعرەکەدا، دەتوانین ئەم بابەتەش بخەینە سەر تێگەیشتنەکانی ترمان.

## نموونەی دووەم: تێگەیشتنی گشتی لەناونیشانی شیعر

هەمیشە ناونیشانی شیعر هەموو خاڵەکانی ناو شیعر ناگرێتە خۆی. بەلاّم، لەهەر ناونیشانێکدا دەتوانرێ بەشێك لەبابەتەکە دەرك بکرێ. ئەگەر نموونەکانی پێشتر کۆبکەینەوە، دەبینین زۆر شیعر ناونیشانی (باران) بەکاردێنن. زۆرترین ئەو شیعرانەی ناونیشانەکەیان (باران) یان تێدایە، لەهەوای خراپو هەوای باش دوێن. کەواتە لەم شیعرانەدا، واتای هەتاو و شەستە باران وەك ناکۆکی ژیان دەبینرێن. هەتا بەهۆی ئەو ناونیشانەش کە تەنیا یەك وشەن، دەتوانرێ پەی بە بابەتی شیعر ببرێ، بەلاّم ناونیشانی درێژتر زانیاری زیاتریان تێدایە. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم ناونیشانانە: (نامەیەکی کرێسمەس بۆ زێدەکەم) (بۆ خوشکەکەم لەشار ئابردین). لەم شیعرەدا، دەست بەجێ ڕووبەڕووی ناکۆکییەك دەبینەوە. واتای کرێسمەس بەگشتی بەمانای کاتێك هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان لەزێدی خۆیانو لەلای بنەماڵەکانیانن، بەلاّم شاعیر لێرەدا، لەم ناونیشانە نیشانی دەدا لەماڵو بنەماڵەکەی خۆی دوورە.

## نموونە سێیەم: ئادلیستروپ

ئەگەر نەتوانی بەهۆی ناونیشانی شیعرەکەوە، واتایەکی ڕۆشنتان دەست کەوێ، نیگەران مەبن. گەلێ ناونیشان هەن، بابەتی سەرەکی شیعر روون دەکەنەوە. بەلاّم دەبێ بتوانین بەهۆی چوار تا شەش دێری یەکەمی شیعر، مانایەکی فراوانمان دەست بکەوێ.

**بەلێ، ئادلیستوپم وەبیرە.**
**ئەم ناوە لەزەینمدا نەخشاوە، چونکە دوای نیوەڕۆیەك**
**لەچلەی هاوینێ، شەمەندەفەری خێرا گەیشتە ئەوێ**
**بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، کۆتایی مانگی حوزیران بوو.**

پێشتر گوتمان، دەبێ بەدوای هەستێکی پۆزەتیفو نیگەتیف دا بگەڕێن. بەلاّم ڕێگای ئاسانتر ئەوەیە ببینین ئایا وردەکارییەکانی شیعر لە (جوانی) دەدوێ

یان نە (نا شیرینی). چۆن ئەناوی ئادلیستروپ دەگەی؟ هەست دەکەین ئەم ناوە سەیرو جوان بێ. دەڵێی ئەم شوێنە لە ناوەندی خاکی دێرینی ئینگلستان هەڵکەوتووە. ئەگەر ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە لەدێرەکانی سەرەتادا بەرچاو دەکەوێ، دەکرێ چ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەم بابەتە هەبێ؟ بەمسۆگەری باسکردنی وردەکاری وا دەکرێ پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێ، واتای (شەمەندەفەری خێرا). دیاردەیەکی وەك شەمەندەفەری خێرا لەگەڵ پێشینە ئارامەکەی (ئادلیستروپ) دا ناکۆکییەکی تەواوی هەیەو ئێمە دەباتە لای خێرایی دنیای ئەمڕۆمان. دەتوانرێ پێشبینی بکرێ کە واتای ژێرەکی ئەم شیعرە، درزی نێوان دنیای مۆدێرن‌و ژیانی کۆنە کە بەهێواشی بەڕێوە دەچوو. تائێرە، ئێمە نازانین ئەنجامی شیعرەکە چۆن دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر شیعرەکە بەرەو لایەکی چاوەڕوان نەکرا بڕوا، ئێمە بەباشی دەتوانین ئەم ئاقارە بگۆڕین. چونکە پێشتر، دێڕێکی روونمان لەبارەی بابەتی شیعرەکە دەست کەتووە.

## نموونەی چوارەم: ئەمڕۆ

بۆ خوێنەر، شیکردنەوەی کۆپلەیەك شیعر کە چوار پێنج دێرە ئەوەندە زەحمەت نییە. بەلام هەموو شیعرەکان پێکهاتەو فۆرمێکی ڕێك‌و پێکیان نییە. بۆ نموونە، ئەم نموونەیەی لێرەدا باسی دەکەین، تەنانەت فۆرمی سەرەتایی شیعریشی نییە. چونکە رستەکانی ئەم شیعرە بەشێوەیەکی ئارێك لە کۆپلەیەك بۆ کۆپلەیەکی تر، دەبەسترێنەوە. لەم شیعرەدا، هەر دێڕێك لەناوەندی رستەدا تەواو دەبێ‌و دێری دواتر دەست پێدەکا.

**چاودێری جوانیی**
**لکە تازەکانی دارەکان کە دەپشکوون‌و بەلەرینەوەیەك،**
**یەکەمین سەوزیی لاسکەکان دەردەکەون،**
**وێنا کردنی ئەم دیمەنە چەند ئاسانەو لەوانەشە**
**ئەمڕۆ هەمیشە لەیادم بمێنێ.**

ئەمە بەخۆم دەڵێم.

ئێمە هەمیشە ئەم ئەنگێزەیەتان تێدا دەخولقێنین کە هەر لەسەرەتای شیعردا بەدوای گرژییەك دا بگەڕێین. بەڵام ئێوە وادەزانن ئەم شیعرەدا، هیچ دژایەتییەك نییە. بەرووکەش، وادێتە بەرچاو، لەم دێرانەدا، وەسفی سروشت کراوەو زەینێکی ئیجابی لەشاعیردا خولقاندووەو ئاوا هەستەکانی دەورژێنێ کە ((ئەمڕۆ هەمیشە لەبیر دەمێنێ). بەهار نزیکەو هاوئاهەنگی لەنێوان وەرزەکاندا هەیەو شاعیر خۆی لەگەڵ سروشتدا هاوهەنگاو دەبینێ. لەبەرئەوە، مەنتیقی ئەوەیە بڵێین لەم بەشەی شیعرەکەدا، هیچ دژایەتییەك نییە. هەندێ جار ئەم تێگەیشتنە لەسەرەتای شیعرێك دا بۆ خوێنەر دەخولقێنێ. ئێستا ئەرکی ئێوە ئەوەیە ناکۆکییەك دروست بکەن. ئێوە وەك رەخنەگرێك دەبێ خاڵی تاڵتر بخەنە بەرچاو کە لەوانەیە لە دێرەکانی دواتردا بێنە پێشەوە. ئەگەر ئەم پێشبینییە بۆ ئێوە لەتوانادا نییە، ناتوانن قسەیەکی زۆر لەبارەی شیعرەکەوە بکەن کە لەهەستی خۆشبینی شاعیر تێپەڕێنێ. لەبارەی ئەم شیعرەی لۆرانس راب، دەکرێ بگوترێ دژایەتی هەر لەدێرەکانی یەکەمدا، دیارە. چونکە سێ دێری یەکەم، بەپێچەوانەی شیعری ئاسایی کاریگەری بەهێز دەخولقێنن. تێگەیشتنی گشتی لەبارەی هەستی خۆشبینی شاعیر لەناوەڕۆکی شیعردا لەگەڵ ئەم رەگەزە ناهاوسەنگەدا، ناکۆکی هەیە. لەوانەیە بتوانرێ ئەم بارە بەڕوونی لەو رستەدانە دا ببینرێ کە شاعیر بەکاری هێناون. چونکە رستەکانی ئەم شیعرە بەباشی لەقالبی دێرە ئاساییەکانی شیعردا ناگونجێن. کەواتە ئەم تێگەیشتنە لەزەینی خوێنەردا دروست دەبێ کە هۆکارەکانی ئەم شیعرە، کەمێك لە کۆنترۆڵ دەرچوونە. هەر ئەم مەسەلەیە بەرەو مەسەلەیەکی سەرەکی ترمان دەبا کەلەبەشی دواتری شیعرەکەدا، رووبەڕوومان دەبێتەوە. لەوانەیە، لەدێرەکانی دواتر پەیوەندییەك لەنێوان هەستی هاوئاهەنگی‌و ناهاوسەنگی، دەربخرێ. لەوانەیە سروشت لەگەڵ زایین‌و فراوان بووندا پەیوەندی هەبێ. ئەم تێگەیشتنانە بەشێوەیەکی تایبەتی، لەچوارچێوەی باوی کۆپلەی شیعر تێدەپەڕێت، رەمزێکیشە لە گشت دنیا دا دەبینرێ کە هیچ دەسەڵاتێك قبوڵ ناکا.

## نموونەی پێنجەم: شیوەن

هەر وەك پێشتر کوتمان هەرچەند شیعر دژوارتر دیاربێ، پێویستی تێگەیشتنی بەشێوازێکی سادەتر، ئاسانتر دەبێ. کاتێ بڕواننە قووڵی شیعر، دەتوانن بەسەر ناوەرۆکەکەیدا زاڵ بن. لەگەڵ هەندێ، ناتوانرێ گشت شیعری سەدەی حەڤدە بە زەحمەت لەقەڵەم بدرێ. لەسەدەی حەڤدە، وەك هەر سەردەمێکی تر، شیعری وا نووسراوە کەلەسەرەتادا، بێ گیانو ناهاوسەنگ هاتۆتە بەرچاو. بۆ نموونە شیعری (شیوەن)ی بن جۆنسۆن لەم جۆرە شیعرانەیە. پێویستە بزانن (شیوەن) شیعرێکە بۆ دۆستێکی کۆچ کردوو گوتراوە. بەلاّم لەگەڵ خوێندنەوەیدا، هەست دەکەن شیعرێکە ملیۆنێك شاعیر شیعری وایان نووسیووە. بەشێوەیەکی ئاسایی شیعری (شیوەن) زۆر هەست ورژێنە، بەلاّم لەم بارە تایبەتییەدا وروژاندنی هەست تەقریبەن بەشتێکی کۆنو پووچ دێتە بەرچاو. ئەم تێگەیشتنە ناخۆشە ئەوکاتە بەهێز دەبێ کەهەست دەکەین شاعیر ئەو زمانەی بەکاری هێناوە تەنیا لەشیعردا هەیە. زمانێك کەلەگەڵ دنیای واقیعی دا زۆر لێك دوورن. گشت ئەو گیروگرفتانە دەتوانی لەکۆپلەی یەکەمی شیعردا ببینن:

**ئەگەرچی جوانی نیشانەی پیاهەڵدانە،**

**وئەوە نیشانەی جوانی تۆیە کەوا کردوومیەتە ستران بێژ**

**بەلاّم ئەوەی دنیایەك ناتوانێ وەسفی بکا،**

**جوانی دەروونتە کە من تائێستا نەمناسیووە.**

ئەگەر کاردانەوەی دەستبەجێ ئێوە لەبەرامبەر شیعردا (بێزاری بێ)، زۆر جێی سەرنج نییە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەمی خەڵك شیعری لەم جۆرەیان بەدڵ دادەچێ. بەلاّم بەڵگەی شیکردنەوەی شیعری (شیوەن) ئەمەیە، تێگەیشتووین کە ئەم شیعرە وەك ئەوەی لەسەرەتادا دێتە بەرچاو، سەرنج راکێش ترە. بۆ ئەوەی لەتێگەیشتنێکی وا نزیك بینەوە، دەبێ بتوانین دژایەتی ناوخۆی شیعر دەرك بکەین، تابگەینە بابەتی گشتی شیعرەکە.

ئەم شیعرە (شیوەن) لەبارەی مردن دەوێ، بەلاّم کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە بەشێوەیەکی زۆر ئیجابی لەچاکەی شەخسێك دەدوێ کەنەماوە.

بەتایبەتی جوانیو میهرەبانی نەوکەسە جێگای باسە. ئاگادار بوون لەم ناکۆکییەك، ئێمە لەبابەتی سەرەکی شیعر نزیك دەکاتەوە. ئەمە شیعرێکە، بەدیدێکی گشتی دەڕوانێتە دنیا. دنیایەك کەمردنیشی تێدایەو هەموو شتێك بەنەمانو تەواوبوون کۆتایی دێ. بەلاّم هەر لەو کاتەدا، (شیوەن) دەڕوانێتە سروشتو بەهای ژیانی مرۆڤیش لەدنیادا. (شیوەن) شیعرێکە لەعەشقو مردن دەدوێ. لەبەرئەوە، هەستی ناکۆکی لەبابەتی سەرەکی شیعردا پێگەیەکە دەتوانین قالبی گوتارەکەمانی لەسەر بنیات بنێین. بەم شێوەیە دەتوانین شێوازێکی دیاریکراو بۆ تێ گەیشتن لە ناوەرۆکی شاعیرانە بگرینەبەر.

لەواقیع دا، عەشقو مەرگ ناکۆکییەکی واباوی شیعرە کە دەتوانین لەم خشتەیەی خوارەوەدا بیخەینە روو و بۆ شیکردنەوەی شیعر سوودی لێ وەربگرین.

| |
|---|
| **چوار چێوەی ناکۆکییەك کە دەبێ لەشیعردا سرنجی لێ بدرێ** |
| **لەهەر شیعرێکدا، ئەوەیە کەلە سێبەری ئەم واتا دوانەیانەدا، هەر لەدێڕەکانی سەرەتادا بەدوای ناکۆکی دا بگەڕێین.** |
| **تێگەیشتنی ئیجابی/ تێگەیشتنی سەلبی** |
| **وێنەی جوان/ وێنەی ناشیرین** |
| **هاوئاهەنگی/ نارێكو پێکی** |
| **چوارچێوەی دیاریکراو/ نەبوونی چوارچێوە** |
| **سیستەم/ نەگونجان** |
| **عیشق/ مەرگ** |

# بەشی چوارەم

## ڕێکخستنی گوتاری شیکردنەوە

تانێرە تەئکیدی ئێمە لەوە بوو بەتەوای لەشیعر بگەین. ئێستا دەمانەوێ شێوازی وەلاّمدانەوەی پرسیاری رەخنەی شیعرتان فێربکەین. هەر شیعرێك بەدەوری تەوەرەی ناكۆكییەكدا دەسوڕێتەوە. بەلاّم شاعیر لەگەلّ ناساندنی ئەم ناكۆكییەدا، بەرەو كەنالێكی چاوەڕواننەكراوی دەبا. بەواتایەكی تر، لەوانەیە ئەو رەوتەی شیعرەكە پێیدا تێدەپەڕێ، لەگەلّ ئەو ناوەرۆكەی لەسەرەتای شیعرەكەدا هەبووە، زۆر جودابێ. لەبەرئەوە، ئەو مەسەلە جۆراوجۆرانەی لەناوەڕاستی شیعردا لێیان دەكۆلڕێتەوە، هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێشەوە دەچێ. بەلگەی سەرەكی كە راتاندەسپێرین لەشیكردنەوەی شیعر دەبێ كۆپلە بەكۆپلە بڕۆن، هەر ئەمەیە.

هەرگیز نابێ تووشی ئەم هەڵەیە بن کەئە سەرەتاوە لەپڕ دەست بەشیکردنەوەی شیعر بکەن. لەبەر ئەوە، لەشیکردنەوەکەتاندا خۆ بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە، یان کۆپلەی دواتر، بەدوور بگرن. بەشێوەیەکی مەنتیقی شیکردنەوەی شیعرەکە دەست پێ بکەن. واتە هەر کۆپلەیەك بەپێی ڕێکخستنی خودی شیعرەکە. هەرگیز واتای گشتی پێش باس کردنی وردەکارییەکان باس نەکەن. لەتەواوی قۆناغەکانی وەلامەکەتاندا، دەبێ سەرنج لەو بەلگانە بدەن کەشاعیر بەکاری هێناون تاگیان ببخشێتە بابەتی سەرەکی.

لەم بەشەداو، هەروەها لەبەشی پێنجەمدا پێتان دەڵێین کەدەبێ بەچ شێوەیەك شیعر بخوێنرێتەوە. وردبن و بزانن کەشێوەی دەربڕینی شیعر چەند سادەیە. ئەگەر لەهەر قۆناغێکی شیکردنەوەکەتان دا بابەتەکە بەڕوونی دەربڕن و بەباشی بزانن کەلەهەر بەشێکدا بەدوای چیدا دەگەڕێن و لەوەی توانیوتانە شتی تازە بدۆزنەوەو قسەتان هەبێ، سەرتان سوڕدەمێنێ.

لێرەدا، باشترە لیستێك لەشێوەکانی بەکارهێنانی ڕێکخستنی شیکردنەوەو ڕەخنەی شیعر پێشکەش بکەین.

ڕێکخستنی وەلامی تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی شیعر: شێوازی کارتێکردن

**١- وەلامەکانتان بەشێوازی هەنگاو بەهەنگاو بە پەرەگراف بنووسە.**

**٢- کارەکەتان بەپوختەکردنی شیعر دەست پێ بکەن و ناکۆکی ناو شیعرەکە دەست نیشان بکەن و نیشانی بدەن.**

**٣- ئەگەر دەتوانن، تێگەیشتنی شەخسی خۆتان لەبارەی بابەتی سەرەکی شیعرەکە، دەربڕن.**

**٤- وردبن لەوەی شاعیر چ وشەو چ دەستەواژەیەکی بۆ دەربڕینی ناکۆکی ناو شیعرەکە بەکارهێناوە.**

**٥- لەوە وردبنەوە کەفۆرمی شیعر بەچ شێوەیەك لەگەڵ بابەتی سەرەکی شیعرەکە هاوئاهەنگەو ئەوە شی بکەنەوە.**

**٦- هەروەها وردەکارییەکان باس بکەن، بەلام لەهەر قۆناغێکدا هەوڵبدەن شتێك بۆ چوارچێوەی گوتارەکەتان زیاد بکەن.**

**٧- لەکۆتایی هەر پەرەگرافێکدا، دەبێ بتوانن تێگەیشتنی خۆتان لەبارەی (بابەت)ی شیعر دەربڕن.**

**٨- لەواقیعدا، سەرنج دان لە وردەکارییەکان لەگەڵ ڕێکخستنی چوارچێوەی سەرەکی گوتارەکەتان، گرنگترین ئەرکی ئێوەیە. بەم شێوەیە لەکۆتایی شیکردنەوەکەتان دا هەست دەکەن گەیشتوونەتە تێگەیشتنێکی روونی شێوازی دەربڕینی شیعرەکەو بابەتە سەرەکییەکەی.**

پێش ئەوەی ئەبابەتێکی تر بدوێین، دەبێ خاڵێکی ترتان بیر بخەینەوە. هەرگیز ناتوانرێ شیعرێك بەیەك (ئاقار) لێك بدرێتەوە. دەکرێ لەچەند دێرێکی جیاوازەوە لەشیعرێك بڕوانرێ. بەلاّم دەبێ ئەوەتان لەبیر بێ کە تێگەیشتنەکەتان دەبێ لەسەر بنەمای وشەو وردەکارییەکانی شیعر بنیات نرابێ. واتە تێگەیشتنی ئێوە دەبێ پشت بەو شایەدە بەرجەستانە ببەستێ کەلە وشەکانی شیعرەوە دەست دەکەون. هەرگیز تێگەیشتنەکەتان لەسەر بنچینەی لێکدانەوەو دەربڕینی خەیاڵی خۆتان، بنیات مەنێن.

# بەشی پێنجەم

## لێکۆڵینەوەی بەشێك لە وردەکارییەکانی شیعر، ڕێکخستنی گوتاری ڕەخنەیی

تائێستا ئاماژەمان بۆ شێوازە بنچینەییەکانی شیکردنەوەی شیعر کردووەو گوتومانە هەر لەسەرەتای دێرەکانی یەکەمی شیعرەوە دەبێ هەوڵ بدەین واتای گشتی شیعرەکە دەرك بکەین. ئەوکاتە دەتوانین وەڵامەکەمان ڕێك بخەین. یەکەم، پێویستە وردەکارییەکان باس بکەین. (باسکردنی چەند بەشێك بەسە. پێویست ناکا هەر لەوشەیەك یان هەر دێرێك بکۆڵینەوە). دواتر دەبێ بەهۆی وردەکاریی شیعرەوە بەشێوەیەك تێگەیشتنی خۆمان لەبارەی شیعرەکە پێشکەش بکەین. دەکرێ بەم شێوەیە، قۆناغەکانی ئەم کارە دەست نیشان بکەین:

**شیعرەکە بەوردی بخوێنەوە.**

**تێگەیشتنی سەرەتاییتان لەبارەی شیعرەکە بڵێن.**

**بەباسکردنی وردەکاری، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تێگەیشتنە سەرەتاییەکەتان باس بکەن.**

**دەرکی گشتی خۆتان لەگەڵ وردەکارییەکان، بسەلمێنن.**

شێوازی کاریگەری ئەوەیە کەئە کۆتایی هەر پەرەگرافێکی گوتارەکەتان دا دوو یان سێ نموونەی وردەکارییەکان بخەنە روو. بەم شێوەیە لەهەر قۆناغێك، بابەتێك دەخەنە سەر تێگەیشتنی گشتی ئەبارەی شیعرەکەوە.

ئەگەڵ هەندێش، ئەوانەیە لەم شێوازەدا رووبەڕووی گرفت ببنەوە. پێشتر ئەوەمان گوت کە نووسینی وەڵامێکی شیکردنەوەی شیعر، کارێکی زۆر ئاسانە. هەڵبەت بۆماموستایانی ئەدەب زۆر ئاسانە. چونکە ئەوان لەگوتنەوەی وانەی شیعردا، ئەزموونێکی زۆریان هەیە. بەلام بۆ کەسێك زۆر شیعری نەخوێندوتەوە، لەوانەیە شیکردنەوەو لێکدانەوەی وردەکارییەکانی شیعر کارێکی ئاسان نەبێ. کەسانی تازە خوێنەر ماوەیەکی زۆر لەوشەکانی شیعر رادەمێنن، بێ ئەوەی بیرۆکەیەك لەبارەی شیعرەکەوە بەزەینیاندا تێپەڕێ. ئەگەر بۆ دەرهێنانی بابەتێك لەناو وردەکارییەکانی شیعر، ئەوەندە باوەڕتان بە توانای خۆتان بێ، بەئاسانی دەتوانن هەنگاوی تر بنێن‌و دەتوانن پەیوەندییەك لەنێوان وردەکارییەکانی شیعرەکەو تێگەیشتنە گشتییەکەتان لەبارەی شیعرەکە بدۆزنەوە.

هەڵبەت بۆ گەیشتن بەم قۆناغە، رێگا چارەیەکی دەست بەجێ لەگۆڕێ دا نییە. بەلام کاری چاك، لەزۆر کارکردنەوە پەیدا دەبێ. چەند زۆر تر خەریکی لێکدانەوەی شیعر بن، کارکردنتان سادەتر دەبێ‌و ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەهێنن. هەڵبەت ئەو شێوازانەی ئێمە پێشنیاری دەکەین، یارمەتیتان دەدەن بۆ ئەوەی هەنگاوی راست بنێن. بەلام بەناچاری قۆناغی واتان لەبەردەم دایە کەهەرچەند گوشار دەخەنە سەر مێشکتان، هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە. سەربار، رەخنەی پراکتیکی راهێنانێکی باشە بۆ ئێوە. بەمە، مەبەستی ئێمە ئەوەیە تەئکیدێکی زۆرتر لە ناوەرۆکی ئەم بەشە بکەینەوە. واتە بیرتان بخەینەوە چۆن لەوردەکارییەکانی شیعر بکۆڵنەوەو چۆن بەهۆی ئەو وردەکارییانەوە بابەتی سەرەکی شیعر دەردەخەن.

# بەشی شەشەم

## چەند پرسیارێك

ئەم بەشەدا کو دەبێ بڵێین کۆمەڵە بابەتێکی جۆراوجۆرە، پرسیار گەلێکی هەمە جۆر لەبارەی راهێنانی رەخنەی پراکتیکی دەخرێتە روو. ئەم پرسیارانە بریتین لەرێنوێنی سەرەکی، پوختەی بابەتی پێشوو، و شتێی ورد کە لەوانەیە بۆ رەخنەی پراکتیکی بەکەڵك بن، بەڵام جێگایان لەبەشەکانی تردا نییە. هەڵبەت ئەم بەشە زۆر تایبەتمەند نییە. لەگەڵ هەندێش، ئاماژەیەك بۆ ئەو زاراوە تەکنیکیانە کراوە کە لە رەخنەی شیعردا بەکاردێن. ئەگەر ئەو زاراوانە بەباشی بەکار بهێنن، دەتوانن وەڵامێکی باشتری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بدەنەوە. لەم بەشەدا چەند راسپاردەیەك هەن کەیارمەتیتان دەدەن، شیکردنەوەیەکی گونجاوتر بۆ شیعر بکەن.

## ١- خراپترین هەڵە کە لەوانەیە بیکەن، چییە؟

ڕەخنەی پراکتیکی ڕاهێنانێکە تیایدا ئێوە خەریکی شیکردنەوەی شیعر دەبن و وڵامێک بە پرسیاری تاقیکردنەوەی ڕەخنەی شیعر دەدەنەوە. دەبێ بەتەواوی سەرنج بدەنە وشەکانی شیعرو چوارچێوەی گوتارەکەتان بەپێی ئەو وشانە بخولقێنن. کەسانی واش هەن هەرگیز لەم خاڵە سەرەکییانە ناگەن. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەوان شیعرێك لەبارەی کۆڵێتێکی گوندەکی بخوێننەوە. ئەوجا دەست بکەن بەگێڕانەوەی چیرۆکی بێ ناوەرۆك لەبارەی پشوو لەگوندان، ڕابواردنی ئەو پشووەی بۆ ئەوان خۆشی بووەو شیعرەکەشیان پێ خۆش بووە، چونکە بیرەوەرییەکانیان بیردەخاتەوە... هەرگیز نەکەونە ناو داوی ئەم جۆرە ڕەفتارانەوە. ئەو کەسەی دەفتەری تاقیکردنەوەکەتان تەماشادەکا، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی شەخسیتانەوە نییە. ئەو دەیەوێ ئێوە شیعر شی بکەنەوە، نەك شتێکی لاوەکی بنووسن.

## ٢- دووەمین هەڵەی گەورەتان لەڕەخنەی پراکتیکیدا چییە؟

چیرۆك گێڕانەوە! خوێندکاران لەوکاتەوە کەتەمەنیان یازدە ساڵ بووە، واتە ئەو دەمەی لەناوەندی دەیانخوێند، ناچار بوون ڕەخنەی کتێب بنووسن. زۆرتر، منداڵان چیرۆکێك دەگێڕنەوەو لەکۆتاییدا دەڵێن: (چیرۆکێکی چەند خۆش بوو، هاوتەمەنەکانی خۆم رادەسپێرم بیخوێننەوە). هەڵبەت ئەگەر تەمەنتان یازدە ساڵ بێ، هیچ گرفتێکی تێدا نییە. بەڵام لەبارەی ڕەخنەی پراکتیکی خوێندنی زانکۆ، چاوەڕوانییەکی زۆرتان لێ دەکرێ. ئێوە ناتوانن زۆربەی کاتەکەتان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی شیعر تەرخان بکەن. پوختەی شیعر لەگەڵ شیکردنەوەی شیعر لێك جودان.

## ٣- سێیەمین هەڵەی گەورەی خوێندکارانی رەخنەی پراکتیکی چییە؟

گەلێ خوێندکار لەکاتی تاقیکردنەوەدا زۆرترین قەبارەی وەڵامەکەیان بۆ ناوەرۆکی شیعر تەرخان دەکەن، بەبێ ئەوەی لەپەرەگرافێکی تردا لەبارەی تایبەتمەندییە زانستییەکانی شیعر بکۆڵنەوە. ئەم شێوازی وەڵام دانەوەیە زۆر لاوازەو کاریگەری نییە. چونکە ناوەرۆکی شیعرەکەو شێوازی گیان وەبەرنانی ناوەرۆکەکەی، بەشێوەیەکی لێك جودا لێیان کۆڵراوەتەوە. باشترین شێوە، ئەوەیە کەچیرۆکی شیعر لەپەرەگرافی یەکەمدا بخەنەروو، و پاشماوەی گوتارەکەتان تەرخان بکەن بۆ شیکردنەوەی هەڵبژاردنێك کەشاعیر بۆ دەربڕینی چیرۆکەکە، بەکاری هێناوە. واتە دەری بخەن کە وشە بەکارهاتووەکان بەچ شێوەیەك ناوەرۆکی شیعرەکە، زیندوو دەکەنەوە. هاوشانی لێکۆڵینەوەی لە شێوازی دەربڕینی شیعر، تێگەیشتنی گشتی خۆتان لەبارەی ناوەرۆك بخەنە روو. ئەو هەڵەیەی هەندێ خوێندکار دەیکەن ئەوەیە پەرەگرافێك بەتایبەتی بۆ دەربڕینی وێنەی زەینی شیعر تەرخان دەکەنو پەرەگرافێکیش بۆ فۆرمی شیعرو هەر بەم شێوەیە. ئەم شێوازە زۆر کاریگەر نییەو زۆریش زەحمەتە. ئەوان بەم شێوەیە ناتوانن لەگەڵ خوێندکاران بەدرێژایی خوێندنەوەی برگەکانی یەك لەدوای یەکی شیعرەکە، بگەنە شێوازی خولقاندنی کاریگەریی شیعر.

## ٤- لەکاتی شیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکدا دەبێ چ بکرێ؟

شیکردنەوەی باش ئەوەیە کە رەوتی لێکۆڵینەوەی شیعر دابهێنێتەوە. ئێوە شیعرەکە وەك یەکەیەکی گشتی دەخوێننەوەو بیرۆکەی تایبەتی لەزەینتاندا چەکەرەدەکا. کاتێ وردتر دەخوێننەوە، ئەم بیرۆکانە فراوانتر دەبنو لەوانەیە ئاراستەکانیشیان بگۆڕێ. کاتێ لەخوێندنەوەی شیعردا قووڵتر دەبنەوە سەرنجتان لەسەر وردەکارییەکان چڕ دەکەنەوە، تێگەیشتنتان لەشیعرەکە زۆر دەبێ.

لەکۆتاییدا، سەرنجتان بۆ وردەکاریی شیعر لەگەڵ کۆبەندی تێگەیشتن، ئەم بوارە دەخولقێنێ تا تێگەیشتنێکی گونجاوتان لەشیعرەکە وەك یەکەیەکی گشتی هەبێ.

## ٥- ئایا لەم بوارەدا، چ جیاوازییەك لەنێوان شیکردنەوەی شیعرو نووسینی گوتارێکی رەخنەیی دا هەیە؟

نە! بەهیچ شێوەیەك، هەڵەی زۆربەی خوێندکاران لەکاتی تاقیکردنەوەدا ئەمەیە. ئەم خوێندکارانە ئاگایان لەوە نییە کە لەتاقیکردنەوەی رەخنەی پراکتیکدا، وەك تاقیکردنەوەکانی تری زانکۆ، داوایان لێ دەکەن گوتارێك بنووسن. گوتار بەم شێوەیە پێناسە دەکەین: لێکۆڵینەوەیەکی روون کە دەبێ لەسەر بنچینەی بەڵگەکانی دەق، دروست بکرێ. (لەبەشی داهاتوودا، زۆرتری لێدەکۆڵینەوە). بەلاَم گرنگترین خاڵ، ئەوەیە بتوانن چوارچێوەیەکی راست دروست بکەنو بەپەرەگرافی گونجاو و پەیوەست بەرەوپێشەوە ببەن. گەلێ خوێندکاری رەخنەی پراکتیکی، تەنیا بەنووسینەوەی ئەو خالاَنەی لەدەقەکەدا دەست نیشان کراون، وازدەهێنن. گوتار نووسین گەلێ لەدەرکی بابەتی لیست ئاسا، فراوانترە. بۆ خۆشبەختی، ئەم بابەتە کەبەزۆری شیعر بەسێ یان چوار کۆپلە دەنووسرێن، دەبێتە هۆی ئەوەی نموونەیەکی پێشتر ئامادەکراوتان لەبەردەم دابێ. سەرباری پەرەگرافێکی پێشەکیو پەرەگرافێکی ئەنجام، بۆ هەر کۆپلەیەك پەرەگرافێك تەرخان بکەن. ئەگەر شیعرێك بەشێوەی کۆپلەی وەك یەك دابەش نەکرابێ، ناچارن خۆتان شیعرەکە بکەنە سێ یان چوار بەش. ئەگەر ئەو شیعرە زۆر درێژ بێ، نابێ شیعرەکە بەش بەش بکەنو بەجودا لێیان بکۆڵنەوە. باشترین شێواز ئەوەیە گشت شیعرەکە بکەنە چواربەشو لەهەر بەشێك تەنیا چەند نموونەیەك لەوردەکارییەکانی هەڵبژێرن. لەچەند دیمەنێکی وردەکارییەکانی بکۆڵنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەری گوتار قەناعەت بکا کەئەتەواوی شیعرەکەتان کۆڵیوەتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەوڵبدەن لەگشت شیعرەکەبەسەر پێی بکۆڵنەوە، ئەو بیرە لای خوێنەر جێ دەهێڵێ کە ئێوە تەنیا بەخێرایی بەلای شیعرەکەدا تێپەریون.

## ٦ - لێکۆڵینەوەی لەسەروا، دەبێ لەچ بەشێکی گوتارەکەتاندا جێ بکرێتەوە؟

ئەم پرسیارە دەکەین چونکە چەند ساڵ لەدەفتەری تاقیکردنەوەدا بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن: (ئەم شیعرە فۆرمی ئەم سەروایەی خوارەوەی بەکار هێناوە)......ababcdcdef ئەم دەست پێکە بۆ وەلامی پرسیارێکی تاقیکردنەوە زۆر نەگونجاوو چەند بارەیە. سەربار، بۆچی دەبێ کاتی خۆمان بۆ وەسف کردنی فۆرمی سەروای شیعر بەفیڕۆ بدەین؟ لەراستیدا، شتێکی شاردراوە لەفۆرمی سەروای شیعردا نییە. چونکە شاعیر سود لەفۆرمی تایبەتی سەروا وەردەگرێ تاشیعرەکە زیندوو بکا. بەلاّم ئێوە دەبێ گوتارەکەتان بە بابەتی شیعر (دەست پێ بکەن). لە قۆناغی دواتری وەلاّمەکەتاندا دەتوانن ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بکەن کە شاعیر بەچ شێوەیەك سەروای بۆ خولقاندنی واتای شیعر بەکارهێناوە. ئێمە هەرگیز سودێك لەنووسینەوەی خشتەی سەروادا نابینین.

## ٧- ئەگەر بزانین ئەو شیعرەی لێیدەکۆڵینەوە بەکێشی ئەیامبی (Iambic Pentameter) نووسراوە، دەبێ چی بکەین؟

هەندێ خوێندکار شارەزای کێشی شیعرن. هەڵبەت ئەم شارەزاییە زۆر بە کەڵکە. بەلاّم بەکارهێنانی لەوەلاّمی تاقیکردنەوەدا، پێویستی بەوردی هەیە. دەبێ لەم بوارەدا زۆر وردبن تا دیدی ئێوە بسەلمێنێ‌و بتوانن وردەکارییەکانی باس بکەن. تەنیا هەر ئەوەندە بەس نییە بنووسن ئەم شیعرە بەکێشی (ئەیامبی پێنج برگەیی) نووسراوە. ئەوەی لەوەلاّمەکەتاندا دەبێ دەرکەوێ، روونکردنەوەی ئەو کاریگەرییەیە کە ئەم کێشە تایبەتییە لە خولقاندنی واتای شیعردا هەیبووە.

## ٨- لەم شیعرەدا چ گریمانەیەك خراوەتە روو؟

شیعر دیاردەیەکی سەیرەو لەگەڵ یەکێك لەلایەنەکانی ژیان پەیوەندی هەیە. بەلاّم سرنج راکێش ئەوەیە شاعیر بڕیاری داوە ژیان لەچوار چێوەی تایبەتی شیعردا بەرجەستە بکا. بۆیە ئەوەی لەناوەڕۆکی شیعردا شاردراوەتەوە،

ناکۆکییەکە لەنێوان بێ سنووریی ژیانو چوارچێوەی دیاریکراوی فۆڕمی شیعر. ئەم راستییە بوارمان پێدەدا وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوە لەبارەی هەر شیعرێك بە لەبەرچاو گرتنی جۆرە ناکۆکییەکی دەروونی، دەست پێ بکەین. هەست کردن بەم ناکۆکییە بەبێ جیاوازی دەبێتە هۆی ئەوەی کەهەم پێگەو بنچینەی گوتارەکەتان بچەسپێو هەم چوار چێوەی شیکردنەوەکەشتان، دیاربێ.

## ٩- ئایا بەشی کۆتایی شیعر دەتوانێ رێگا چارەی کۆتاییتان پێ نیشان بدا؟

هەمیشە کۆمیدییەکانی شکسپیر بەزەماوەندی کەسایەتییە سەرەکییەکان کۆتاییان دێ. زەماوەند رێگا چارەیەکە بۆ گرفتی شیعر. هەڵبەت بەدرێژایی شیعرەکە رووبەڕووی گەلێ ناکۆکیو دژایەتی دەبینەوە. بەلاّم لەکۆتاییدا کەسایەتییە سەرەکییەکان لەچوارچێوەی یاسای کۆمەلاّیەتی زەماوەندا یەکدەگرن. هەندێ لەشاعیرانی تریش، شیعرەکانی خۆیان هەر بەم جوانییە تەواو دەکەن. بۆ نموونە لەهەندێ شیعری (جۆرج هیربەرت ١٦٣٣-١٥٩٣)دا، شاعیر خۆی لەگفتو گۆ لەگەڵ خودا، دەستەو یەخە دەکا، بەلاّم لەکۆتایی شیعرەکەدا خولقێنەری شاعیر لەگەڵیدا دەدوێو کارەکە بەناشتەوایی کۆتایی دێ. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی شیعرەکان بەم سادەییە تەواو نابن. شێوازی باو ئەوەیە شاعیر بە خولقاندنی ناکۆکییەك، بەدرێژایی شیعرەکە باسی لێوە دەکاو لە کۆتاییدا ناکۆکییەکە بەرەو لایەکی تر دەبا. بەلاّم بەردەوام شاعیر مەبەستی ئەوە نییە لەکۆتایی شیعرەکەدا مەسەلەکان پێکەوە ( ببەستێتەوە). بۆ نموونە، ئەگەر لەشیعرێك بکۆڵینەوە کە مردنی منداڵێك وێنا دەکا، وەلاّمێکی روون بۆ بەشی کۆتایی شیعرەکە ئامادە نییە. بەڵکو ئامانجی شیعرەکە ئەوەیە ماهیەتی سەیری مردنو لەدەست چوونی خۆشەویستان نیشان بدا. لەبەرئەوە، لەوانەیە لەکۆتایی شیعرەکەدا پێش ئەوەی بگەینە ئارامی یەك، پەشۆکانێکمان تووش بێ.

## ١٠- چۆن دەتوانرێ غەزەلێك بەبەرهەمێكی هونەری گرنگ لەقەڵەم بدرێ؟

لە ئینگلیزیدا، سێ جۆرە شیعر هەن. شیعری لیریكی، شیعری داستانو شیعری درامی. شیعری درامی دیالۆگی دوورو درێژی تێدایە كە نموونەیان دەتوانرێ لەشانۆییەكانی شكسپیردا ببینرێ. (براونینگ ١٨٨٩-١٨١٢) ئاماژە بۆ مۆنۆلۆگی درامی دەكا، واتە ئەو شیعرانەی تیایدا یەك كەسی خەیاڵی لەگەڵ كەسانی خەیاڵی دەدوێ. شیعری داستانی، دەتوانرێ بەروونی وەسف بكرێن. واتە ئەو شیعرانەی رووداوێك یان داستانێك دەگێرنەوە. ( بەهەشتی ونبووی میلتۆن ١٦٠٨-١٦٧٤، نموونەیەكە لەشیعری داستانی). ئەوانی تر، واتە جۆرەكانی تری شیعر) بێجگە لەچەند نموونەیەكی سەرپەڕ وەك گوتاری ئاكاری بەرهەمی ئەلیكسەندەر پۆپ ١٦٨٨-١٧٤٤، دەكرێ بەشیعری لیریكی لەقەڵەم بدرێن، ئەوەی لەزاراوەی لیریكی (غەزەل) دەردەكەوێ، بریتییە لەشیعرێكی تارادەیەك كورت كە بیر یان هەستی كەسێكی تایبەتی دەردەبرێ. یەكێك لەباوترین جۆرەكانی شیعری لیریكی سانت یان (غەزەلە): شیعرێك كە بریتییە لە ١٤ دێرو قالبێكی تایبەت بەخۆی هەیە. زۆربەی غەزەلەكان، بەتایبەتی غەزەلی خوولی رێنێسانس، باس لەعیشق دەكەن. لەوانەیە ئەو پرسیارە بكرێ كەچۆن شیعرێكی كورت لەقالبێكی كۆنو بابەتێكی باوو چەند بارە دەتوانێ ئەوەندە مایەی سرنج بێ؟ خاڵی سرنج راكێش ئەمەیە ئەگەرچی شاعیر رووداوێك یان ئەزموونێكی دیاریكراو دەردەبرێ، بابەتگەلی گرنگتر بەشێوەیەكی ناراستەخۆ لەشیعرەكەی دا دەخاتە روو. شیعر شێوەیەكی پوختەكراوی دەربڕی هەستەكانە كە لە ئەزمونێكی دیاریكراوەوە سەرچاوە دەگرێو مەسەلەی وەك ئەشقو ژیانو مردنی تیایدا باس دەكرێ.

## ١١- بۆچی ئەو هەموو شیعرە لەبارەی عیشقەوە گوتراوە؟

تا سەدەی حەڤدەو هەتا لەخودی سەدەی حەڤدەشدا، مەسەلەی ئایین بابەتی سەرەكی شیعر بوو. ئەگەر شاعیرێك باسی مەسەلەیەكی وەك مردنی

بکردایە، هەمیشە وەڵامی ئەشق بەخودا پەیوەست دەبب. کاتێ لەکۆتایی سەدەی حەڤدەدا ئەدەب رووی کردە ئەزموونی تری ژیانو رووی لەئاین وەرگێرا، ئەشق بووە بابەتی سەرەکی شیعر. یەکێك لەشتە سەرنج راکێشەکانی ئەشق، ناکۆکییەکانی ناویەتی. واتە هەر ئەو ناکۆکییە ئاشکرایەی ژیان لەنێوان پیاو و ژن کەبریتییە لەئەزموونی ئەشق. هەرچەندە، درزی کۆمەڵایەتی نێوان ژنو پیاو لەکۆمەڵی ئێستادا کەمتر بۆتەوە، زۆربەی شیعری لیریك لەلایەن پیاوانەوە گوتراوە. لەم شیعرانەدا ژن ناوەندی سەرنجو ستایش بووە. هەڵبەت زۆر جار بەشێوەیەکی خراپ ژن بەکارهێنراوە. ناتوانرێ ئەم پەیوەندییە بەهاوکێشەیەکی هاوسەنگ لەقەڵەم بدرێ. چونکە زۆر جار پیاوەکان وەك شمەكو کەلو پەل دەڕواننە ژنان، یان هەمیشە تەئکید لە جوانی ژن دەکرێ. لەبەرهەندێ، ماهیەتی ناوەوەی شیعری ئەشق بیری هاوناهەنگی نێوان دوو رەگەزە. بەلام ئەو هەستە بەئازارەش هەیە کەپێوەندی نێوان ژنو پیاو لەیەکسانی تەواو بەدوورە.

## ١٢- بۆچی لەبارەی مردن ئەو هەموو شیعرە گوتراوە؟

هەر بابەتێکی تر دەتوانێ زەینی شاعیر بەخۆیەوە خەریك بکا، بەلام لەکۆتاییدا مەسەلەی هەرە گرنگی خەڵکی ئەمەیە: (ئێمە لەدنیایەك دا دەژین کەمردنیش تیایدا پێگەیەکی هەیە). ئەم مەسەلەیە، چەند پرسیارێکمان رووبەڕوو دەکاتەوە. لەخۆمان دەپرسین، لەدنیایەك دا کە تەواو دەبێ، بەهای هەموو ئەو شتانەی هەوڵ بۆ دروست کردنی دەدەین، چییە؟ بۆنموونە، لەشیعرێکی شیوەن دا، واتە شیعرێك کەبابەتە سەرەکییەکەی مردنی دۆستێکە،ـ لەوانەیە ئەم پرسیارە بۆ بێتە گۆڕێ: ئەو هەموو شیعر نووسینە چ سوودێکی هەیە. لەدنیایەك دا کە مردن بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و وێرانکاری دەچێتە ناو هەموو کاروبارەکانی مرڤەوە، بۆچی هەوڵ دەدەین لەژیان دا بگەینە پلەوپێگەیەك. ئاین یەکێکە لەرێگاچارەکانی ئەم پرسیارەی مرۆڤ لەبواری مردندا. بابەتی تری وەك ئەشقو خۆشەویستی مرۆڤ لەتەك ئاین وەك هێزی ئیجابی لەشیعردا بەکارهێنراوە.

## ١٣- بۆچی لەبارەی سروشت ئەو هەموو شیعرە نووسراوە؟

ئەگەر بمانەوێ وەڵامێکی باشی ئەم پرسیارە بدەینەوەو قەناعەتمان پێ بکەن، دەبێ کتێبێکی تر بنووسین.بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ خاڵێک دەکەین. بەڵگەی سەرەکی ئەمەیە سروشت سوورێکی جێگیری هەیە. لەسروشت هەموو شتێك دەمرێ. بەڵام لەبەهاردا سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە. بەم شێوەیە، جوانی تایبەتی لەسروشتدا هەن کەلەسەرچاوەدا خەمبارانە نین. هەرچەندە سروشت مەیلی بەوێرانییە، بەڵام ئەمە کۆتایی هەموو شتێك نییە. بەڵام مرۆڤ دەمرێ‌و ئەگەر شاعیر دیدێکی ئایینی نەبێ هیچ بیرێکی سەرلەنوێ ژیانەوە دادی نادا‌و ئەوە ئایینە کەهەستی گەرانەوەو بەردەوامی ژیان بەمرۆڤ دەبەخشێ. لەبەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی شاعیر باس لەسروشت دەکا، درزێکی گەورە لەنێوان یاسای سروشت‌و یاسای ژیانی مرۆڤ دا هەیە. لێرەدایە ناقارێکی ئایینی ئەم ئائومێدی‌و خەمە لەزەینی شاعیردا پاك دەکاتەوەو بیری ئایینی پێگەیەکی تایبەتی لەشیعردا هەیە.

## ١٤- وێنەی زەینی باو لەگشت شیعرەکاندا، چییە؟

تەقریبەن لەزۆربەی شیعرەکاندا وێنەی روون‌و تاریك دەبینرێ. هەمیشە (روونی) رەمزێکە ئیجابی بارودۆخەو (تاریکی) رەمزێکی مەسەلە گەلی بەئازارن لەشیعردا. باوترین بەکارهێنانی ئەم دوو وێنەیە، دیمەنی پەیوەست بە رۆژ یان شەوە لەشیعردا. ئەگەر لەشیعردا بەدوای رووناکی یان تاریکیدا بگەرێن، دەتوانن بەئاسانی ناکۆکی ناو شیعرەکە ببینن. لەوانەیە پێش ئەوەی بگەنە وێنەی تاریکی‌و روناکی ناو شیعر، ناکۆکییەکەتان دۆزیبێتەوە. لەم بارەدا، باشتر ئەوەیە بۆ سەلماندنی بوونی ناکۆکی، سوود لەو وێنە ناکۆکانە وەربگرن‌و بڵێین شاعیر بەم شێوەیە بابەتی سەرەکی شیعری زیندوو کردۆتەوە.

## ١٥- بایەخی وێنەی ئاو لەشیعردا چییە؟

ئاماژە بەوێنەی زەینی ئاو بەشێوەی جۆراو جۆر لەشیعردا زۆر بەرەواجە. ئەم وێنەیە بەشێوەیەکی جۆراو جۆر دەردەکەوێ، لەدەریایەکی تۆفانییەوە بگرە تا قومە ئاوێکی خواردنەوە. سەرنج راکێشی وێنەی ئاو ئەوەیە دەتوانێ بیری جۆراوجۆر بداتە خوێنەر. بۆ نموونە، تۆفانو شەپۆلو لافاو رەمزی وێرانکاریو وێرانییە. بەلاّم هەر ئاوە دەتوانێ بەشێوەی ئاوی رێو رەسمی (تەعمید) یان قومە ئاوێکی گیانبەخش، باس بکرێ. لە کتێبی پیرۆزدا، چیرۆکی رۆیشتنی عیسای مەسیح بەسەر شەپۆلەکاندا، وێنە گەلێکی شاعیرانە لەشەپۆلو پەرشو بلاّوی نیشان دەدا. بەلاّم لەکۆتایی شیعرەکەدا ئومێدی میلتۆن بە بەکارهێنانی وێنەی ئارمو سەرنج راکێشی شەپۆلەکان دەگەیەنرێتە خوێنەران. لەبەر ئەوەی سەرنج راکێشی وێنە زەینییەکانی ئاو بۆ شاعیر لەم رووداوە دایە کە دەتوانرێ بۆ وێنەی دوو روی دراوێك یان ناکۆکی ناوەوەی شیعر بەکاربهێنرێ. ئێوە دەبێ لەبەکارهێنانی وردەکارییەکانی شیعردا، سوود لەم وێنە زەینیانە وەربگرن تاروونی بکەنەوە شاعیر چۆن بیرەکانی خۆی زیندوو راگرتووە.

## ١٦- ئایا وێنەیەکی زەینی تریش هەیە کە لەوانەیە لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا رووبەرووی بینەوە؟

بەلّێ، وێنەی زەینیی تریش هەن. ئەگەر شاعیر بیەوێ تەنکیدێکی زۆرتر لە کاریگەری شیعر بکا، لەوانەیە ناوی تایبەتی شوێنو کەسەکان بەکاربهێنێ. ئەگەر شاعیر نەیەوێ لەشێوازێکی تایبەتی پێرەوی بکا، شتو مرۆڤەکان هەر بەنەناسراوی دەمێننەوە. ناوو نیشانە دانان دەبنە هۆی ئەوەی یاساو دەستەلاّتێکی تایبەتی کۆنترۆلّی دنیا بکەن. ئەو شتەی دەتوانرێ لەشیعردا پشتی پێببەسترێ، ئەو بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی هۆشیارانەی ناوەکانە. بەواتایەکی تر، ئەگەر جۆرە وێنەیەکی زەینی لەشیعردا بەکاربهێنرێ، بەمسۆگەری وێنەیەکی ناکۆکی ئەویشی بەدوادا دێ. بۆ نموونە، شیعرێك کەئاماژە بۆ شتێکی تەندروست دەکا، دەست بەجێ وێنە گەلێکی نەخۆشیو داماویشی پێشکەش دەکرێ. ئەم

جۆرە سود وەرگرتنە لە وێنە ناکۆکەکان لەشیعردا، شتێکی ئاساییە. چونکە وێنەی زەینی یەکێك لە هونەرە شیعرییەکانە کە بۆ خولقاندنی ناکۆکی لەبەردەستی شاعیر دایە. ئەگەر تایەکی تەرازوو بەوێنەی زەینی دروست دەبێ، دەبێ تایەکی تریش هەبێ. لەبەرئەوە، لەوانەیە بۆ ئێوە سرنج ڕاکێش بێ، تەماشایەکی ئەم وێنە دووانەیەی خوارەوە بکەن: وێنەی شەڕو ئاشتی، بێ دەنگیو هەراوهۆریا، سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئاژاوە، سیستەمی خێزانو شێواوی، نەرمیو ڕەقیو ڕۆژهەڵاتورۆژئاوا. سەربار، ئەو وێنە زەینییانەی پێشتریش ناومان هێنان، بایەخدارن. وەك: ڕوناکیو تاریکی، تەڕیو وشکی سروشتو کۆمەڵ.

## ١٧- ڕۆڵی سەروا لە شیعردا چییە؟

ئەو هونەرە شیعرییانەی لەبەردەستی شاعیر دان دیاریکراون. شاعیر خۆی وشەکان هەڵدەبژێرێ. ئەو دەم تێکیان هەڵدەکێشیو فۆڕمی شیعرەکەی ڕێك دەخا. لەپرسیارەکانی پێشوودا، ئاماژەمان بۆ هەڵبژاردنی وشە لەلایەن شاعیرەوە کردو بەتایبەت تەئکیدمان لەوێنەی زەینی شیعر کردەوە. بەڵام فۆڕمی شیعریش ڕۆڵێکی گرنگی لەدەست نیشان کردنی واتای شیعرو کاریگەرییەکەی هەیە. یەکێك لەلایەنەکانی فۆرمی شیعر، سەرواکەیەتی. دیارترین تایەتمەندی سەروا ئەوەیە زۆرجار قالبێکی تایبەتی هەیە. سەروا ڕێك پێچەوانەی باری بێ سستمییە. چونکە دەتوانرێ بەشێوازێکی ناراستەوخۆ، سستمی ناوەوەی بیرکردنەوە بگوازێتەوە.

## ١٨- مامۆستای ڕەخنەی پراکتیکی شیعر لەوەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا، بەدوای چیدا دەگەڕێ؟

ئەکاتی تەماشاکردنی دەفتەری تاقیکردنەوەدا، مامۆستای ڕەخنەی پراکتیکی بایەخ بەم خاڵانەی خوارەوە دەدا:

ئایا ئێوە لەماناو بایەخی شیعرەکە گەیشتوون.

ئایا توانیوتانە بە باسکردنی وردەکارییەکانی شیعر، ئەوە روون بکەنەوە کەشاعیر بە چ شێوەیەك ناوەڕۆکەکەی زیندوو راگرتووە.

ج- ئایا توانیوتانە وەڵامەکەتان بەشێوەیەك بنوسن کەلەکۆتایدا هەست بەوە بکرێ ئێوە بەراستی ئاوێتەی شیعرەکە بوون.

د- ئایا توانیوتانە شیکردنەوەکەتان بەشێوەیەکی گونجاوو هۆشیارانە دەربڕنو بیرەکەتان پچڕ پچڕ نییە.

ئەگەر هەمو ئەم کارانە بەباشی جێ بەجێ بکەن، بێ گومان لەتاقیکردنەوەدا نمرەی باش وەردەگرن. بەڵام چۆنیەتییەکی دیکەش لەتاقیکردنەوەدا لەلایەن مامۆستاکەتانەوە چاوی لێ دەکرێ. لەراستیدا، رەخنەی پراکتیکی راهێنانێکی جددییە، بەڵام دەتوانێ زیرەکی ئێوەش تاقی بکاتەوە. هەر ئەو کاتەدا، نیشانەی هەستی داهێنانو توانای ئێوەیە لە لێکۆڵینەوەی خەیاڵئەنگێزی شیعردا. لەوانەیە دەرك کردنی ئەم بۆچونە زەحمەت بێ، چونکە ئەم گریمانەیە دروست دەکا کە دەبێ بۆ لێکۆڵینەوەی شیعر، بیر تیژ بێ! نا بەم شێوەیە نییە. لەراستیدا هەر خوێندکارێك بتوانێ زۆرتر لەکەسانی تر باس لە وردەکارییەکانی شیعرەکە بکا، دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆرتر لەمامۆستاکەی بکا. بۆیە، نابێ لە وەڵامەکەتاندا پەلە بکەن. کاتێ چوارچێوەی گوتارەکەتان دەست نیشان کرد، خەریکی هەندێ وردەکاری تر بنو ئەگەر دەتوانن هەوڵ بدەن زۆرتر سرنج بدەنە ناوەرۆکی شیعرەکە. هەروەها بەدوای رێگای تردا بگەڕێن تا بەباسکردنی وردەکارییەکان، رەنگدانەوەی تێگەیشتنتان لە بابەتی شیعر کاریگەرتر بکا. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە داهێنەرانەیە ئەگەر بچێتە ناو گوتارێکی پتەو رێكو پێكو گونجاو، بەراستی دەتوانێ کاریگەری بەسەر مامۆستاکەتانەوە هەبێ.

# بەشی حەوتەم

## نوسینی گوتاری رەخنەی پراکتیکی شیعر

تائێستا لەبارەی رەخنەی شیعر راسپاردەیەکی زۆرمان بەنێوە داوە کەگەلێکیان لەبەرچاوتان بەسوودن. بەلام ژمارەیەکی زۆریشتان ئەوەندەتان بەبایەخ نەبینی کە بەردەوام لەبیرتان بێ. سەربار، گرنگترین خاڵ ئەمەیە: کاتێ لەسەر کورسی تاقیکردنەوە دادەنیشن، دەبێ شیعرێك شی بکەنەوە کەقەت بیرتان لێ نەکردۆتەوە. شتێکی ئاشکرایە ئەگەر لەبواری شیکردنەوەی شیعردا راهێنانتان هەبێ، بۆتان روون دەبێتەوە کەلەو رۆژە چارەنووسازەدا، وەلامی پرسیاری تاقیکردنەوە ئەوەندە زەحمەت نییە. بەلام رێگای راستی راهێنان ئەوەیە بەوردی بزانن لەکاتی نوسینی گوتارێکی رەخنەیی دا دەبێ چ بکرێ‌و مەبەست لەنووسینی گوتارێکی لەم جۆرە چییە؟ لەبەشەکانی پێشتردا، باسی گەلێ شتمان

بۆ کردن، ئێستا بەشێوەیەکی راستەوخۆو دووردرێژ لەهونەرەکانی نووسینی گوتاری رەخنەی پراکتیکی لەتاقیکردنەوەدا دەدوێین. خۆتان سەرپشکن و دەتوانن بەشێك لەراسپاردەکانی ئێمە وەرنەگرن. لەوانەیە بڵێین ئێمە شێوازی باشتر بەکاردێنین. هەڵبەت ئێمە بەخۆشحاڵییەوە ئەوە قبوڵ دەکەین کەهەمیشە بۆ نووسینی گوتارێکی باش، زیاتر لەشێوازێك هەیە. بەڵام تایبەتمەندی شێوازەکەی ئێمە ئەمەیە کەبەکارهێنانێکی بەسوود لەچوارچێوەیەکی گونجاو بارمەتیتان دەدا بۆ ئەوەی گوتارێکی باش بنووسن. بەواتایەکی تر، هەر ئەو فۆرمە دروستەی گوتار، بەشێکی گرنگی کاری گوتارنووسی بۆ ئێوە جێ بەجێ دەکا. کاتێ لەم نموونانەی خوارەوە دەڕوانن، ئەم خاڵەتان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە.

## شیکردنەوەی شیعرێك
## قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەو بیرکردنەوە.

### کەناری دۆڤەر

**ئەم شەو دەریا ئارامە.**
**هەڵکشانی دەریا لەو پەڕی دایە، تریفەی مانگ بەجوانی**
**پاڵی بەدەربەندەکان داوە، لەکەنارەکانی فەرەنسە، روناکییەک**
**هێواش هێواش بزردەبێ، هەڵدێرەکانی کەناری ئینگلیز بەپێوە وەستاون،**
**روناک و فراوان، لەسەر پانایی کەنداودا نیشتەجێیە.**
**وەرە نک پەنجەرە، هەوای ئێوارە زۆر دڵگیرە!**
**تەنیا لەئاست ئەو هێڵە درێژە کەفاوییەی**
**ئەوێ کەدەریا دەگاتە ئەو لمانەی بەتریفەی مانگ سپی بوونەتەوە،**
**گوێ بگرە! دەنگی بەخرۆشی وردکە بەردەکانت گوێ لێیە**

کەشەپۆلەکان لەگەڵ خۆیاندا رایاندەکێشن
و لەکاتی گەڕانەوەدا، جارێکی تر بەسەر کەناری بەرزدا دەبارن،
سەفەری خۆیان دەست پێ دەکەن و رادەوەستن و جارێکی تر
دەست پێ دەکەنەوە،
بەدەنگی هاوسەنگ و ئارام و لەگەڵ خۆیان دێنن
نیشانەی نەمریی خەم.
*** ***

سوفوکلیس چەند ساڵ پێش ئەمە
هەر ئەو ئاوازەی لەدەریای ئیجە بیست، ئاوازێک کە
هەڵکشان و داکشانی پەشۆکاوی رۆژە رەشەکانی مرۆڤایەتی
وەبیر هێناوە، ئێمەش
کەلەسەر ئەم دەریای باکووره دووره چاوەڕوانین
بەو دەنگە بەناو بیردا رودەچین.
*** ***

دەریای باوەڕیش
رۆژگارێک لەوپەڕی رەواج دابوو،
وەک کوریشکەکانی پشتێنێکی درەوشاوە،
دەوری خاکی کەناری دابوو
بەڵام ئێستا من تەنیا
هاواری خەمبارانەو بەردەوام و دوامینم گوێ لێیە
کەلەگەڵ کزەی نەسیمی شەوانە، لەکەنارێکی بەرین و رەشدا
وردکە بەردە رووتەکانی دنیا
بۆ دەریا دەگەڕێتەوە.
*** ***

ئاه ئەی ئەشق، وەرە راستگۆیانە قسەی دڵمان بۆ یەک بکەین
چونکە ئەم دنیایە کەدەڵێی

**وەک ولاتێکی خەیاڵ**
**بەم شێوەیە جۆراو جۆر، جوان، تازە**
**لەبەردەممان دا ئاوەلایە،**
**بەڕاستی نەچالاکییەکی هەیە، نەئەشق و نەرووناکی**
**نەیەقین، نەئارامی، نە دڵنەواییەک بۆ ئازارەکان**
**و ئێمە لێرەدا، دەڵێی لەدەشتێکی رەشدا رێگا دەبڕین**
**و بەزەنگی شەڕو راکردنی سەربازانی بێ ئاگا**
**کە نازانن بۆ شەڕ دەکەن، بۆ ئەم لاو ئەولا رادەکێشرێین.**

*** ماتیو ئارنۆڵد ***

چەند جارێك ئەم شیعرە بخوێننەوە، دڵنیا بن کەبەوردی خوێندووتانەوە. سرنج لەقالبی شیعرەکە بدەن. بەدوای ناکۆکی ناوەوەی شیعرەکەدا بگەڕێن، هەوڵبدەن شتێك لەشێوەی رێکخستنی شیعرەکە بگەن. لەگەڵ خوێندنەوەدا دەتوانن بیر لەژمارەیەك ئالۆزیو رووداو بکەنەوە. لەم قۆناغەدا، واز لە ئالۆزییەکانی کۆتایی شیعرەکە بهێنن. تەنیا بیری خۆتان لەسەر بەشەکانی سەرەتادا چڕ بکەنەوە. ئەگەر بتوانن لەچەند دێرێکی سەرەتادا، ناکۆکی ناوەوەی شیعرەکە بدۆزنەوە، چوارچێوەیەکتان دروست کردووە کە دەتوانن بەو پێیە پاشماوەی وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوە بنیات بنێن.

ئەم شیعرە لەقالبی چوار کۆپلەی بێ رێسادا نووسراوە، باشتر وایە کۆپلەکان لێك جودا بکەنەوە تابزانن هەرکۆپلەیەك لە گوتارەکەتان دا پێویستی بەپەرەگرافێکی سەربەخۆیە. ئەگەر شیعرێك بەکۆپلەی لێکجودا نەنووسرابێ، باشتر وایە دابەش بکرێتە سەر چوار (یان هەندێ جار سێ یان پێنج) بەش. ئەوەتان لەبیر بێ کەشیکردنەوەکەتان لەبارەی شیعرەکە دەبێ زۆر سادەو راشکاوانە بێ. بۆ نموونە، ئەم شیعرە بەوێنەی زەینی ئارامو دڵنیاکەردوە دەست

پیّ دەکا. کەواتە زۆر بەئاسانی دەتوانریّ پێش بینی بکریّ کە زوو هۆکارێک ئەم ئارامییە دەشوێنێ. هەر ئەم ناکۆکییە بۆ دەست پێکردنی گوتارەکەتان بەسە. پێویست ناکا پێش هەمووشتێك، وردەکارییەکان باس بکەنو یان لەقۆناغە جۆراو جۆرەکانی شیعرەکەش بدوێن. ئەم خاڵە وردانەی لەکۆتایی وەڵامی تاقیکردنەوەدا دەردەکەون، ناوەرۆکی شیعرەکە روون دەکەنەوە.

بۆیە، خاڵی دەستپێکی گوتارەشیکەرەوەکەتان بەم شێوەیە:

**ا- شیعرەکە چەند جارێك بخوێنەوە.**

**ب- سرنجێکی ورد بدەنە دێرەکانی سەرەتا، هەڵبدەن ناکۆکی ناوەوەی شیعرەکە بدۆزنەوە.**

**ج- لەسەرەتاوە خۆتان نەخەنە داوی شیکردنەوەی وردەکارییەکان. کاتیّ دەبینن خودی چوارچێوەی گوتارەکە بەرەو وردەکارییەکانتان دەبا، هەست بەرازی بوون دەکەن.**

**د_ چوارچێوەیەك دارێژن کەبتوانن دەقی گوتارەکەتانی لەسەر بنیات بنێن.**

لەواقیعدا، ئەرکی سەرەکی ئێوە ئەوە نییە هەر لەسەرەتای شیکردنەوەکەدا، شانی خۆتان بەباسکردنی وردەکارییەکان قورس بکەن. ئێمە یەکێك لەو کتێبانەی رەخنەی پراکتیکمان شیکردۆتەوە کەلەم کتێبەدا خوێندکاران راسپێردران (سرنج بدەنە وشە دووبارە بۆوەکان- وشە ناکۆکەکان بدۆزنەوە- لەپەیوەندی نێوان سەرەتاو کۆتایی شیعرەکە بگەن- و بیر لەماهیەتی وێنە زەینییەکان بکەنەوە). بەواتایەکی دیکە، داوایان لیّ کراوە هەموو شتێك پێکەوە ببیننو خۆیان بخەنە ناو گلۆڵەیەکی ئالۆزەوە. بەبۆچوونی ئێمە باشترین کار ئەوەیە کەلەدەست پێکی گوتاری رەخنەییدا بەدوای ناکۆکییەکی سادەدا بگەرێنو دواتر ئالۆزییەکانی شیعر بەخوێنەر بناسێنن.

**قۆناغی دووەم: گوتارەکەتان دەست پێ بکەن. پوختەی شیعرەکە بنووسن. تێگەیشتنتان لەبارەی ناکۆکی ناوەوەی شیعرەکە دەربڕن. ناوەرۆکی گشتی گوتارەکەتان ڕێك بخەن.**

یەکەمین پەرەگرافی گوتارەکەتان بە پوختەیەکی شیعرەکە دەست پێ بکەن. هەموو هەوڵەکەتان بخەنە گەڕ تائەو شتانەی لەشیعرەکەدا هاتوون، بکەونە ناوپوختەکەتانەوە. بۆ نموونە، کاتێ ئاماژە بۆ (کەناری دۆڤەر) دەکرێ، لەوانەیە هەندێ خوێندکار هەوڵ بدەن بزانن ناسنامەی شاعیر چییە یان هۆی ئامادە بوونی لەکەناری دۆڤەر چی بووە. هیچ پێویست ناکا بەم شێوازە، داستانێك بۆ ئەودیوی شیعرەکە دروست بکەن. هەر پێویست ناکا پێشبینی بکەن، تەنیا هەر بەوەندە واز بهێنن، تەنیا وەسفی خاڵەکانی بەردەمی خۆتان بکەن. ئەو دەم هەوڵ بدەن تێگەیشتنی خۆتان لەبارەی ناکۆکی ناوەوەی شیعرەکە دەربڕن. لەم قۆناغەدا، سرنج مەدەنە خاڵە ئاڵۆزەکانو تەنیا دەبێ وێنەیەکی مەنتیقی ئاراستەی شیعرەکەتان هەبێ. ئەگەر بتوانن بەهۆی ئەوەی تائێستا نووسیوتانە، بابەتی سەرەکی کە بەشێوەیەکی ئاراستەوخۆ خراوەتە روو، بدۆزنەوە، لەدوا رستەی پەرەگرافەکەدا ئاماژەیەکی بۆ بکەن.

کاتێ لەشیعری ( کەناری دۆڤەر) دەدوێن، هەر ئەم شێوازە بەکاربهێنن. پوختەکەتان دەبێ لەدیمەنی ئارامی سەرەتای شیعرەکەوە دەست پێ بکا کە دەربەندی دۆڤەر نیشان دەدا. بەهەرحاڵ، شاعیر بەوەسفی ( دەنگی شەپۆلە بەخرۆشەکان) درێژە بەبابەتەکەی دەداو ئەم دەنگە بیری خەمبارانە بۆ زەینی شاعیر دەگێڕنەوە. لەکۆپلەی دووەمدا، شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکا (سوفوکلیس)یش ئەو دەنگەی بیستووەو هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بیر لەوێرانییە فراوانەکەی مرۆڤ بکاتەوە. لەکۆپلەی سێیەمدا، شاعیر شەپۆلە بەخرۆشەکانی (دەریای چارەنووس) بەو گەڕانەوە خەمبارانەیەی شەپۆلەکانو لم دەچوێنێ. ئەم ریتمە خەمبارانەیەی شیعر، راستەوخۆ بەرەو کۆپلەی چوارەمان دەبا. لێرەدا شاعیر داوا لەخۆشەویستەکەی دەکا: لەم دنیا ترسناکەدا راستگۆیانە لەگەڵ یەکتر بدوێین. ناکۆکییە ئاشکراکەی شیعر، دەربڕینی هەست کردن

بەناسایش‌و خۆشگوزەرانی‌و بیری ویران بوونی ئەم ئاسایشەیە. شیعرەکە، زۆر لە وەسفێکی موجەرەدی دیمەنێکی وەك کەناری دۆڤەر تێپەڕیوە کەشاعیر بەچاوی خۆی بینیودیەتی. دەتوانرێ بگوترێ، ئەم شیعرە لەبابەتێکی سەرەکی تر کەئاسایش‌و نەبوونی ئاسایشی ژیانە، بەشێوەیەکی گشتی دەدوێ.

## قۆناغی سێیەم: بەوردی لەدەستپێکی شیعرەکە بڕوانن‌و هەوڵ بدەن لەشێوازی زیندوو راگرتنی ناوەرۆك بگەن.

ئێستا پەرەگرافێکی گونجاومان بۆ دەست پێکردنی گوتاری شیکردنەوەکە نووسیوە. ئەم پەرەگرافە یارمەتی چوارچێوەی گوتارەکەی ئێوە دەداو گشت تێگەیشتنەکانی داهاتووی گوتارەکەتان ڕێنوێنی دەکا. ئێستا لەهەست کردن بەئاسایش‌و بێ ئاسایشی گەیشتوون‌و دەزانن کەشاعیر (ماتیو ئارنۆلد) ڕووبەڕووی پرسیارێکی گشتی تر بۆتەوە، کە ئەویش ڕەگی هەستی نائاسایشە لەژیاندا. کەواتە دەبێ لەگوتارەکەتاندا، سەرنج بدەنە ئەم پرسیارە. دڵنیابن یەکەمین پەرەگرافی گوتارەکەتان ئەوەندە روونە، دەتوانێ ببێتە خاڵی دەست پێکردنی گوتارەکەتان. هەڵەیەك کەزۆرجار لەنێو خوێندکارانی ئەدەب دا ڕوودەدا، ئەوەیە گوتارەکەیان بەدوو پەرەگرافی سەرەتایی دەست پێ دەکەن، واتە پەرەگرافی یەکەمیش هەر بۆ بابەتی پەرەگرافی یەکەم تەرخان دەکەن. ئەمە گوتارەکەتان لاواز دەکا. دەبێ هەوڵ بدەن سەرەتایەکی بەمەبەستتان هەبێ، واتە دەبێ پەرەگرافێکی زۆر روون بکەنە سەرەتا تا لەوەوە، بتوانن بەرەو باسەکانی تر هەنگاو بنێن. دەبێ ئەوەشتان لەبەرچاو بێ، کە ئێوە گوتارەکەتان بەهەر زمانێك دەنووسن، دەبێ ڕێساکانی ئەو زمانە لەبەرچاوبگرن. کاتێ ئاماژە بۆ ڕستەیەکی ناو شیعرەکە دەکەن، هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی راست ڕستەکە بگوازنەوە. لەوانەیە ئەم شێوەیە، ئاماژە کردن بۆ وشەکانی دەقێکی ڕەق‌و بێ گیان لەقەڵەم بدرێ، بەڵام ئەگەر بتانەوێ گوتارەکەتان بەشێوەیەکی ڕێك‌و پێك بەرەوپێشەوە بچێ، ئەم جۆرە ئاماژە کردنە بۆ دەقی شیعر پێویستە.

ئێستاکە پەرەگرافی یەکەمتان نووسیووە، دەبێ زەینی خۆتان لەسەر پەرەگرافی دووەم چڕ بکەنەوە. دەبێ لەم پەرەگرافەدا، ئاماژە بۆ بەشێك لە وردەکارییەکانی کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە بکرێ. هەروەك لەبەشی یەکەمی کتێبەکەمان دا روونمان کردەوە، ئەو هەستی ناکۆکییەی دەست نیشانتان کردووە، بوارتان پێ دەدا لە ڕێنوێنی کردنی چۆنیەتی هەڵبژاردنی وردەکارییەکان لەلایەن شاعیرەوە بدوێن و لێی بکۆڵنەوە. هاوکات، لێکۆڵینەوەی لە وردەکارییەکان تێگەیشتنی گشتیتان لەبارەی شیعرەکەوە، تەواو دەکا. لەبارەی شیعری (کەناری دۆڤەر)، لەوانەیە بتانەوێ ئەوە شی بکەنەوە کە چۆن کۆپلەی یەکەم هەستی ئاسایش لە خوێنەردا دەخولقێنێ. ئەم بابەتە تەنیا بەهۆی وێنەی زەینی هەڵبژێردراو نییە، بەڵکو سادەیی و ریتمی دێرەکانی سەرەتاش یارمەتی خولقاندنی ئەم هەستە دەدەن (بەتایبەتیش ئەو هاوکێشەیەی لەوشەی تاکبزوێن دایە). وشەی وەك: (هەڵکشانی دەریا لەو پەڕی دایەو تریفەی جوان)، لێرەدا کاریگەری (ئاشتی و ئارامی و سستم) هەستیان پێ دەکرێ. لەئەدەب دا، دەریا دەتوانێ بیری نائارامی و وێرانی ببەخشێ. بەڵام لەم شیعرەدا، وشەی (ئارام و بێ دەنگ) دەبینین، ئەمەش تێگەیشتنی باو لەبارەی دەریا، لەزەین دەتەرێنێ.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، لەنیوەی کۆپلەی دووەمدا، گرفتێك هەڕەشە لەم ئارامییە دەکا. لێرەدا ئارامییە سەرەتاییەکەی شیعر بە: (دەنگی بەخرۆشی وردکە بەردەکان کە شەپۆلەکان لەگەڵ خۆیان ڕایاندەکێشن)، دەشێوێنێ. ئارنۆلد وشەی (بارین)ی بەکارهێناوە تا جولەی لمەکان وەسف بکا. زاراوەی (سپی بوونەوە لەبەر تریفەی مانگ)یش زۆر جوانە. ئەم دەستەواژەیە، هەستی ئارام بەخشی سەرەتایی، ناگەیەنێ. ئەم پێکهاتەیە، رەنگێکی ساردو هیشك نیشان دەدا. بەم شێوەیە فەزا جێگیرەکەی دیمەنی سەرەتای شیعر بەرەو هەستێکی نامۆ و پەشۆکاو دەڕوا.

لێرەدا دەبینین ئارنۆلد لەکەناری فەرەنسادا گەمە بەڕووناکی دەکا، ڕووناکییەك کە (دەردەکەوێ و بزردەبێ). لەسەرەتادا ئەم وێنەیە جوان دێتەبەرچاو، بەڵام لەم

قۆناغەدا یاری بە رووناکی ناڵۆزتر دەبێ، چونکە روناکی (دوور) جێگیر نییەو خوێنەر هەردەم خۆی لەتاریکیدا دەبینێ.

وەك بینیتان، ئێمە هێشتا لەتەواوی وشەکانی ئەم کۆپلەیەمان نەکۆڵیوەتەوە. هەڵبەت پێویستیش ناکا. ئەگەر لەمەودوا قووڵ ببەنەوە، گوتارەکەتان لاواز دەبێ هەر ئەوەندە بەسە نیشانی بدەن چۆن شاعیر دوو لایەنی ناکۆکی دەرخستووە. بەهەرحاڵ، لەکۆتایی ئەم پەرەگرافەدا، دەبێ بابەتی رابردوو پوختە بکەن. تێگەیشتنمان ئەمەیە ئارنۆلد دەیەوێ دیمەنی (کەناری دۆڤەر) بەئارامیو بەئاسایش نیشان بدا. ئەودەم، ئەم هەستەی ئارامیو ئاسایشە لەناکاو بەرەو پەشۆکانو ناجێگیری دەچێ.

## قۆناغی چوارەم: سرنج بدەنە بەشەکەی تری شیعر، هەوڵ بدەن بەهۆی وردەکارییەکانەوە، شیکردنەوەکەتان رێك بخەن.

پەرەگرافەکانی یەکەمو کۆتایی گوتارێك دەبێ لەچاو پەرەگرافەکانی تر، کورت بن. واتە هەر ئەوەندە بەسە لەپەرەگرافی یەکەمدا شیعرەکە بناسێننو لەپەرەگرافی دوایشدا خاڵە ئیجابییەکان، کۆبکەنەوە. هاوکات، پەرەگرافەکانی ترتان دەبێ تارادەیەك درێژ بن. باشتر وایە پەرەگرافەکانی ناوەڕاست هاوسەنگ بن. ئەم شێوازانە لەپێشکەش کردنی بابەتەکانی گوتارەکەتان، بەکەڵکتان دێن. دەبێ لەکۆتایی هەر پەرەگرافێکدا لەخۆتان بپرسن، بەپێی لێکۆڵینەوەی وردەکارییەکانی شیعر، چ خاڵێکی تازە لەم پەرەگرافەدا هەبوو کەپێشتر ئاماژەمان بۆ نەکردووە؟ دەبێ دڵنیا بن کەهەر پەرەگرافێك دەتانگەیەنێتە خاڵی تازە. بەم شێوەیە گوتارەکەتان هەنگاوێك بۆ پێشەوە دەبەن. ئەو خاڵە سرنج راکێشەی کەهەمیشە دەبێ لەبیرتان بێ ئەوەیە ئەگەر چەند رستەیەك لەشیعرەکە لەکۆتایی هەر پەرەگرافێکدا بنووسنەوە، ئەپێشکەش کردنی بەڵگەکەتان نزیکتر دەبنەوە. بەڵام دەبێ رستەیەکی دیکەش بۆ ئەو پەرەگرافە زیاد بکەن، تابتوانن ئەوەی گوتوتانە کۆبکەنەوەو بگەنە ئەنجامێك. لەوانەیە بڵێن ئەم شێوازە،

شێوازێکی کۆنه. بەلاّم گوتار نوسین دەبێ بەپێی رێسایەك بنووسرێ. دەبێ تێزێکتان لەزەین دا هەبێ تابتوانن ئاماژە بۆ وشەکانی شیعربکەن‌و لەکۆتاییدا، بەو هۆیەوە ئەنجام‌و کۆبەندییەکی باشی لێ هەڵێنجن.

لەبارەی شیعری (کەناری دۆڤەر) بینیمان کەلە کۆتایی پەرەگرافی دووەمدا گەیشتینە جێگایەك: ناکۆکی نێوان ئاسایش‌و نائاسایشمان لەشیعرەکەدا نیشان دا. ئێستا دەتوانین ئاماژە بۆ چەند مەسەلەیەك بکەین کە بونەتە هۆی گۆڕان بەرەو ناجێگیری‌و هەستی پەشۆکان کەشاعیر ئازار دەدەن. دەبێ ئەم بارانە لەناو کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا، پێشکەش بکەین. هەڵبەت ئەم کارە زۆریش ئاسان نییە. ناوەرۆکی کۆپلەی دووەم بەم جۆرەیە:

**سوفوکلیس چەند ساڵ پێش ئەمە**
**هەر ئەو ئاوازەی لەدەریای ئیجە بیست، ئاوازێك کە**
**هەڵکشان‌و داکشانی پەشۆکاوی رۆژە رەشەکانی مرۆڤایەتی**
**وەبیر هێناوە، ئێمەش**
**کەلەسەر ئەم دەریای باکوورە دوورە چاوەڕوانین**
**بەو دەنگە بەناو بیردا رۆ دەچین.**

ئەزموون نیشانی داوین گەلێ خوێندکار بەم کۆپلە شیعرە کاریگەر دەبن. ئەوان نازانن بەڵگەی ئامادەبوونی لەناکاوی سۆفۆکلیس لەشیعرەکەدا چییە، یان سۆفۆکلیس چ پەیوەندییەکی لەگەڵ بابەتەکانی پێشووی گوتارەکەمانەوە هەیە. هەڵبەت ئەگەر لەشیکردنەوەی شیعردا ئەزموونێکتان هەبێ، دۆزینەوەی وەلاّم بۆ ئەم گرفتە زۆر ئاسانە. وردەکارییەکانی شیعر چەند ئاڵۆز تربن، گەڕانەوە بۆ ئەو پرانسیپانەی پێشتر باسمان لێوە کردن، پێویستترە. کاتێ بەم شێوەیە ئاماژە بۆ سۆفۆکلیس دەکرێ، دەبێ لەخۆتان بپرسن ئەم کەسایەتییە زۆرتر وەبیرهێنەرەوەی چییە، ئاسایش یان پەشۆکاوی؟. لەوانەیە ئەم ناوە هەردوو بارەکە نیشان بدا، بەهەر حاڵ، سۆفۆکلیس بەشێکە لەکولتوری جیهانی. بەلاّم، کاتێ ئاشنای کەناری

دۆڤەر بووین، بینیمان کەرووی شیعر بەرەو سۆفۆکلیس زۆر لەناکاو دەقەومیٚو لەدرێژەی ئەم کۆپلەیەدا خوێنەر دەگاتە پانتایەکی فراوانی زەمانو قۆناغە ناپەیوەستەکان. بەلەبەرچاو گرتنی هەست کردن بەرابردووی دوور، هەستی ئاسایشی جێگیری مانگە شەوی (دۆڤەر) بێ بایەخ دێتە بەرچاو. بابەتێکی تری تەکاندەریش کە هەستی پێ دەکرێ، بریتییە لە پشت بەستنی شاعیر بە زانستە پێشکەوتووەکەیو ناشنابوون بەبیروباوەڕەکانی سۆفۆکلیس، لەم دنیا ترسناکەدا. دەڵێن شاعیر پێویستی بە بزوێنەری تایبەتی هەیە، ئەو بزوێنەرانەی وەك ناوو واتای تایبەتی کە فەزایەکی بەناسایشی بۆ دەخولقێنن.

باسکردنی ئەم بابەتانە چ یارمەتیەکمان دەدا بۆ دەرك کردنی شیعر؟ ئێستا دەتوانین ئاماژە بۆ چەند خاڵێك بکەین کەلەپەرەگرافەکەی پێشتر یان بەشەکانی پێشووی گوتارەکەدا، باسمان نەکردوون؟ هەڵبەت تائیرە هەنگاوێکی گرنگمان ناوە. لەبەشەکانی پێشوودا، بیری گۆڕانی لەناکاوو ماهیەتی ناجێگیری ژیانمان خستە ڕوو. لەم بەشەی گوتارەکەشمان دا هەستی گەورەیی ئەم دنیایەمان نیشان داو گوتمان مرۆڤ لەم دنیایەدا چەند بچووکە. لەبەرئەوە، هەنگاوێکی گەورەمان بۆ پێشەوە ناوەو تێگەیشتنی خۆمان لە شیعرەکە فراوان کردووە. بێ گومان ئەم تێگەیشتنە بەهۆی شیکردنەوە سادەکەی ئێمە دروست دەبێ. پەرەگرافی یەکەمان بە تیۆرییەکی سادە دەست پێ کرد. دواتر لەوردەکاریەکانمان کۆڵییەوەو گەیشتینە ئەم ئەنجامە کە هەر خوێنەرێك بەشێوازی تایبەتی خۆی شیعرەکە لێك دەداتەوە.

## قۆناغی پێنجەم: سرنج بدەنە بەشی دواتر، هەوڵ بدەن بەلەبەرچاوگرتنی وردەکارییەکانی شیعر، شیکردنەوەکەتان ڕێك بخەن.

دەریای باوەڕیش
ڕۆژگارێک لەوپەڕی ڕەواج دابوو،
وەک کوریشکەکانی پشتێنێکی درەوشاوە،
دەوری خاکی کەناری دابوو

**بەڵام ئێستا من تەنیا**
**هاواری خەمبارانەو بەردەوامو دوامینم گوێ لێیە**
**کەلەگەڵ کزەی نەسیمی شەوانە، لەکەنارێکی بەرینو رەشدا**
**وردکە بەردە رووتەکانی دنیا**
**بۆ دەریا دەگەڕێتەوە.**

ئەگەر تائێرە، بەباشی دوو کۆپلەکەی ترتان شیکردۆتەوە، ئێستا کاتێکی زۆر باشە بۆ لێك دانەوەی کۆپلەی سێیەم. بەپێچەوانەوە، ئەگەر تائێرە نەتان توانیبێ قۆناغ بەقۆناغو لەپێکهاتی پەرەگرافدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن، بەخوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە دەکەونە ناو کەلێنو پێچو پەناکانی گلۆلەیەکی ئاڵۆزکاو. چونکە هیچ وێنەیەکی زەینیتان لەبەر دەست دانییە بتوانن وردەکارییەکانی ئەم کۆپلەیەی تێدا بگونجێنن. بۆ ئەوەی مەبەستەکەمان باشتر دەربڕین، رێگا بدەن لەدەستەواژەی (دەریای باوەڕ) بکۆڵینەوە. هەندێ خوێندکار مەبەستی (نارنۆلد) لەم دەستە واژە تێناگەن. بۆیە ناتوانن گوتارێکی باش بنووسن.

بۆ ئەوەی باشتر لە دەستەواژەی (دەرایی باوەڕ) بگەین، دەبێ سرنج بدەینە پەرەگرافی پێشوو. دواخاڵ کەلەپەرەگرافی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، ماهیەتی ترسناکی ئەم دنیایە بوو، ئەوەی خەڵکی تا چ رادەیەك پێویستیان بەو هۆکارانە هەیە کە هەستی ئاسایشیان بەدیاری بۆ دێنێ. یەکێك لەم هۆکارنە (دەریای باوەڕ)ە کەمرۆڤ دەتوانێ پەنای بۆ ببا تا بگاتە ئاسایش. بۆیە، ئاین ئەم ئاسایشە دابین دەکا. لەسێ دێری ئەم کۆپلەیەدا، خوێنەر دەبینێ کەچۆن ئاین ئاسایشو ناسایشی گیانی دەخولقێنێ. رەمزی ئاشکرای ئەم مەسەلەیە، (پشتێنی دروشاوە)یە کە سپەرێك بیر دەخاتەوە. ئەم وێنە زەینییە دەکەوێتە بەرانبەر (وردکە بەردە روتەکان)و ناکۆکە لەگەڵیدا. لەلایەك، پارێزگاری (پشتێنی درەوشاوە)و لەلایەکی دیکەشەوە (رووتی وردکە بەردەکان) خۆیان دەردەخەن. ئێستا چ خاڵێکی تازە باس بکەین کە پێشتر ئاماژەمان بۆ نەکردووە؟ خاڵی

روون، بیرۆکەی ئاسایشە کەپەیوەندییەکی ڕاستەخۆ بە باوەڕو ئاسایشی ئایینییەوە هەیە. لەم شیعرەدا (ئارنۆلد) بەجۆرێك لەئایین دەدوێ، وەك بلێی دیاردەیەکی کۆنە. واتە ئەمڕۆ، مرۆڤی ڕۆژئاوا ژیانێکی کراوەو بێ پەناو پاڵپشتی هەیەو ئەدنیایەکی وشکدا دەژی کەهیچ باوەڕێکی نییەو تاك‌و تەنیایەو تەنیا پشت بەخۆی دەبەستێ.

## قۆناغی شەشەم: سرنج بدەن، ئەنجامی شیعر چییە؟

شاعیر ناکۆکییەك دەخاتە ڕوو، ئەوجا پەرەی پێ دەدا. دەتوانرێ پێشبینی بکرێ کەلەباتی ناکۆکییەکی سادە، شاعیر هەر ئەو ناکۆکییە تاکۆتایی شیعرەکە درێژ دەکاتەوە. لەبەرئەوە، دەبێ بڕوانینە دوا کۆپلەی (کەناری دۆڤەر)، تا بزانین ئەو وێنە زەینییانەی ئارنۆلد دەیانخولقێنێ، کامەن‌و چین. هەروەك پێشتر گوتمان باشتر ئەوەیە تەنیا تەئکید لەسەر وشەیەکی هەر کۆپلەیەك بکەین. لەمەڕ ئەم کۆپلەیە، دەمانەوێ ئاماژە بۆ چەند خاڵێك بکەین کە لە وزەی گوتارێك بەدەرن. واتە بلێین، چۆن دەتوانرێ (گەمە) بەدەقێك بکرێ. لێرەدا، خاڵێکی گرنگ دێتە پێشەوە. مامۆستای ئێوە حەزی لێیە بزانێ تا چ ڕادەیەك بەوردی سرنجتان داوەتە وردەکارییەکان‌و ئایا دەتوانن گوتارێکی چڕو پڕ بنووسن؟ ئەگەر بتوانن کەمێك لەمەسەلە ئاساییەکان دوورتر بڕۆن‌و ئەم دوو کارە پێکەوە بکەن، دەتوانن کاریگەری ئیجابی بکەنە سەر مامۆستاکەتان. واتە ئاماژە بەو خاڵانە بکەن کە کەسانی تر، ناتوانن دەرکیان بکەن. هەڵبەت مەبەستی ئێمە تێگەیشتنی گێلانە یان زۆر زیرەکانە نییە، بەڵکو نیشانی بدەن لێکۆڵینەوەیەکی داهێنەرانەی شیعرەکەتان ئەنجام داوە. واتە دەتوانن (گەمە) بە وردەکارییەکانی شیعرو بیرەکانی بکەن. بەتەماشاکردنی دوا کۆپلە، باشتر لەمەبەستی ئێمە تێبگە:

**ئاه ئەی ئەشق، وەرە ڕاستگۆیانە قسەی دڵمان بۆ یەك بکەین**
**چونکە ئەم دنیایە کەدەڵێی**

**وەك ولاتێكی خەیاڵ**
**بەم شێوەیە جۆراو جۆر، جوان، تازە**
**لەبەردەممان دا ئاوەڵایە،**
**بەڕاستی نەچالاكییەكی هەیە، نەئەشق‌و نەڕووناكی**
**نەیەقین، نەئارامی، نە دڵنەواییەك بۆ ئازارەكان**
**و ئێمە لێرەدا، دەڵێی لەدەشتێكی رەشدا رێگا دەبڕین**
**و بەزەنگی شەڕو راكردنی سەربازانی بێ ئاگا**
**كە نازانن بۆ شەڕ دەكەن، بۆ ئەم لاو ئەولا رادەكێشرێین.**

ئەم كۆپلەیە، بەدەستە واژەی (ئاهی ئەشق) دەست پێدەكا. لەسێ كۆپلەی پێشودا (ئارنۆلد) هەستی (دنیایەكی ترسناك)ی خستە روو، و ئەوەی كەخەڵكی چۆن چنگیان لەم دنیایە گیركردووە. بەلاّم لەم كۆپلەیەدا، شاعیر سرنج دەداتە پەیوەندی مرۆڤایەتی. پەیوەندی نێوان دوو تاك لەدنیایەك دا كەهەمومان ئاگامان لەجوودابوونەوەی بەشەكانی هەیە؛ هەستی هاوكاری دەخوڵقێنێ. ئەم واقیعە، لەسەر بنچینەیەكی گەورەتر لەزەمان، دەخولقێ. واتە ئەشق دیاردەیەكە لەم دنیایەدا، كە دەتوانرێ بۆ هەمیشە پشتی پێ ببەسترێ‌و ئەم وێنەیە لە زەمینەیەكی مێژوییدا دەردەكەوێ. كاتێ بیروباوەڕی ئایینی لەدنیادا سڕاوەتەوە، ئەو واتایەی كۆپلەی سێیەم ئاماژەی بۆ دەكا، هەستی لەدەست دانی هێزی زاڵ كەلەسەرووی مرۆڤەوەیە، ئازاری دەدا. لەبەر ئەم هۆیە، مرۆڤ روو لەخۆی دەكا. كەواتە بابەتی (مرۆڤ) دەكەوێتە ناوەندی سرنجی شاعیر. و ئەم بارە لە دوا كۆپلەدا دەبینین. چۆن مرۆڤ دەیەوێ روو لەدنیا وەرگێڕێ‌و بگەڕێتەوە ناو خۆی‌و ماوەی نێوان خۆی‌و دەوروبەری، بپارێزێ.

بەلاّم كاتێ شاعیر داوا لەئەشقی خۆی دەكا (ئەی ئەشق، وەرە راستگۆیانە لەگەڵ یەكتر بدوێین)، لەوانەیە دەربڕی ئەم بابەتە بێ كەشاعیر لەپەیوەندییەكانی لەگەڵ مرۆڤ، دووروویی بینیوە. رەنگە ئەمە سزای مرۆڤ بێ، چونكە باوەڕی ئایینی خۆی لەدەست داوە. بەتایبەتی كاتێ لەچەند دێرێكی

خوارتردا، دەبینین شاعیر ئینکاری بوونی ئەم دەکا. بەم شێوەیە: (ئەم دنیایە... نەچالاکییەکی هەیە، نەئەشق، نە رووناکی). بێ گومان ئینکار کردنی ئەشق لەلایەن شاعیرەوە، لەگەڵ داواکردنی لەخۆشەویستەکەی، ناگونجێ. لەوانەیە ئەم خەیاڵە، بە لەدەست دانی هەر خۆشەویستییەك بێتە زەینی شاعیرەوە. لەراستیدا هەموو ئەم کۆپلەیە، واقیعێکی تاڵ نیشان دەدا ئەویش خەیاڵ رەت دەکاتەوە. رێگای دەرك کردنی ئەم بابەتە، سێ وشەیە: (جۆراوجۆر، زیبا، جوان). ئەم سێ واتا ئیجابییە، بەرانبەر شەش واتای سەلبی دانراوە. لەوانەیە مەبەستی شاعیر ئەمە بێ واتای سیانەی ژێرکەوتووی شەش هۆکاری ترە کە دەسەڵاتێکی دوو بەرانبەریان هەیە.

لەناو ئەم شیعرەدا، ناکۆکییەك لەنێوان بەکارهێنانێکی کاریگەری شوێنە دیاریکراوو ناوەکان، و شوێنە نەناسراوەکانی شوێن‌و کات دەبینرێ. هەستی دیمەنی نالەبار لەکۆتایی شیعرەکەدا، زۆر بەهێزە. فۆرمی ئەم شیعرە ئازادە. درێژی هەر کۆپلەیەك لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازەو بەکارهێنانی جاربەجارەی سەروا، دەرخەری ئەم بابەتەیە کە سستماتیکی لەم رۆژگاردا شتێکی فەرامۆش کراوەو هەستی بێ رێسایە کە دێرەکانی کۆتایی شیعرەکەی کۆنترۆڵ کردووە. ئارنۆلد بەشێوەیەکی لەناکاوو چاوەڕواننەکراو رووودەکاتە وێنەی شەڕ. وێنەیەك کەهیچ پەیوەندییەکی بەوردەکارییەکانی ترەوە نییە. لێرەدا ئاماژە بۆ (دەشتێکی رەش) دەکرێ کەلەگەڵ وێنە روونەکەی سەرەتای شیعرەکەدا، ناکۆکە. گرنگتر لەهەمووان، وێنەی ناکۆك لەدوا خاڵی کۆتایی شیعردا کاریگەری هەیە. دوو گرووپی سەربازی لەدژی یەکتر لەشەڕ دان. گوایە هیچ ئامانجێك یان بەڵگەیەك بۆ شەڕی ئەوان، نییە. دەڵێی هەموو ئامانج‌و رێساو بەرنامەیەك لەناو چووە.

لەنێوە چاوەڕوان ناکرێ، هیچ شتێك لەمانەی لەبارەی دوا کۆپلەی شیعری (کەناری دۆڤەر) باسمان لێوە کرد، بخەنە ناو گوتارەکەتانەوە. بەڵام ئەگەر بتوانن رێگای تازەو نائاسایی بۆ باس کردنی شیعر پەیدا بکەن، ئەم کارە ئەوە دەهێنێ بەدوایدا بچن.

## قۆنــاغی حەفتــەم: تێگەیــشتنەکەتان لــەبارەی شــیعرەکە، کۆبکەنەوە.

تـائێرە، پێـنج پـەرەگرافی گوتارەکـەتان نووسـرا. یـەکێك بـۆ ناسـاندنی شیعرەکەو چوار پەرەگرافەکەی تر بۆ شیکردنەوەی کۆپلـەکان. ئێـستا پێویـستمان بەپەرەگرافێکی ترە تا هەموو بابەتەکانی تێدا کۆبکەینەوە، واتە پوختەی بکەین. لەهەنـدێ کاتـدا، ئـەم پەرەگرافـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەنووسـرێ تـا بتـوانن بابەتەکانی پێشتر پوختە بکەن. بەڵام ئەگـەر شـیکردنەوەکەتان بـە باشـی بـەڕێوە نەچووبێ، لەم پەرەگرافەشدا دەتوانن زۆر قسەی تر بکەن. گوتمان (زۆر قسەی تر)، چونکە شیکردنەوەکەتان بۆتە هۆی ئـەوەی هەنـدێ لایـەنی تـری شـیعرەکەتان بـۆ روون بێتەوە. ئەو لایەنانەی لەسەرەتای نووسینی گوتارەکەدا، هیچ زەمینەیەکیان نەبوو. ئێستا لەلاتان روونـە دەبـێ ئـەوەی زانیوتانـە بیخەنـە ناوگوتارەکەتانـەوە. دەبێ خۆ لەحوکمی سەرپێیی بەدوور بگرن. بۆ نموونـە، ئەگـەر بڵـێن (ئـەم شـیعرە پەسـەند ناکەم) یان (لەو باوەڕەدا نیم ئەم شیعرە ناوەرۆکێکی بایەخداری هـەبێ)، لەتاقیکردنـەوەدا هـیچ نمرەیـەك بەدەسـت نـاهێنن. باشـتر ئەوەیـە گوتارەکـەتان بەگوتنی خاڵێکی گرنگ کۆتایی پـێ بهێـنن و هـەوڵ بـدەن سـرنجی خوێنـەر رووەو تێگەیشتنەکەتان لـەبارەی شـیعرەکە رابکێـشن. ئەگـەر شـیکردنەوەکەتان بـەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو، رێك خرابێ، گەلێ بەڵگەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن کەئاڵۆزییەکانی شیعرەکەی پێ روون دەبنەوە.

# بەشی هەشتەم

## روانینێك بۆ شێوە نوێ‌و هاوچەرخەکانی رەخنەی ئەدەبی

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کرد کەزانینی رەخنەی پراکتیکی کۆتایی رێگا نییە. بەڵکو دەستپێکی چالاکی رەخنەی ئەدەبییە. لەرابردوودا، واتە تادەیەی ١٩٦٠ کاری جددی رەخنەگران تەنیا لەدەوری دەقی ئەدەبی دا دەخولایەوەو گرنگترین لایەنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تەنیا بەوەوە پەیوەست بوو. وادێتە بەرچاو کەسەرچاوەی رەخنەی ئەدەبی، روبەڕووبوونەوەی عاتفی‌و زەینی رەخنەگر لەگەڵ وشەکانی بەرهەمێکی ئەدەبییە. هیچ بابەتێك لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەم پەیوەندییە راستەوخۆیەدا، ئەوەندە مایەی باسکردن نایەتە بەرچاو ( مەسەلەی وەك زەمینەی مێژوویی دەق). لەوانەیە پاشماوەی ئەم شێوەیە هێشتا دەبێتە هۆی

نـەوەی تاقیکردنـەوەی رەخنـەی پراکتیکـی، خوێنـدکاران بترسـێنێ. چـونکە تێگەیشتنی وا هەیە پێی وایە هێزی دەرەکی رەخنەگر کەبەشـێوەیەکی تـەواو بـێ رادەدە، دەکەوێتە بەرپرسیارەوە.

لەبەر ئەوە ئەم باسەمان هێنا گۆڕێ تـا بڵێین لەرەخنـەی ئەدەبیـدا هـیچ خاڵێك ئاڵۆز یان داخـراو نییـە. ئەمـەش یەکێکـە لـەراهێنانی وانەیـەك کـەوەکو هەموو چالاکییەکی فێر بوون، رێساو میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە تا یارمـەتییان بدا بەشێوەیەکی باش و پسپۆڕ کارەکانتان بکەن. ئەم کتێبـە، ئێـوە دەخاتـە سـەر رێگای ئەم رێساو میتۆ دە. ئەگەر پێتان دەڵێین رەخنەی پراکتیکـی کـارێکی زۆر زەحمەت نییە، دەبێ بەراستی باوەڕ بەم قسەیەمان بکەن. ئێوە دەتوانن لەرەخنەی پراکتیکی دا، دەقێکی ئەدەبی بکەنە بنچینەی نیشاندانی توانای زانستی خۆتان و هەر قسەیەکی دیکەشتان هەیە، بیکەن. رەخنـەی ئـەدەبی هـەوڵێکی بایەخـدارە، چـونکە دەبـێ بـەوردی سـرنج بدەنـە ئـەو شـتانەی لەسـەر لاپـەڕەی کاغەزەکانـدا نەخشاون. بەڵام لەوە گرنگتر، هەنگاوی دواترە.

بەدرێـژایی بیسـت سـاڵی رابـردوو، بـیرو شـێوازی نـوێ لـە لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیدا خولقاون. بۆ نموونە، هەرکەسێك کـەبۆ لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی ئینگلیـزی دەچـێتە زانکـۆ، دەسـت بـەجێ رووبـەڕووی زاراوەی وەك بونیادگـەری، دوای بونیادگەری، فۆرم شکێنی، رەخنەی مارکسـتی، رەخنـەی فیمینسـتی، رەخنـەی دەروونی و رەخنەی مێژوویی نوێ دەبێتەوە. خاڵی هاوبەشی هـەموو ئـەم شـێوازانە لەوەدایە کـە گـشتیان شـێوازی لێکدانـەوەو دەرکـی ئـەدەبی بـەوردی دەپـشکنن. سادەترین رێگا ئەوەیە رەخنەی ئـەدەبی لەپەیوەنـدی بەرەخنـەی فیمینسـتی شـی بکەینەوە. ئەمڕۆ، بیروباوەڕی خەڵکی وایە کەلەرابردوودا بەبێ هەڵاوێردن، گشت دەقەکانی ئەدەب لەروانگەی پیاوانەوە لێیان دەکۆڵرایەوە. کەس لەم واقیعە دوودڵ نییە کەلە رابردوودا، زۆربەی شیعری لیریك لەلایەن پیاوانەوە دەگـوتران. ئەمـەش مایەی ئینکار نییـە کـە زۆربـەی شـیعری ئاشـقانەدا ژنـان بـەپێوەرێکی تایبـەت دەناسران. رەخنەی فیمینستی لـە خـاڵێکی دەسـتی پـێ کـردو هـەوڵی دا سـرنجی هەمووان بۆ لای خۆی رابکێشێ. بەڵام دواتر بەرەو قەڵەمڕەوی فراوانتر هـەنگاوی

نـا. لەوانـە، ئـەوەی کەکۆمـەڵ بـەچ شـێوەیەك لەسـەر بنـەمای جیـاوازی رەگـەز ڕێکخـراوە. لەبەرئـەوە، کاریگـەری مـەیلێکی نـوێ وەك بزوتنـەوەی فیمینـستی پێشەکییەکە بـۆ بیرکردنـەوەی نـوێ رووەو قەڵـەمرەوێکی فـراوانتری رووناکبیری‌و سیاسی دەچێ. بەتایبەتی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، بزوتنەوەی فیمینستی، ڕێگـای نـوێی بـیرو لێکۆڵینــەوەی لـەبوارەکانی رووداوەکـانی دەقـی ئـەدەبی دا کردۆتەوە.

لەسەرەتادا، وا نایەتە بەرچاو ئەم بیرکردنـەوە نوێیـە کاریگەرییـەکی زۆری کردبێتە هەوڵەکانی رەخنەی پراکتیکی. بەڵام کاتێ زیاتر ورد دەبنەوە، دەزانن کە رەخنەی پراکتیکـی لەزۆربـەی بوارەکانـدا، دەق لەلایـەنی رای گـشتی کۆمەڵـەوە لێکدەداتەوەو رەنگدانەوەی مەیلی کۆمـەڵ وەردەگـرێ. کـاتێ وەك خوێنـدکارێکی بەشی ئەدەبی ئینگلیزی، روانگەی تیۆری خۆتان دەخەنە روو، هەر زوو تێ دەگەن کەلایەنەکانی تری دەقی ئەدەبیتان بۆ روون بۆتەوە. ئەم خاڵەتان بۆ روون دەبێتەوە کە لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی ناکرێ بەکارێکی یەکلایەنە لەقەڵەم بدرێ. بـەڵکو دەبێ لەودیوی دەقیش بکۆڵرێتەوەو لەگەڵ فـەزای کۆمەڵایـەتی‌و سیاسـی کۆمـەڵ پەیوەست بکرێ. هەڵبەت دەبێ زەمینەی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی دەقیش بـەوررد بخرێتە بەرباس. بەواتایەکی دیکە، شێوازە نوێکانی رەخنەی ئەدەبی، روانگەکەتان بۆ وشەکانی دەقی ئەدەبی، دەخەنەبەر کاریگـەری خۆیـان‌و هەسـت دەکـەن پێتـان خۆشـە شـتی زۆرتـر لـەم بارەیـەوە بنووسـن. پـسپۆرییەکانی رەخنـەی پراکتیکـی بایەخی خۆیان پاراستووە. لەگەڵ هەنـدێش، کـاتێ ئـەم پـسپۆرییانە لـەکار نزیـك دەبنەوە، دەبێ بتـوانن بـیری گـرنگتر بـەهۆی بەڵگەیـەك کـە لـە وردەکارییـەکانی دەقەوە پەیدایان دەکەن، نیشان بدەن.

## زنجیرەی کتێبی نما ١٩٩٩-٢٠١٠

| ژ | ناوی کتێب | نوسەر یانو ەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ | مۆمیای عەرشی سپێدیەك . | ن/ ئیسماعیل کوردە |
| ٢ | گێروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی | و: ئیسماعیل کوردە، نوری بێخاڵی، ردوشت رەشید |
| ٣ | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | ن.و: ئیسماعیل کوردە |
| ٤ | | |
| ٥ | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | و: دیار عەزیز شەریف |
| ٦ | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود |
| ٧ | مۆدێرنەکان | و: ئازاد بەرزنجی |
| ٨ | دەنگو سێبەر | وئازاد سوبحی |
| ٩ | ترسی ژمارەکان | شەهرام ئامق |
| ١٠ | بۆشایی دنیا | ئەبەز گۆران |
| ١١ | سێبەری با | د. موحسن عومەر |
| ١٢ | سەفەری بۆ رۆژهەڵات | و: کەریم دەشتی |
| ١٣ | باخی زەمەنە بەرزەخیەکان | بابان حەمە |
| ١٤ | گەمەیو مردە ماسی | ن: سەلاح عومەر |
| ١٥ | رۆژێك کە تاکو تەنیایە | سەرهەنگ حەمەعەلی |
| ١٦ | فەروخی فەروخزاد | وئسوران ئەقشبەندی |
| ١٧ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | وئیسماعیل کوردە، رێبین رەسول، نوری بێخاڵی |
| ١٨ | | |
| ١٩ | مارتن هایدگەر | و: ئیسماعیل کوردە |
| ٢٠ | سونەت مۆدێرنە پۆست مۆدێرنە | و: راسان موختار |
| ٢١ | دەربارەی عەلمانیەت | بەختیار عەلی، شاهۆ سەعید، هەلکەوت عەبدوڵڵا، توانا ئەحمەد ، جەمال حسێن، ئیسماعیل کوردە |